

# وەرچەرخان
# لە گوتاری دەستەبژێرەوە
# بۆ گوتاری میللی نەتەوەیی



# پێناسەکردنەوەی چەمک و بەها نیشتمانییەکان لەبەر رۆشنایی توراسی شۆڕشەکانی کوردستاندا


«خەڵکانێک هەن توراس پشتگوێ دەخەن، یان بە چاوی سووک سەیری دەکەن و دەیشێوێنن، ئەم خەڵکانە، یان ئەوەیە رابردوو رەتدەکەنەوە و وەک شمەکێکی بێ نرخ نکوڵی لێ دەکەن، یان ئەوەیە دەڵێن باوەڕمان پێی هەیە، بەڵام هێندە بچووکی دەکەنەوە کە دەیخەنە ناو گەنجینەی نەریتەکانەوە و تەنیا لە بۆنەکاندا لەناو قەبر دەریدەهێنن و یادی دەکەنەوە. لە راستیدا توراس شێوازی بوونی نارەسەنی رۆژانەمان پێکناهێنێت، بەڵکو گەڕانەوە بۆ توراس عەزم و ئیرادەمان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی جڵەوی بوونی رەسانەیەتی خۆمان بدۆزینەوە، کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ توراسی خۆمان، ئامادەباشیمان بۆ دروست دەبێت بۆ ئەوەی خۆمان لە کاریگەری ئەوانی دیکە رزگار بکەین. رزگاربوون لە کاریگەری ئەوانی دیکە کە دەیانەوێت ملکەچ بین بۆ قسەکانیان، لە بەرپرسیاریەتی دووربکەوینەوە و پرسەکان بە نهێنی وەربگرین، بەڵام توراس رێنیشاندەرمان دەبێت بۆ ئەوەی ئیرادەی حەسم و بڕیاردانمان هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کائینی رەسەن کە جڵەوی توراس دەگرێتەدەست، ئەو ئیرادە و ئیمکانیەتە بە دیاریکراوی لە توراسەوە هەڵدەهێنجێت. توراس ئەو رێگە و بڕیارانەمان پێشکەش دەکات کە باب و باپیرانمان بونیادیان ناوە و ئەمەش کراوەیە بۆ ئەوەی دووبارەیان بکەینەوە، هەر بۆیە ئەو چارەنووسەی لە توراسەوە دەچنرێتەوە، چارەنووسی گروپێکی باڵا، گەلێکی دێرین و نەوەیەکی هەڵبژاردە دەبێت.»

- مارتن هایدگەر
- کتێبی ئەنتۆلۆجیای سیاسەت لای مارتن هایدگەر
- لە نووسینی بییر بۆردیۆ وەرگیراوە.

**• مەترسییەکانی گوتاری دەستەبژێری ئایدیۆلۆژی لەسەر توراس و چارەنووسی نەتەوە**

کێشەی سەرەکیی گوتاری میللی و نەتەوەیی ئێمە ئەوەیە، بۆشاییەکی گەورە لە نێوان گوتاری ئێستامان و ئەو توراسە شۆڕشگێڕییە هەیە کە باب و باپیرانمان و سەرکردەی شۆڕشەکانی کوردستان بونیادیان ناوە، ئەم بۆشاییە بە ئاشکرا و راشکاوی لە گوتاری سیاسی بەشی هەرە زۆری سیاسەتمەداران و پرۆگرامی حزبە سیاسیەکانی کوردستان هەستی پێدەکرێت، هەر بۆیە کاتێك گوێ لە گوتارەکانیان دەگرین، بە ئاشکرا هەست دەکەین لە بناخەوە ئەو گوتارە سیاسییە بەوجۆرە داڕێژراوە کە زمانی توراس بێدەنگ بکات، یان توراس لە ناو گوتاری سیاسیدا رەنگدانەوەی نەبێت.

فاکتەری سەرەکی لە درووستبوونی ئەو بۆشاییە لە نێوان گوتاری سیاسیی حزبەکان و توراسدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میتۆد و بناخەیەی لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا حزبی سیاسی لە کوردستاندا لەسەر دروستکراوە، راشکاوانەتر ئەو حزبە سیاسییانەی لەماوەی پەنجا ساڵی رابردوو کە هەموویان پاشگری کوردستانیان بەخۆیانەوە ناوە، لەلایەن ئەو دەستەبژێرەی کە حزبەکەیان دامەزراندووە، ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراویان کردووە بە بەدیلی توراس، لەبری ئەوەی بۆ دروستکردنی سیاسەت و بڕیار بگەڕێنەوە



بۆ توراس، گەڕاونەتەوە بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیەتە دیاریکراوەی کە حزبەکەی لەسەر دروستکراوە، ئەو دەستەبژێرەی حزبەکەشیان دروستکردووە، کە بینیویانە لە نێوان گوتاری سیاسیی ئایدیۆلۆژی و واقیعی سیاسیی نەتەوەدا بۆشاییەك دروستبووە، هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە بشارنەوە، نکۆڵی لە رابردوو بە مانای شۆڕشەکانی پێشووتری کوردستان بکەن، یان باسیان کردووە، بەڵام بە ناوی شۆڕشی خێڵەکی و دواکەوتوو، ئەو توراسە شۆڕشگێڕییەیان سووك کردووە، تەنانەت ئەگەر نەشیانتوانیبێت بە ئاشکرا ئەو توراسە ناشیرین بکەن، ئەوا توراسی شۆڕشگێڕیی کوردستانیان بە جۆرێك بچووك کردۆتەوە کە لە ناو رەفەی کتێبخانەکاندا تۆزی لێ نیشتووە و تەنیا لە بۆنەکاندا لەسەر رەفەکان دادەگیرێن و بۆ چەند کاتژمێرێك یادیان دەکەنەوە، لەمەشدا نموونە زۆر زۆرن. سەرنج بدەن چۆن یادی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد و شێخ سەعید و شێخ رەزای نەهری وشێخ عەبدولسەلام و شێخ عوبیدوڵای نەهری و سمکۆ و بارزانیی نەمر و .. هتد، دەکرێنەوە. یادکردنەوەکانیان دروست وەك دەرهێنانی بتێکە لەناو قەبرێکدا، بۆ چەند کاتژمێرێك نمایش دەکرێن و پاشان دەخرێنەوە ناو قەبرەکە و سەری دادەپۆشرێتەوە، بەبێ ئەوەی هەوڵبدرێت ئەو بتە گیانی بەبەردا بکرێتەوە و خۆی قسەمان بۆ بکات و لەو توراسەوە فێربین

**ئەو شێوازەی جەنابی بارزانیی نەمر ڕێبەرایەتی شۆڕشی پێکردووە، هەمان ڕێبازی قازی محەمەد و شێخ مەحمود و شێخ سەعید و شێخ عەبدولسەلام و شێخ عوبیدوڵای نەهری بووە، چۆن لە سەردەمی پێش بارزانیی نەمر، پیاوان و زانایانی ئایینی کوردستان خۆیان بە بەشێک لە شۆڕشەکان زانیوە و ڕۆڵی کاریگەریان لە شۆڕشەکاندا گێڕاوە و حزبی ئیسلامییان بە پێویست نەزانیوە، بە هەمان شێوە لە شۆڕشی ئەیلوول و ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی-دا، بوونی حزبی ئیسلامی بە پێویست نەزانراوە**

**سەرۆک بارزانی بە قەناعەتێکی تەواو بە گەلەکەی خۆی، ئەو قەناعەتەی هەیە کە مافی چارەنووس و ڕاگەیاندنی دەوڵەت دوائامانجی هەر تاکێکی گەلی کوردستانە، بەڵام ئەم ئامانجە پیرۆزە بە دوورکەوتنەوە لە توراسی شۆڕشگێڕی کوردستان وایکردووە کە هەندێک لە بەرپرسیاریەتی دوور بکەنەوە و بە چپە باسی ئەم پرسە پیرۆزە بکەن**

هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبگرین.

لەم ڕاستەوە ئەگەر تێڕوانین و هەستی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو گوتارە سیاسییە ئایدیۆلۆژیا بەرهەمهاتووەی ئێستامان بخوێنینەوە، هەست دەکەین بۆشاییەکی تەواو لە نێوان تێڕوانین و هەستی خەڵك لەگەڵ ئەو گوتارە سیاسییە ئایدیۆلۆژییانە هەیە، ئەو بۆشاییەش بۆشایی نێوان گوتاری دەستەبژێری حزبە سیاسییەکانە لەگەڵ واقیعی سیاسیی ئێستامان کە لە توراسەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی گوتاری سیاسیی ئایدیۆلۆژی دەستەبژێری ناتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، بۆیە گوتاری دەستەبژێری سیاسی نابێتە گوتارێکی میللی و نەتەوەیی و وەك ڕاشکاوانە ڕۆژانە لە گوتاری بەشی زۆری حزبەکانی کورستاندا دەبینرێت، ئەوا دەستەبژێرێك نوێنەرایەتی گوتاری حزبەکان دەکات، ئەم دەستەبژێرەش کە بوونەتە واعیزی سەر شاشەی تیڤییەکان و چالاکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەبینین ژمارەیان زۆر کەمە و ئەوەشی لە دەوری ئەو دەستەبژێرە کۆدەبێتەوە، خەڵکانی گەنج و مێرمنداڵن و هیچیان کەم تا زۆر ئەو قووڵاییە فیکرییەیان نییە کە ئاگاداری ئەو توراسە بن کە باب و باپیرانمان بونیادیان ناوە و ڕێگە و شێوازی زۆرمان پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی ئێستا و ئایندەی خۆمان ببینین و بە هەمان شێوازی ئەوان بڕیارەکان لە ئێستا دووبارە بکەینەوە، ئەوا شوێن ئەو ئایدیۆلۆژیایە دەکەون کە بۆتە بەدیلی توراس، ئەم شوێنەکەوتنەش وەك مارتن هایدگەر دەڵێت: کاتێك جڵەوی توراس دەگرین بۆ درووستکردنی بڕیار، کۆمەڵێکی باڵا، گەلێکی دێرین، نەوەیەکی هەڵبژاردە دروست دەکەینەوە. ئەوا بە هەمان شێوە کاتێك لە توراس دووردەکەوینەوە، یان ناو و ناتۆرە لەسەر توراس فەرزدەکەین، ئەوا کۆمەڵێکی ملکەچ، گەلێکی بێ ئیرادە، نەوەیەکی نامۆ بەرهەم دەهێنێن، وەك ئەو نامۆییەی ئەلبیر کامۆ لە ڕۆمانی (نامۆ) دا، وێنای کردووە.

### ● دووركەوتنەوە لە توراس و بەرهەمهێنانی دروشمی سیاسیی عەنتیکە

لە دوای ساڵی ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە چوارچێوەی پیلانێکی نێودەوڵەتیدا، چەمکێکی تازە لە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستاندا پەیدابوو، ئەویش چەمکی شۆڕشی نوێ بوو، دیارە ئەم چەمکەش داهێنراوی ئەو دەستەبژێرە سیاسییە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٤ لە شۆڕشی ئەیلوول جیابوونەوە و چوونە سەنگەری دژەشۆڕشەوە، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ژێرخانە ئایدیۆلۆژییەی چەمکی (شۆڕشی نوێ)ی لەسەر بەرهەمهاتووە، ئەوا خودی ئەم چەمکە پێمان دەڵێت، پێویستە دابڕانێکی تەواو لەنێوان ساڵی ئێستا (مەبەست ساڵی ١٩٧٦ـە)، لەگەڵ هەموو مێژووی ڕابردووی شۆڕشەکانی کوردستان دروست بکەین، ئەمەش بەو مانایەی ئەو میتۆدەی پێش ١٩٧٦ شۆڕشی پێکراوە، میتۆدێکی کۆنە و دەبێت لەمەودوا ئەو میتۆدە کۆنە فەرامۆش بکرێت و بە میتۆدی نوێ شۆڕشی نوێ بکرێت. بێگومان وشەی (نوێ) کە لە ئەدەبیاتی سەردەمی ڕێنیسانسی ڕۆژئاوا، مۆدێرنەی بۆ بەکار هاتووە، هیگل بە سەردەمی نوێ پێناسەی کردووە، ئەمەش واتە کۆتاییهاتن بە سەردەمی تاریکیی سەدەکانی ناوەڕاست و دەستپێکی زەمەنێکی نوێی پێشکەوتن.

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە ناو ئەو ئەدەبیاتە سیاسییەی تەفسیری شۆڕشی نوێی پێکراوە، دەبینین ئامانج لە شۆڕشی نوێ، داهێنانی وشەی نوێ بووە بۆ سڕینەوە و ناشیرینکردنی شۆڕشی ئەیلوول وەك درێژەپێدەری هەموو شۆڕشەکانی کوردستان، هەر لە شۆڕشی شێخ عوبیدوڵای نەهری تادەگاتە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی و شۆڕشی قازی محەمەد لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا. هەر بۆیە کاتێك داهێنەرانی چەمکی (شۆڕشی نوێ) ئامانجی خۆیان لە سڕینەوە و ناشیرینکردنی شۆڕشی ئەیلوول بچووك کردەوە، ئەوا بە جارێك خۆیان لە توراسی شۆڕشگێڕی و سەرجەم سەرکردەی شۆڕشەکانی کوردستان جیاکردەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك ئامانجی پشتەوەی چەمکێك سڕینەوەی ئەڵقەیەکی درێژەپێدەری شۆڕشەکانی پێش خۆی بێت و کاتێك دەستەبژێرێك دەیەوێت دوایین ئەڵقە بپچڕێنێت و خۆی لێ جیابکاتەوە، ئەوا بە تەواوی لەو توراسە جیادەبێتەوە و ناتوانێت بگەڕێتەوە سەری، ئەمەش ناچاریان دەکات بیر لە بەدیلی ئەو توراسە بکەنەوە، دیارە بۆ دروستکردنی بەو بەدیلەش بۆ توراس لە ساڵانی حەفتاکاندا باشترین بەدیل گەڕانەوە بووە بۆ چەپگەرایی و مارکسیزم، ئەمە لە کاتێکدا حزبە شیوعییەکانی ئەو سەردەمە بە حزبی شیوعی عێراقیشەوە، بوونی حزبێکی مارکسی، یان شیوعی کوردستانییان وەك نەگونجان لەگەڵ ئوممەییەتی شیوعی لێکدەدایەوە، بۆیە بوونی حزبی شیوعی عێراقی لە سەدەی ڕابردوو زۆر مەترسی لە سەر توراسی کوردستانی دروست نەدەکرد، بەڵام لە ژێر ناوی شۆڕشی نوێدا، چەپگەرایی و مارکسیزم بە تەواوەتی جێگەی توراسی گرتەوە، ئەم بەدیلەش

نەوەیەکی دروست کرد کە بەو توراسە نامۆ بێت.

دیارە دروستکردنی بەدیل بۆ توراس، یان دروستکردنی دابڕان لە نێوان توراس و ئێستادا، لە دوای ١٩٧٦ـەوە ژینگەیەکی دروستکرد، کە بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیانی کوردستان هەست بە نامۆ بوون بکەن و هەست بکەن بۆشاییەك لەنێوان ئێستا و ڕابردوو دروست بووە و ئەو گوتارەی دەستەبژێری شۆڕشی نوێ بەرهەمیان هێناوە، لە ناخی ئەواندا جێگەی گوتاری میللی و نەتەوەیی ناگرێتەوە، لەم بۆشاییەدا کە دەستەبژێری شۆڕشی نوێ بۆیان پڕنەدەکرایەوە، هەوڵیاندا ئەم بەدیلەی بۆ توراسیان دروستکردووە، بە زۆر بە سەر خەڵك و حزبەکانی دیکەدا فەرزی بکەن، ئەم فەرزکردنە بووە هۆکاری ئەوەی شەڕی براکوژی و خۆکوژی نێوان کورد و کورد جارێکی دیکە و لە بەرگێکی نویدا دووبارە دەست پێبکاتەوە، ئەمەش نەك تەنیا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەو حیسابەی درێژەپێدەری ئەو توراسە شۆڕگێڕییەی شۆڕشی ئەیلوولە، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە ئەو بەدیلەی توراسیان ڕەتدەکردەوە. تەنانەت لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیش کە ئەوانیش دەگەڕانەوە بۆ مارکسیزم و لینینیزم وەك بەدیلێك بۆ توراسی شۆڕشگێڕیی کوردستان.

بۆیە لەناو ئەو ژینگە سیاسییەدا کە توراسی شۆڕشگێڕی کوردستانی شێواند و بەدیلی بۆ ئەو توراسە درووستکرد، ئیدی ئەو بازنەیە تێکچوو کە توراسی شۆڕشگێڕییە و هەموو لایەنەکان پێکەوە لە ناو ئەو بازنەیە کۆبکاتەوە، وەك چۆن پێش ساڵی ١٩٦٤ هەموو شۆڕشەکان و سەرکردەی شۆڕشەکانی کوردستانی پێکەوە کۆدەکردەوە، بۆیە ئەمە وایکرد کە دەستەبژێری دیکەش بیر لە دروستکردنی بەدیلی توراس بکاتەوە و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو یەکەمین حزبی ئیسلامی کوردستانی دروست بێت، کە ئەویش بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بووە، دیاریشە دامەزرێنەری ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە، یەکێك بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول. لەسەر ئەم پرسە و سەبارەت بەوەی بۆچی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی-دا، بیری لە دامەزراندنی نەکردبۆوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی مامۆستا عەبدولعەزیز لە دانیشتنێکدا پێی گوتین: «من ئەم پرسیارەم لە جەنابی باوکم کردووە، بەڵام ئەو بەو جۆرە وەڵامی دامەوە، ئەو خەباتەی مەلا مستەفا بارزانی دەیکات، حزبێکی ئیسلامیش دروست بکەین، هەر ئەو خەباتە دەکات.»، کە سەرنج لەم وەڵامە بەرزەی مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز بدەین، کە شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی بۆی گێڕاینەوە، ئەوا ڕاشکاوانە هەست دەکەین، ئەو شێوازەی جەنابی بارزانیی نەمر ڕێبەرایەتی شۆڕشی پێکردووە، هەمان ڕێبازی قازی محەمەد و شێخ مەحمود و شێخ سەعید و شێخ عەبدولسەلام و شێخ عوبیدوڵای نەهری بووە، چۆن لە سەردەمی پێش بارزانیی نەمر، پیاوان و زانایانی ئایینی کوردستان خۆیان بە بەشێك لە شۆڕشەکان زانیوە و ڕۆڵی کاریگەریان لە شۆڕشەکاندا گێڕاوە و حزبی ئیسلامییان بە پێویست نەزانیوە، بە هەمان شێوە لە شۆڕشی ئەیلوول و ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی-دا، بوونی حزبی ئیسلامی بە پێویست نەزانراوە، لەمەش گرنگتر محەمەد مەحمود سەواف کە بە پاڵەوانی بڵاوکردنەوەی فیکری ئیخوان لە عێراقدا دادەنرێت و توانیویەتی لە عێراقدا ئەم فیکرە بڵاوبکاتەوە و ئێستاش لە هەولێر مزگەوتی سەواف بە ناوی ئەوەوە ناونراوە، نەیتوانیوە تەنیا یەك شانەی ئیخوانی ئیسلامی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا لە کورستاندا دروست بکات.

کەواتە لە بەدوورکەوتنەوەمان لە توراس، ئەو فیکرە ئیسلامییە کوردییەی کە بە بناخەدانەری فیکری نەتەوەیی کوردی دادەنرێت، هەستی بە زەروورەتی حزبی ئیسلامی لە کوردستان کرد، لەوانەیە لە سەرەتادا دروستبوونی حزبی ئیسلامی بەو نییەتە نەبووبێت، بەدیل بۆ توراسی کوردستان دروست بکات، بەڵام هەر دروستبوونی ئەو ژینگەیەی کە پێویست بوو حزبی ئیسلامی دروست بێت، خۆی لە خۆیدا دەرگاکردنەوە بووە بۆ ئەوەی لایەنی دیکە دەستێوەردان بکەن و زەمینە خۆش بێت بۆ ئەوەی ئیخوان و سەلەفییەت جیگەی توراس لە پڕۆگرامی ئەو حزبە ئیسلامییانەدا بگرێتەوە.

بۆیە لێرەوە ئەگەر سەرنج لە گوتاری حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بدەین، دەبینین ئەوانیش بە شێوەیەك لەو توراسە دوورکەوتنەوە کە باب و باپیرانمان لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستانەوە دروستیان کردووە، وەك ئەوەیە لە ناو مێژووی کوردستاندا زانا و کەڵەپیاوی ئەوتۆمان نەبێت، کە بۆیان بگەڕێنەوە، لەمەش زیاتر کاتێك گوێ لە بانگخوازەکانیان دەگرین، بە ئاشکرا هەست دەکەین بانگمان دەکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ توراسی عەرەبی کە بە ناوی توراسی ئیسلامییەوە بە گەلی کوردستانی دەفرۆشنەوە.

**سەرۆک بارزانی و پارتی تەنیا یادکردنەوەی ئەو توراسە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان نازانن، بەڵکو ئەرکی پارتی و بارزانی لەوە گەورەترە و دەیانەوێت ئەو توراسە جارێکی دیکە زیندوو ببێتەوە، ڕۆحی شادی هەموو سەرکردەی شۆڕشەکانی کوردستان ئامادەبیان هەبێت، کاتێک هەموو هەوڵەکانی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی و بڕیاری بوێری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان چڕدەکاتەوە**

**بڕیاری ڕاگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان زۆر پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێت، هەر بوونی هەبووە و دەیان سەرکردەی شۆڕشەکانی ئەم نەتەوەیە وەک (شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ سەعیدی پیران و قازی محەمەد) لە پێناوی ئەم دروشمە و بڕیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان پەتی سێدارەیان کردۆتە ملیان، بەڵام بۆچی لەم پرسەدا پارتی دیموکراتی کوردستان دەستپێشخەر بووە؟ بێگومان لەبەر ئەوەیە سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕاونەتەوە بۆ ناو ئەو توراسەی کە سەرکردەی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بڕیاریان تێدا دروستکردووە**

**کێشەی سەرەکیی گوتاری میللی و نەتەوەیی ئێمە ئەوەیە، بۆشاییەکی گەورە لە نێوان گوتاری ئێستامان و ئەو تووراسە شۆڕشگێڕییە هەیە کە باب و باپیرانمان و سەرکردەی شۆڕشەکانی کوردستان بونیادیان ناوە، ئەم بۆشاییە بە ئاشکرا و راشکاوی لە گوتاری سیاسی بەشی هەرە زۆری سیاسەتمەداران و پرۆگرامی حزبە سیاسیەکانی کوردستان هەستی پێدەکرێت**

ئـەم هەمـوو نەگبەتـی و پەرتەوازییـە لـە گوتـاری سیاسـیی کوردسـتاندا، لـەو خاڵـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، کـە دەسـتەبژێرێکی سەرلێشـێواو، توراسـی شۆڕشـەکانی کوردسـتانیان کـرد بـە کـۆن، سـەردەمی رۆشـنگەری شۆڕشـەکانی کوردسـتانیان بـە سـەردەمی تاریکـی و خێڵەکـی و کۆنەپەرسـتی بـۆ نەوەیـەك پێناسـەکرد، ئەمـەش وایکـرد نەوەکانـی ئێسـتا بـە گومانـەوە سـەیری تـوراس بکـەن، ئاکامەکەشی ئەوەیە کە ئێسـتا دەیبینـن، ئـەم گوتـاری دەسـتەبژێرە ئایدیۆلۆژییـە بـە جۆرێـك بۆشایی لە نێوان رەفتاری حزبەکان و واقیعی سیاسیی کوردسـتان دروسـتکردووە، گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی بەشـێك لـە هاووڵاتیانـی کوردسـتان بـە گومانـەوە موناقەشـە لەسـەر مافـی چارەنـووس و دەوڵەتـی کوردسـتان دەکـەن، وەك ئـەوەی بپرسـن ئایـا دەوڵەتمـان بۆچییـە؟ مافـی بڕیاردانـی چارەنووسـمان بۆچییـە؟ ئـەم حاڵەتـە لـە حاڵەتـی شـێواوی ژینگـەی سیاسـیی فەڵەسـتین دەچێـت کـە ئیـدوار سـەعید دەڵێـت: کاتێـك بـاس لـە پرسـی فەلەسـتین دەکرێـت، فەڵەسـتینییەکان بەوشـێوە باسـی دەکـەن وەك ئـەوەی بـە گومـان بـن کێشـەیەك هەیـە نـاوی کێشـەی فەڵەسـتینی بێـت.

## ● گەڕانەوە بۆ توراس

### بەرهەمهێنانەوەی ئیرادەی نەتەوە بۆ سەربەخۆیی

گەڕانـەوە بـۆ تـوراس و راماڵینـی ئـەو بەدیلانـەی بـۆ تـوراس دروستکراون، بە ململانێی حزبی و شەڕەدەنوکی نێـوان دەسـتەبژێری حزبـەکان دروسـت نابێـت، بەڵکو بـە فراوانکردنـی بازنـەی گوتـاری دەستەبژێری ئایدیۆلۆژی بـۆ بازنـەی فراوانـی جەمـاوەری دروسـت دەبێـت، بەشـی هـەرە زۆری حزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بەتایبەتـی ئـەو حزبانـەی بەدیلـی ئایدیۆلۆژییـان بـۆ توراسـی شۆڕشـگێڕیی کوردسـتان درووسـتکردووە، ناتوانـن لەناو بازنـەی بچووکـی گوتـاری دەسـتەبژێری ئایدیۆلۆژی حزبەکەیـان بێنـەدەرەوە و بچنـە نێـو بازنـەی فراوانـی جەماوەرییـەوە، بۆیـە لـەم حاڵەتـەدا دەبێـت ئـەو لایەنـە سیاسـییەی خـۆی بـە درێژەپێـدەری توراسـی شۆڕشـگێڕیی کوردسـتان دەزانێـت و ئێسـتا خـۆی بـە تـەواوکاری هەمـان ئـەو دروشـم و خەباتـە دەزانێـت کـە ١٥٠ سـاڵ لەمەوپێـش شـێخ عوبیـدوڵای نەهری بەرزی کردۆتـەوە، ئەوە دەبێت هەنگاوی یەکەم لـە خۆیـەوە دەسـت پێبـکات و ئەرکـی بەرگریکـردن لـە مافـی چارەنـووس و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان، لە بازنـەی بچووکـی گوتـاری دەسـتەبژێری حزبەکەیـەوە فـراوان بـکات و بیکاتـە بازنەیەکـی جەمـاوەری و فـراوان بـۆ ئـەوەی هـەر تاکێکـی کۆمەڵگـەی کوردسـتان بـە مافـی خـۆی بزانێـت بەرگـری لـە مافـی چارەنـووس و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان بـکات.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە تەنیا حزبی سـەرەکی و کاریگـەری کوردسـتانە، هەتـا ئێسـتا بەدیلـی بـۆ ئـەم توراسـە دروسـت نەکـردووە و بـە شـانازییەوە دەگەڕێتـەوە نـاو ئـەم توراسـە و هەمـوو ئەڵقەکانـی شۆڕشـەکانی کوردسـتان پێکـەوە گرێدەداتـەوە، لەمـڕۆ بـەدواوە ئەرکـی سەرشـانی قورسـتر دەبێـت، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە ئەگـەر پێشـتر تەنیـا وەك حـزب گەڕابێتـەوە نـاو ئـەم توراسـە و بڕیارەکانـی پارتـی لـە سـەر بنەمـای ئـەم توراسـە دروسـت کردبێـت، هـەروەك چـۆن ئێسـتا کـە پارتـی لـە گەڕانـەوەی بـۆ ئـەم توراسـە، بۆتـە لایەنـی دەستپێشـخەر لـە پرۆسـەی سـەربەخۆیی و ئەنجامدانـی ریفرانـدۆم و راگەیاندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان و خۆشـبەختانە هەمـوو حزبـە سیاسـییەکان بەوانەشـی دژی سـەربەخۆیین لـە دژی پارتـی ئـەم بڕیـارە، بـە بڕیـار و دەستپێشـخەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەزانـن، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا بڕیـاری



ڕاگەیانـدن و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان زۆر پێش ئـەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دابمەزرێت، هـەر بوونـی هەبـووە و دەیـان سـەرکردەی شۆڕشـەکانی ئـەم نەتەوەیـە وەك ( شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی و شێخ سـەعیدی پیران و قـازی محەمـەد ) لـە پێنـاوی ئـەم دروشـمە و بڕیـاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان پەتـی سـێدارەیان کردۆتـە ملیـان، بـەڵام بۆچـی لـەم پرسـەدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەستپێشـخەر بـووە؟ بێگومـان لەبـەر ئەوەیـە سـەرۆك بارزانـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گەڕاونەتـەوە بـۆ نـاو ئـەو توراسـەی کـە سـەرکردەی هەمـوو شۆڕشـەکانی کوردسـتان بڕیاریـان تێـدا دروسـتکردووە، بۆیـە سـەرۆك بارزانـی و پارتـی تەنیـا یادکردنـەوەی ئـەو توراسـە بـە ئەرکـی سەرشـانی خۆیـان نازانـن، بەڵکـو ئەرکـی پارتـی و بارزانـی لـەوە گەورەتـرە و دەیانەوێت ئـەو توراسـە جارێکی دیکـە زیندوو ببێتـەوە، ڕۆحـی شـادی هەمـوو سـەرکردەی شۆڕشـەکانی کوردسـتان ئامادەییـان هەبێـت، کاتیـك هەمـوو هەوڵەکانـی بـۆ پرۆسـەی سـەربەخۆیی و بڕیـاری بوێـری ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان چڕدەکاتـەوە.

کەواتە لـەم ساتەوە کە بەو ئاراستەیە سەرۆك بارزانـی بڕیـاری داوە، ناکرێـت بـە هـەر نرخێك بێت ئـەم دەرفەتـەی بۆ کوردستان هاتۆتەپێشـەوە لەدەست بدرێت، ئەگـەر بڕیار بێت شـەڕ بکەین، دەبێت تەنیـا لـە پێنـاوی سـەربەخۆیی ئـەو شـەڕە بکەیـن، ئـەوا لێرەوە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە ئـەو لایەنـە سـەرەکییەیە پشتگیری بڕیارەکانـی سـەرۆکی کوردستان دەکات، دەبێـت لـە پشـت سـەرۆکی کوردسـتانەوە کار بـۆ فراوانکردنـی بازنـەی گوتـاری میللـی و نەتەوەیـی کوردسـتان بـکات، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کاتێـك سـەرۆك بارزانـی لەسـەر پرسـی سـەربەخۆیی و چارەنـووس و دەوڵەتـی کوردسـتان ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ گەلەکـەی خـۆی قسـە دەکات، گەلـی کوردسـتان لەنـاو توراسـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتانەوە گوێـی لـە دەنگـی هەمـوو باوکانـی سـەرکردە دەبێت کـە لەمـاوەی ١٥٠ سـاڵی ڕابـردوودا و لـە پێنـاوی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردستاندا گیانـی خۆیـان فیدا کـردووە و بە زەردەخەنـەی ئازادییـەوە چوونەتـە ژێـر پەتـی سـێدارە.

سـەرۆك بارزانـی بـە قەناعەتێکـی تـەواو بـە گەلەکـەی خـۆی، ئـەو قەناعەتـەی هەیـە کـە مافـی چارەنـووس و ڕاگەیاندنـی دەوڵـەت دوائامانجـی هـەر تاکێکی گەلی کوردسـتانە، بـەڵام ئـەم ئامانجە پیـرۆزە بـە دوورکەوتنـەوە لـە توراسـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان وایکـردووە کـە هەندێـك لـە بەرپرسـیاریەتی دوور بکەنـەوە و بـە چپـە باسـی ئـەم پرسـە پیـرۆزە بکـەن.

ئێسـتا کاتـی ئەوەیـە فێربیـن چـۆن بـاب و باپیرانمـان بـۆ پشـتیوانی لـە سـەرکردەی شۆڕشـەکانی ڕابردوومـان بڕیـاری سـەربەخۆییان داوە، ئـەم فێربوونـە دەرگایەکـی گەورەمـان بـۆ دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی ئێمـەش هەمـان بڕیـاری ئـەوان دووبـارە بکەینـەوە، بڕیـاری بوێرانـە و حەسـم و یەکلاکـەرەوە، کـە گەلـی کوردسـتان وەك گەلێکـی دێریـن، کۆمەڵگـەی کوردسـتان وەك کۆمەڵگەیەکـی بـاڵا و نـەوەی داهاتـوو وەك نەوەیەکـی هەڵبـژاردە پێناسـە دەکاتـەوە.

**گەڕانەوە بۆ توراس و ڕاماڵینی ئەو بەدیلانەی بۆ توراس درووستکراون، بە ململانێی حزبی و شەڕەدەنوکی نێوان دەستەبژێری حزبەکان دروست نابێت، بەڵکو بە فراوانکردنی بازنەی گوتاری دەستەبژێری ئایدیۆلۆژی بۆ بازنەی فراوانی جەماوەری دروست دەبێت، بەشی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەو حزبانەی بەدیلی ئایدیۆلۆژییان بۆ توراسی شۆڕشگێڕیی کوردستان دروستکردووە، ناتوانن لەناو بازنەی بچووکی گوتاری دەستەبژێری ئایدیۆلۆژی حزبەکەیان بێنەدەرەوە و بچنە نێو بازنەی فراوانی جەماوەرییەوە**





د.ئاسۆ حەسەنزادە
پسپۆڕ لە یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# وجودی مسعود بارزانی هۆکارێکی بەهێزە بۆ ئەکتیڤبوونی پرسی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکی خێرا و حەتمیدایە، لەناو ئەم بارودۆخەدا کوردستان دەرفەتێکی گەورەی مێژوویی بۆ هاتۆتەپێشەوە و هاوکات سەرۆك بارزانی ڕێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی دەکات و داوای کردووە ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بکرێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش کۆمەڵێك تەحەددی و هەڕەشە ڕووبەڕووی کوردستان بۆتەوە و دەبێت ئامادەباشی بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان بکرێت، لەلایەکی دیکەوە پرسی کورد لەسەر ئاستی هەموو کوردستان جۆرێك لە جووڵە و ئەکتیڤبوون بە خۆیەوە دەبینێت. بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئێستای کوردستان و ناوچەکە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د.ئاسۆ حەسەنزادە پسپۆڕ و تایبەتمەند لە یاسا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان سازکرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

*** ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بارودۆخێکی هەستیار و ئاڵۆز و گۆڕانکاری حەتمیدا تێدەپەڕێت و باس لە دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان دەکرێت. ئایا وەك پسپۆڕێك لە یاسای نێودەوڵەتی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەخوێنێتەوە؟**

- پێش ئەوەی شەڕی تیرۆریستانی داعش دەست پێبکات، لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش-یش، باس لەوە دەکرا نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە هەیە، بەڵام دوای هاتنی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی، ئەم باسە بەرجەستەتر بۆتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەم باسوخواسە بە گەرمی هەیە، من پرۆژەیەکی یەکدەستی هەمەلایەنی جددی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان نابینم، پێموایە پرسی داڕشتنەوەی سنوورەکان کاتێك دەبێتە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی جددی، کە هەموو ناوچەکە لە ژێر یەك دەسەڵاتدا بووبێت و ئەو دەسەڵاتەش لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، دروست وەك هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەر بۆیە پێش ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەبەر یەك هەڵبوەشێت، ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەی نێودەوڵەتی بۆ دابەشکردنی میراتی عوسمانی هەبوو، وەك ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ، یان وەك هەڵوەشانەوەی فیدراسیۆنەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، یان یوگسلافیای پێشوو، بۆیە ئەم دوو فیدراسیۆنەش هەمووی پێکەوە هەڵوەشانەوە و سنوورەکان سەرلەنوێ کێشرانەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەبینین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە و هەموو ناوچەکە لە ژێر دەستی یەك دەسەڵاتدا نییە، هەتا

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاریگەریەکی زۆر گەورەی لەسەر بەنێودەوڵەتی بوونی پرسی کورد هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان هیچ سەرکردەیەکی کورد نییە هێندەی جەنابی مسعود بارزانی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بەهێز بێت**

**ئەو هەڕەشانەی دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دروست دەبن، وەک ئەو هەڕەشانە نابن کە لە سەدەی ڕابردوو لە کورد دەکران، لە سەدەی ڕابردوو ئەگەر کورد هەنگاوێکی وای هەڵبگرتایە، تورکیا و ئێران دەیانتوانی لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان بکەن، بەڵام ئێستا ناتوانن**

**لە وڵاتێکدا دیموکراتی نەبێت، کە بتوانین بە ڕێگەی دیالۆگ و سیاسی باسی مافەکانی خۆمان بکەین، ئەوا ئامادەبوونی کردەیی لە مەیدانەکە تەنیا پێشمەرگەیە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چۆن بۆ باکوور ئامادەباشی پیشانداوە هاوکاری ئاشتییانەی چارەسەری کێشەکەیان بکات، بەهەمان شێوە پێویستە بۆ ڕۆژهەڵاتیش ئەو ئامادەباشییە پیشان بدات**

**لەگەڵ ئەو هەموو گوشارەی خرایە سەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئامادە نەبوو بە پەکەکە بڵێت تیرۆریست، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکە بە سیاسی چارەسەر دەکرێت، ئامادەشن هاوکاری هەردوولا بکەن**

بڵێن هەمووی پێکەوە لەبەریەك هەڵوەشاوە و دەبێت سنوورەکان سەرلەنوێ تەرسیم بکرێنەوە. بۆیە من پێموانییە سنوورەکانی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە بکێشرێتەوە، بەڵام لێرەدا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە توخمی ناو هاوکێشەی هێزی ئەو دەوڵەتانە هەندێکیان بەهێزتر بن و هەندێکیان لاوازتر بن، واتە هاوکێشەیەکی تازەی هێز بێتە ئاراوە، هەر وەك بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەی ڕاستەوخۆ پشتگیری پرۆژەی سەربەخۆیی باشوور ناکات، بەڵام ناچارە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کەیسی کورد لە باشووری کوردستان بکات، بۆیە لەم خاڵەوە دەتوانین بڵێین، جیا لە شەرعییەتی یاسایی کە شەرعییەتی سەروەریی دەوڵەتە، جیا لە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی عەینی و زەینی کە گرنگە لە یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام بە هۆی ئەو مامەڵە جیاوازەی لە گەڵ باشووری کوردستان دەکرێت، ئاراستەی خەباتی باشووری خستۆتە سەر ئەو ڕێچکەی کە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرێت.

*** سەرۆك بارزانی داوای کردووە کە بۆ ریفراندۆم خۆئامادەبکرێت و پێیوایە لەم دەرفەتە باشتر بۆ کورد نایەتە پێشەوە. ئایا تاچەند ئەم هەنگاو و گوتارە نەتەوەییەی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، کاریگەری لە سەر بووژاندنەوەی فیکری نەتەوەیی لە هەر چوارپارچەی کوردستان هەیە؟ لەمەش زیاتر ئایا تاچەند گرنگە ئەم دەرفەتەی بۆمان هاتۆتەپێشەوە لەدەستی نەدەین؟**

- ئەو دەرفەتەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ودەوڵەتی کوردستان ئاماژەی پێدەکات، بەڕاستی دەرفەتێکی گرنگە، خۆزگە ئەم دەرفەتە هەموو کوردستانی بگرتایەتەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم دەرفەتە تەنیا بۆ باشووری کوردستانە، وێڕای ئەمەش دەبووا لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا لەسەر ئاستی هەموو پارچەکان، پرۆژەیەکی نەتەوەیی هەبووایە بۆ ئەوەی لەسەر ئەجینندای نەتەوەیی ڕێکبکەوتینایە، ئەم پرۆژە نەتەوەییەش بەو مانایە نییە کە هەر چوارپارچەی کوردستان بە یەك شێوە خەبات بکەن، لەبەر ئەوەی ماکی دابەشبوون تایبەتمەندی بۆ هەر پارچەیەك دروستکردووە و دەبێت بەپێی هەلومەرجی خۆی خەبات بۆ مافەکانی بکات، بەڵام دەکرا لەسەر ڕەهەندە گشتییەکان ڕێکبکەوتینایە، ئێستاش ئەگەر نییەت هەبێت، دەتوانین ڕێکبکەوین، ئەگەر سەیری باشووری کوردستان بکەین، دەبینین ئەم پارچەیە لە چاو پارچەکانی دیکەدا هەندێك هۆکاری مێژوویی هەیە کە پێش پارچەکانی دیکە کەوتووە لە پرسی سەربەخۆیی، ئەگەر سەرنج بدەین لەو ڕۆژەی دەوڵەتی عێراق بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە پاشخانێکی کۆلۆنیالی هەبوو، هەروەها ماندێت لەسەر عێراق هەبوو، هەر ئەو کات کۆمەڵەی گەلان مەرجی ئەوە بوو ئەو دەوڵەتەی دەبێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە دەبێت بەڵێن بدات ڕێز لە مافی کەمینەکانی دەگرێت، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی پرسی کورد لە باشوور پێش بکەویت و بووە هۆکاری ئەوەی جۆرێك لە نێونەتەوەیی بوونی پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا بناخەی بۆ دروست بێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لە پارچەکانی دیکە بوونی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشکەوتن و دەستکەوتانەی لە باشوور بەدەست هاتوون، کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبووە، هەروەها ئەو بە نێودەوڵەتی بوونەی پرسی کورد لە باشوورەوە، مەسەلەیەکە هیچ پارچەیەك ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات و بڵێت کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکە نەبووە.

*** ئایا بێجگە لە فاکتەرە مێژووییەکان، لە ئێستادا چ هۆکارێکی دیکە بۆتە هۆکاری ئەوەی پرسی کورد نەك تەنیا لە باشوور بەڵکو لە هەر چوارپارچەی کوردستان وەرچەرخانی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە؟**

- ئەگەر سەرنجی بارودۆخی ئێستای کوردستان بدەین، بێگومان دەبینین سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر بەنێودەوڵەتی بوونی پرسی کورد هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان هیچ سەرکردەیەکی کورد نییە هێندەی جەنابی مسعود بارزانی لە سەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بەهێز بێت، دەکرێت بڵێین وجوودی بەڕێز مسعود بارزانی فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەکتیڤبوونی پرسی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هاوسۆزییەکی نێودەوڵەتی گەورە بۆ باشووری کوردستان بوونی هەیە، بەڵام پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەکتیڤ بۆتەوە، بۆیە ئەوەی لە باشووری کوردستان دەیبینین، ڕێگەخۆشکەرە بۆ پارچەکانی

دیکە، بۆیە ئەگەر لەم روانگەیەوە باسی پرۆژەی ئەنجامدانی ریفراندۆمیش بکەین، ئەگەر هەموو هەلومەرجەکانیش بە تەواوەتی بوونیان نەبێت، ئەوا من پێموایە ئێستا کاتی ئەوەیە ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی لە رووی یاساییەوە پرسی کورد و گوتاری کوردی دەباتە نێو قۆناخێکی دیکە، بەڵام ئەمەش کارێکی زۆری دەوێت، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی هەر چوارپارچە هاودەنگییەکی هاوبەش نییە، لەسەر ئاستی باشووری کوردستانیش یەکدەنگیی پێویست بوونی نییە، لە کاتێکدا بۆ پرۆژەیەکی گەورەی لەمجۆرە پێویستمان بە دوو خاڵی سەرەکی هەیە، یەکەمیان: بوونی ئیرادەیە، دووەمیان: ژێرخانە، ئێمە لە هەردووکیاندا کێشەمان هەیە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم ئیرادەکە بوونی هەیە، بەڵام وەك ئیرادەیەکی هاوبەش لەسەر ئاستی هەموو ئەکتەرەکانی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان فۆرمەڵە نەکراوە، سەبارەت بە ژێرخانیش دیارە پرۆسەی دەوڵەتبوون، پێویستی بە کۆمەڵێك ژێرخان هەیە، لە باشووری کوردستان زۆر لە توخمەکانی دەوڵەتبوون بوونی هەیە، واتە نیمچە دەوڵەتە، بەڵام پێویستە ئەمەش کاری زیاتری لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی هەرگیز هەموو توخمەکان تەواو نابن، لەمەشدا مەبەستم ئەوەیە نابێت پرۆسەی ریفراندۆم لەسەر ئەوە دوابخرێت کە هەموو ژێرخانەکانی دەوڵەتبوونمان نییە، بۆیە وێڕای هەموو ئەو قەیرانانەی بوونیان هەیە، ئێستا هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی، دەرفەتێکی گرنگی بۆ کورد درووست کردووە و نابێت لەدەست بدرێت. من لەوە نیگەرانم ئەگەر پێش کۆتاییهاتنی شەڕی داعش سوود لەم دەرفەتە وەرنەگرین، ئەوا ترسی ئەوە هەیە دوای نەمانی داعش، ئەو هاوسۆزییە نێودەوڵەتییەی ئێستا بۆ باشووری کوردستان هەیە، وەك ئێستا نەمێنێتەوە، بۆیە ناکرێت بە هیچ جۆرێك ئەو دەرفەتە لەدەست بدرێت.

*** ئەگەر هەر لەسەر ئاستی هاوسۆزی نێودەوڵەتی بەرامبەر باشوور زیاتر هەڵوەستە بکەین، دیارە لەناو دەوڵەتە گەورەکاندا بەتایبەتی فەرەنسا هەست بە هاوسۆزییەکی زیاتر دەکرێت، سەرۆك هۆلاند خۆی هاتە هەولێر و ئێستاش بەڵێنی داوە زیاتر هاوکاری کوردستان بکات، ئایا ئەم پشتگیرییەی فەرەنسا بۆ کوردستان چی لێ دەخوێندرێتەوە؟ ئایا دەبێتە پاڵپشتییەك بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟**

- ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ساڵی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کە فەرەنسا چەندین پشتگیری کوردستانی کردووە، ئەوا لە دوای ئەوەی رژێمی پێشووی عێراق رووخا، فەرەنسا یەکەمین دەوڵەت بوو کە کونسڵخانەی لە هەولێر کردەوە، هەروەها لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، سەرۆك هۆلاند تەنیا سەرۆکی وڵاتێکی گەورەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو کە هەر زوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆیە راستە خۆشەویستییەکی زۆر گەورە لە نێو گەلی فەرەنسا و تەنانەت ناوەندەکانی فیکر و بڕیار بەدەستیشدا بەرامبەر کوردستان هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دەتوانین بڵێین تەواوی ناوەندەکانی بڕیار بەدەست لە فەرەنسا بە ئاشکرا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن؟ من پێموایە جارێ ناتوانین وابڵێین، لەبەر ئەوەی فەرەنسا ئێستا لە چوارچێوەی سیاسەتی هاوبەشی یەکێتی ئەوروپادایە، خۆشتان دەزانن سیاسەتی هاوبەشی یەکێتی ئەورووپاش داوای یەکپارچەیی عێراق دەکات، بەڵام ئەگەر بە دیوێکی دیکەدا پرسیارەکە بکەین کە ئایا ئەگەر کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی دا، فەرەنسا لەدژی رادەوەستێت؟ من پێموایە فەرەنسا دژی سەربەخۆیی کوردستان نابێت، لەمەش زیاتر لەوەش دڵنیام ئەو هەڕەشانەی دوای راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دروست دەبن، وەك ئەو هەڕەشانە نابن کە لە سەدەی رابردوو لە کورد دەکران، لە سەدەی رابردوو ئەگەر کورد هەنگاوێکی وای هەڵبگرتایە، تورکیا و ئێران دەیانتوانی لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان بکەن، بەڵام ئێستا ناتوانن، من بە خۆم لە وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسام بیستووە، ئەو لە دانیشتنێکی دۆستانەدا پێی گوتین، ئەگەر بۆ خۆتان بتانەوێت دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنن، خەڵکی دیکەش پشتگیریتان لێدەکات، مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە دەبێت و پێویستە پێش هەموو کەس کورد متمانەی بە خۆی هەبێت و ژیرانە هەنگاو هەڵبگرێت، راستە ئێمە لە ناوچەیەکین کە بە گورگ دەورە دراوین، بەڵام دەبێت ئەو راستییەش لەبەرچاوبگرین لە ساتە چارەنووسسازەکانی نەتەوەدا هەندێك دەرفەت دێنە پێشەوە دەبێت سوود لەو دەرفەتانە وەربگرین و لەدەستی نەدەین، بۆیە لە ئێستا ئەگەر زوو سوود لەم فرسەتە وەرنەگرین، ئەوا دەبێت بزانین، دەوڵەتان دیپلۆماتی دەکەن، ئەگەر بارودۆخەکە بگۆڕێت، ئەوانیش هەڵوێستیان لەوانەیە بگۆڕێت،

**لە هەندێک ناوچەی باشووری کوردستان میدیاکان سانسۆریان خستۆتە سەر پرسی کورد لە رۆژهەڵات، پێویستە چۆن باسی باکوور دەکەن، باسی رۆژهەڵاتیش بکەن**

**ئێستا ئێران تەنیا شەڕی بەوەکالەت ناکات، بەڵکو لە سووریا ئەفسەر و سەرباز و پاسداری ئێرانی راستەوخۆ خۆیان شەڕ دەکەن، بۆیە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە لەبەر ئەوەی سوودیان لەم ناسەقامگیرییە وەرگرتووە، ئەوا لە ئاییندەدا ئەم بازنەیە فراوانتریش بکەنەوە**

**هەمیشە پێوەندییەکی زۆر پتەو لە نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، تەنانەت لە رۆژە پرشنگدارەکاندا خەباتی هاوبەشیش هەبووە، وەک بەشداری هێزی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستاندا، بۆیە ئێستاش من هەر وای تێدەگەم کە دید و بۆچوونی هەردووک لایان زۆر لێک نزیکە**

**رۆژگارێکی زۆر بزووتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەڵات، خەباتی خۆی خەواند بۆ ئەوەی سەقامگیریی باشووری کوردستان تێکنەچێت، ئێستاش پێموایە ئەگەر پێویست بێت، ئەوا کوردی هەموو پارچەکانی دیکە دەبێت قوربانی بدەن بۆ ئەوەی سەقامگیریی باشووری کوردستان تێکنەچێت**

**مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران وەک دراوسێ ئەمە کارێکە دەبێت بکرێت، بەڵام خۆگرێدانەوە بە ئێرانەوە بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە**

**بەهیچ جۆرێک نابێت پێمانوابێت کە سیاسەتی ئێران لەسەر ئاستی رەهەندی دوورمەودا دۆستی کورد بێت، لەبەر ئەوەی ئێران بە ئاشکرا و جیا لە هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە رایدەگەیەنێت کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە**

**دەبێت قەناعەتی تەواومان هەبێت بەوەی کە دەبێت کورد خۆی دەوڵەت بۆ خۆی دروست بکات و بێگانە سەربەخۆییمان بەدیاری بۆ ناهێنێت**

بۆیە دەبێت ئەم فرسەتە لەدەست نەدەین، هەروەها دەبێت قەناعەتی تەواومان هەبێت بەوەی کە دەبێت کورد خۆی دەوڵەت بۆ خۆی دروست بکات و بێگانە سەربەخۆییمان بەدیاری بۆ ناهێنێت.

*** هەر لەسەر هاوسۆزیی فەرەنسا، ئێمە دەبینین، ئەم هاوسۆزییەی فەرەنسا شۆڕبۆتەوە بۆ ناو رای گشتی و ناوەندەکانی فیکر و رێکخراوە ناحکوومییەکان، هەر بۆ نموونە ئێستا لە سەر شەقامەکانی پاریس وێنەی پێشمەرگە دادەنرێت، بیرمەندانی هاوشێوەی ریجس دوبریە و ئالان تۆرین و بیرنارد هنری لیڤی پشتگیری دەوڵەتی کوردستان دەکەن، ئایا تاچەند شۆڕبوونەوەی ئەم هاوسۆزییە بۆ رای گشتی و ناوەندەکانی فیکر بۆ ئێمە گرنگە؟**

- فەرەنسا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە گرنگییەکی زۆر بە دیپلۆماتیەتی نەرم (سۆفت دیپلۆماتی) دەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە بردنەپێشەوەی پرۆژە سیاسییەکان تەنیا بە رێگەی سەربازی بەرەوپێشەوە ناچن، بەڵکو لە رێگەی دامودەزگای فەرهەنگی و پێوەندی دروستکردن و پەنابردنە بەر کەلتوور و بە رێگەی دەستەبژێری بونیادی فیکرەوە دەچێتە پێشەوە، لە فەرەنسا ئەم ناوەندانە کاریگەری گەورەیان هەیە، بەتایبەتی هەندێك لەو کەسایەتییانەی کە لەسەر ئاستی جیهان وەك بیرمەند سەیر دەکرێن، بۆ نموونە وەك بیرنارد هنری لیڤی، ئەم کەسایەتییە نەك تەنیا بۆ کوردستان بەڵکو لە زۆر پرسی دیکەشدا کاریگەری لەسەر بڕیای سیاسی فەرەنسا هەبووە، بۆ نموونە وەك سیاسەتی فەرەنسا بەرامبەر یۆگسلافیا لە سەر پرسی سەراییڤۆ، هەروەها لەسەر بەشداری فەرەنسا لە هێرشکردنە سەر لیبیا بە سەرکردایەتی ناتۆ، سەبارەت بە کوردستانیش، بێگومان هنری لیڤی کاریگەری لەسەر بڕیاری فەرەنسا هەبووە لەسەر هەڵویستی فەرەنسا بەرامبەر باشوور و رۆژئاوای کوردستانیش، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەو ناوەند و دامودەزگایانە گرنگن، بەڵام بڕیاری کۆتایی لە پێوەندی بە دروستکردنی بڕیار لە فەرەنسا، زیاتر لای نیهادە سیاسییەکانن، دەبێت گرنگی زیاتر بەوان بدرێت، ئەوانیش ئەو کاتە هەڵوێستی خۆیان یەکلایی دەکەنەوە کە کورد ئەو یەکڕیزییەی پێویستە لەناوخۆیدا هەیبێت و ئەمە پیشان بدات، بۆ ئەوەی ئەوانیش شاهیدی ئەوە بدەن بە هەق کورد شایستەی ئەوەیە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت.

*** ئەوەی بۆ کورد جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە ئەمجارەیان کورد بە فەرمی لە بەرەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعشە، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد نە لە بەرەی سوننەیە و نە لە بەرەی شیعەدایە، ئایا بوونی کورد لە بەرەی ئەم هاوپەیمانییە تاچەند فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەربەخۆیی؟**

- رۆڵی کورد لەرووی مەیدانییەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیررۆریستانی داعش، لەهەموو لایەك ئەکتیڤترە، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دۆزی کورد لەسەر ئاستی جیهانی دروستکردووە. واتە ئەم رۆڵە وایکردووە لەسەر روانگەی جیهانییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد بکرێت، بەڵام هەرچی بەرەی شیعە و سوننەیە لەگەڵ ئەوەی ئەوانیش رەهەندێکی جیهانییان هەیە و کاریگەرییان لەسەر جیهان هەیە، بەڵام ئەم بەرەیە واقیعێکی ئیقلیمییە، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو دووبەرەیە کورد دابەش نەکات، دەبێت کورد خۆی لەسەر هیچ کام لەو دووبەرە ساخ نەکاتەوە، هەرچەند بەداخەوە لە ئێستادا کوردیش تا رادەیەکی کەم بۆتە ئەو واقیعە، بۆیە پێویستە کورد لە باشووری کوردستان بەتایبەتی و لە هەر چوارپارچەی کوردستان بەگشتی، ئاستی تێڕوانینی خۆی لە ئاستی ئیقلیمییەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستی جیهانی، واتە مامەڵەیەکی جیهانی لەگەڵ جێگە و پێگەی خۆی بکات، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی کورد لە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە لە کەمپی دژە تیرۆرەوە پێناسەی چارەنووسی خۆی بکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دیپلۆماتییەکی ژیرانەش پیادەدەکات و هەموو هێلکەکانی خۆی نەخستۆتە یەك سەبەتەوە، دیپلۆماتییەکی فرەڕەهەند پیادە دەکات و لەگەڵ دەوربەریشی پێوەندی باشی هەیە، بێگومان ئەم دیپلۆماتییە فرەڕەهەندەش یارمەتیدەرێکی زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی سەربکەوێت.

*** دیارە ناوچەکە لە سەر ئاستی ئیقلیمی دابەش بووە، سعودیە نوێنەرایەتی بەرەی سوننە دەکات، ئێرانیش بەرەی شیعە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئێران زۆر بە گەرمی داکۆکی لە یەکپارچەیی عێراق و سووریا دەکات، لە کاتێکدا سووریا و عێراق وەك دوو دەوڵەت نەماون، ئایا ئێران شەڕێکی بێهودە ناکات؟**

- ئێران سیاسەتێکی پراگماتیکییانە هاوشان بە

بەرژەوەندی و پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادە دەکات، ئەگەر سەیر بکەن پێوەندیشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمەش کارێکی باشە لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان و ئێران هاوسێی یەکترین، ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری سیاسەتەکانی ئێران لەگەڵ کورد بکەین لەناو ئەو سیاسەتەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادەی دەکات، بەهیچ جۆرێك نابێت پێمانوابێت کە سیاسەتی ئێران لەسەر ئاستی رەهەندی دوورمەودا دۆستی کورد بێت، لەبەر ئەوەی ئێران بە ئاشکرا و جیا لە هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە رایدەگەیەنێت کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران وەك دراوسێ ئەمە کارێکە دەبێت بکرێت، بەڵام خۆگرێدانەوە بە ئێرانەوە بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە، سەبارەت بەو شەڕەشی کە ئێستا لەسەر یەکپارچەیی عێراق و سووریا دەیکات، ئەمە شەڕێکی بێهودە نییە وەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن. لەبەر ئەوەی ئەوانەی بڕیاردەری سەرەکین لە ئێراندا ئەم شەڕە بە بێهودە نازانن و بەداخەوە هەتا ئێستاش بە جۆرێك لە جۆرەکان لەم شەڕەدا سەرکەوتوو بوون، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە کە ئەمریکا هاتە عێراق، ئێران سیاسەتی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە دارشتووە، کە ئەگەر لە دەوروبەری خۆی و ناوچەکە ئاگربکاتەوە، ئەوا بەرژەوەندی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە و بەوەش باشتر خۆی دەپارێزێت و ئەو پرسانەی وەك دۆسیێ ناوکی، پرسی دیموکراتی و مافی مرۆڤ کە رۆژئاوا دژی ئێران دەیجووڵێنن، دەشاردرێنەوە، رۆژئاواییەکانیش ناچار دەبن بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە مامەڵە و دانوستاندن لەگەڵ ئێران بکەن، ئەوجا بە هۆی ئەوەی لەم سیاسەتە سەرکەوتوو بوون، ئێستا ئێران تەنیا شەڕی بەوەکالەت ناکات، بەڵکو لە سووریا ئەفسەر و سەرباز و پاسداری ئێرانی راستەوخۆ خۆیان شەڕ دەکەن، بۆیە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە لەبەر ئەوەی سوودیان لەم ناسەقامگیرییە وەرگرتووە، ئەوا لە ئایندەدا ئەم بازنەیە فراوانتریش بکەنەوە.

*** باسی ئەوەتان کرد بە شێوەیەکی گشتی بزاڤی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان ئەکتیڤ بووە، ئایا پێویستە پێوەندی پارچەکانی دیکە لەگەڵ باشووری کوردستان چۆن بێت؟**


- ئەگەر سەرەتا باسی رۆژهەڵات بکەم، هەمیشە پێوەندیەکی زۆر پتەو لە نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، تەنانەت لە رۆژە پرشنگدارەکاندا خەباتی هاوبەشیش هەبووە، وەك بەشداری هێزی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستاندا، بۆیە ئێستاش من هەر وای تێدەگەم کە دید و بۆچوونی هەردووك لایان زۆر لێك نزیکە، رۆژگارێکی زۆر بزووتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەڵات، خەباتی خۆی خەواند بۆ ئەوەی سەقامگیریی باشووری کوردستان تێکنەچێت، ئێستاش پێموایە ئەگەر پێویست بێت، ئەوا کوردی هەموو پارچەکانی دیکە دەبێت قوربانی بدەن بۆ ئەوەی سەقامگیریی باشووری کوردستان تێکنەچێت، نابێت قەت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە وا بزانین خەواندنی پرسی کورد لە پارچەیەك لە خزمەتی پارچەیەکی دیکەی کوردستاندایە، دەکرێت قسە لەسەر شێوازی خەبات بکرێت، بەڵام بەداخەوە لە هەندێك ناوچەی باشووری کوردستان میدیاکان سانسۆریان خستۆتە سەر پرسی کورد لە رۆژهەڵات، پێویستە چۆن باسی باکوور دەکەن، باسی رۆژهەڵاتیش بکەن. هەروەها لە مەسەلەی پەکەکەدا خیتابی سیاسی کوردستان زۆر راشکاوانەیە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: ئێمە لە بری تورکیا شەڕ دژی پەکەکە ناکەین، لەگەڵ ئەو هەموو گوشارەی خرایە سەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئامادە نەبوو بە پەکەکە بڵێت تیرۆریست، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکە بە سیاسی چارەسەر دەکرێت، ئامادەشن هاوکاری هەردوولا بکەن، بە بڕوای من دەبێت ئەم خیتابە بگوازرێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانیش، بەو مانایەی کوردی رۆژهەڵاتیش پێویستی بە زیندووبوونەوەی گیانی شۆڕشگێڕی هەیە، بەداخەوە لە وڵاتێکدا دیموکراتی نەبێت، کە بتوانین بە رێگەی دیالۆگ و سیاسی باسی مافەکانی خۆمان بکەین، ئەوا ئامادەبوونی کردەیی لە مەیدانەکە تەنیا پێشمەرگەیە، بۆیە گرنگە خیتابی سیاسی هەرێمی کوردستان بەرامبەر رۆژهەڵاتیش بەو جۆرە بێت، کە مافی کورد لە رۆژهەڵات مافیکی رەوایە و بە سیاسی چارەسەر دەکرێت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چۆن بۆ باکوور ئامادەباشی پیشانداوە هاوکاری ئاشتییانەی چارەسەری کێشەکەیان بکات، بەهەمان شێوە پێویستە بۆ رۆژهەڵاتیش ئەو ئامادەباشییە پیشان بدات.

**لە وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسام بیستووە، ئەو لە دانیشتنێکی دۆستانەدا پێی گوتین، ئەگەر بۆ خۆتان بتانەوێت دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنن، خەڵکی دیکەش پشتگیریتان لێدەکات، مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە دەبێت و پێویستە پێش هەموو کەس کورد متمانەی بە خۆی هەبێت و ژیرانە هەنگاو هەڵبگرێت**

**راستە ئێمە لە ناوچەیەکین کە بە گورگ دەورە دراوین، بەڵام دەبێت ئەو راستییەش لەبەرچاوبگرین لە ساتە چارەنووسسازەکانی نەتەوەدا هەندێک دەرفەت دێنە پێشەوە دەبێت سوود لەو دەرفەتانە وەربگرین و لەدەستی نەدەین، بۆیە لە ئێستا ئەگەر زوو سوود لەم فرسەتە وەرنەگرین، ئەوا دەبێت بزانین، دەوڵەتان دیپلۆماتی دەکەن، ئەگەر بارودۆخەکە بگۆڕێت، ئەوانیش هەڵوێستیان لەوانەیە بگۆڕێت**

**ئەگەر پێش کۆتاییهاتنی شەڕی داعش سوود لەم دەرفەتە وەرنەگرین، ئەوا ترسی ئەوە هەیە دوای نەمانی داعش، ئەو هاوسۆزییە نێودەوڵەتییەی ئێستا بۆ باشووری کوردستان هەیە، وەک ئێستا نەمێنێتەوە، بۆیە ناکرێت بە هیچ جۆرێک ئەو دەرفەتە لەدەست بدرێت**

# ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی و چەند سەرنجێک



عەلی عەونی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

## • دروشمی قەبە و ناوەڕۆك بەتاڵ

کاتێك لە شاخ و دەربەردەری بووین، حزب و لایەنە سیاسییەکان پێشبڕکێیان بوو لە سەر دروشم و ئامانجی گەورەتر، هەتا دروشمیش ئایدیالی و گەورەتر بوایە، ئەوە زیاتر نیشانەی سیاسەتزانی و شۆڕشگێڕیتر بوو. ئەوانەی دروشمی هەر چوارپارچەی کوردستانی سەربەخۆ و گۆڕینی سیستمی سەرتاسەری دنیایان بەرزکردبۆوە، هەموو خەڵکی دیکەیان لا خائین بوو، ئەوانەشی کە دروشمی مافی چارەنووسیان وەك لاستیك بەرزکردبووە، لای سەدام بە مافی هەڵپەڕکێ و گۆرانی مافی چارەنووسیان لێکدەدایەوە، لای گەلی بەشمەینەتی کوردستانیش بە مافی دەوڵەت، لەم سەرینەوە حەشریان بە پارتی و ڕێبازی بارزانی دەکرد، تەنانەت حزبی سیاسی واش هەبوو بەپێی بارودۆخ و بەرژەوەندییەکانی لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا بە پێی ژینگەی سیاسی ئەو دۆخە دروشمیان بەرز دەکردەوە.

ڕاشکاوانەتر ئەوکات گومرگ و باج لەسەر قسە و دروشمی سیاسی نەبوو، بۆیە هەموو لایەنەکان لافی مافی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانیان لێدەدا، ئاسانترین ڕێگە بۆ ئەوەی خۆیانی وەك شۆڕشگێر پێ بناسێنن، پەلاماردانی بارزانیی نەمر و سەرجەم شۆڕشەکان کوردستان و بێڕیزی کردن بوو بە بەها و پیرۆزییەکانی کوردستان، هەربۆیە چەند دروشمی گەورەتریان بەرز بکردایەتەوە، ئەوا بێڕێزیکردن بە بارزانیی نەمر و مێژووی خەباتی گەلی کوردستان زیاتر دەبوو.

## • بیری نەتەوەیی و گەڕانەوە بۆ توراس

گرنگە لەو ڕاستییە تێبگەین کە پێویستمان بە خوێندنەوەی هیچ پەرتووك و تیۆرییەك نیە بۆ ئەوەی بزانین ئایا گەلێك بەناوی گەلی کوردستان و نەتەوەیەك وەك نەتەوە بوونی هەیە، یان ئایا خاکێك بە ناوی کوردستان بوونی هەیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئایا دەبێت بگەڕێین بۆ ئەوەی بزانین تیۆرزانێك، یان نووسەرێکی بیانی، یاخود عەرەب و تورك و فارس، لە نێو دێڕەکانی نووسینێکدا بە هەڵە لەدەستیان دەرچووە و ناوی کورد و کوردستانیان هێنابێت؟ یان بگەڕێین بۆ ئەوەی بزانین ئایا بە پێی تیۆرەکانی مارکس و ماو و ئەنوەرخواجە ئێمە نەتەوەین یان نە؟ یان ئایا جەمالەدینی ئەفغانی و حەسەن بەننا و محەمەد عەبدە پێیانوایە ئەگەر ئێمە وەك دەوڵەت و نەتەوە بوونمان هەبێت و ددانمان پێدا بنێن، ئەوا ئەو زاتانە ئەمە بە جۆرێك لە خیانەتکردن لە ئامانجی گەورەی ئوممەتی ئیسلامی لە قەڵەم دەدەن، یاخود کارێکی ڕەوا دەکەن؟

بەداخەوە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد، تەمەنێکی زۆری خەباتی ئەم گەلەیان بەفیڕۆدا لە پێناوی ئەوەی ڕەوایی خەباتی کوردستان لەم بیردۆز و هێڵە فیکرییانەوە هەڵبهێنجن، هەر بۆیە قەت لە بیری نەخۆشی و ژانی جەستەیی گەل و خاکی کوردستاندا نەبووین و ئەوەمان لەبیرکردبوو ئەگەر کەسێك تەندروستی خراپ بێت و جەستەی ئازاری هەبێت، پێویست نییە پزیشکێك پێی بڵێت تۆ نەخۆشیت، بەڵکو نەخۆشی دیارە و دەبێت چارەسەر بکرێت، بۆیە هەر لەم ڕاستەوە ئێمەش ئەگەر هەموو تیۆر و هێڵە فیکرییەکانی جیهان بە نەتەوە بماننناسێنن، یاخود نە، ئێمە هەر نەتەوەین و خاوەنی وڵاتی خۆمانین، بە پێچەوانەشەوە هەموو پەرتووکەکانی جیهان، هەر چوار وڵاتی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا بە داگیرکار بناسن، یان نەناسن، ئەوا گومانی تێدانییە هەر چواریان داگیرکارن، مەرجەکانی

کۆلۆنیالیزم بە سەر تورك و فارس و عەرەب، بچەسپێت، یان نە، ئەوا ئەم سێ گەلە کۆلۆنیالیستن، سیاسەتمەدار و رۆشنبیرانی کوردستان پێیان خۆش بێت یان نە، کوردستان کۆلۆنییە و خاکێکی داگیرکراوە، گەلی کوردستان لە هەر چوارپارچە ژێردەستەیە و ئیرادەی ژێرپێ خراوە و پێویستی بە ئازادی و سەربەخۆییە، ئەوجا ئەم خەباتە لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی لەگەڵ ئەو فیکر و چەمکە هاوردانە یەك دەگرێتەوە، یان نە، ئەوە کێشەی کورد نییە و چیتر ناکرێت کاتی گەلی کوردستان بە دروشمی هاوردە و نامۆوە بە خەسار بدرێت.

## ● خەباتی نەتەوەیی و ئاستەنگەکانی تابوری پێنجەم

ئەم خەباتەی نەتەوەکەمان لە پێناوی ئازادی دەیکات، لە بەرامبەریدا دوژمنانی گەلی کوردستان دەستەوەستان دانەنیشتوون، بەڵکو لە ناو هەر چوار دەوڵەتی داگیریکاری کوردستان ئەگەر ناو و ڕواڵەتیشیان جیاواز بێت، ئەوا چەندین ژوورگەلی جیاجیان بۆ پێشگرتن لەم خەباتە دامەزراندووە، هەر لە ژووری پەلاماردانی سەربازی (ئەگەر بۆیان بچێتەسەر) تا دەگاتە ژووری گەمارۆی سیاسی و ئابووری و دارایی و.. تاد، لەمەش زیاتر دامەزراندنی ژووری تایبەت بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ژەهراوی و شکاندنی متمانەی گەلی کوردستان بە دامودەزگا حکوومییەکان و هەتا بەکرێگرتنی هەندێك بەناو کورد تا وەك تابوری پێنجەم کار لەسەر رووخاندنی ورەی کوردستانییان بکەن، بەم شێواز و میتۆدە هەوڵدەدەن ئاراستەی گەلی کوردستان لە ئامانجە گەورەکە، کە بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییە وەربگێڕن بەرەو ئاراستەی کێشە بچووکە ناوخۆییەکان.

گومانی تێدا نییە کە هەرێمی کوردستان وەك هەر حکومەتێکی ئەم جیهانە کەموکورتی و گەندەڵی تێدایە، نادادپەوەری لە هەندێك بواردا دەبینرێت و لە رووی ئیداریشەوە کەموکوڕیی بەرچاومان هەیە، بەڵام داگیرکارانی کوردستان لە رێگەی خۆیان و دەستوپێوەندە بەناو کوردەوە ( تابوری پێنجەم) بە زەقکردنەوەی ئەم کەموکوڕییانە، دەیانەوێت دزی و گەندەڵیی گەورە وەك دزینی خاکی نیشتمانی کوردستان لەبیر کوردستانییان ببنەوە، ئەمە لە کاتیکدا دزینی ئیرادەی گەلی کوردستان بریتییە لە گەندەڵی گەورە و داگیرکردنی نیشتمانی گەلێکە و پێشێلکردنی بەها و مێژووی ئەو گەلەیە، بۆیە پێویستە ئێمەی کوردستانی زۆر وریابین و لێنەگەڕێین پرس و کێشە گەورەکە لە بیر کوردستانییان بەرنەوە و بە کێشەی بچووك و لاوەکی سەرقاڵمان بکەن.

دەبێت قەناعەتی تەواومان بەوە هەبێت کە هەر چوار دەوڵەتی فارس و تورك و عێراق و سووریا لە سەر بنەمای گەندەڵی دامەزراوان، لە بەر ئەوەی ئیرادە و خاکی گەلانی دیکەیان دزیوە و داگیریان کردووە، لە هەمووشی شەرمەزاریتر ئەوەیە سەروەت و سامانی گەلی کوردستانیان دزیوە و بە پارەی ئەو سەروەت وسامانە کردوویانەتە چەك و بۆمب و لە دژی ئێمە بەکاریان هێناوە، یان بە لەسێدارەدان و ئاسیمیلاسیون و عەرەباندن، وەڵامی داواکاری ئێمەیان داوەتەوە. بۆیە لێرەوە پێویستە گەلی کوردستان ئەولەوییەتی خۆی دەستنیشان بکات، ئەولەوییەتی ئەم قۆناخەش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، با جارێ دەوڵەتی خۆمان دابمەزرێنین، ئەوجا کەموکورتییەکانی ناوخۆ بە گرتنەبەری سیستەم و رێکاری گونجاو چارەسەر دەکەین. لە ماوەی چارەکە سەدەی رابردووی دەسەڵاتداری کوردستاندا، ئەوە سەلمێنرا کە خراپترین حکومەتی کوردستان لە باشترین داگیرکار بۆ گەلی کوردستان باشتر و بەبەزەییترە.

ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، بۆ چارەسەری پرسی کوردستان دوو دیدو بۆچوون و دوو بەرە هەیە، یەکەمیان بەرەی رزگایخوازی کوردستان و دووەمیان بەرەی رزگارینەخوازی کوردستان، بەرەیەك ئیدعای ئەوە دەکات کێشەی گەلی کوردستان کێشەی هاووڵاتیبوون و دیموکراسی و بوونی سێ چوار وەزیرە لە ناو حکومەتەکانی عەرەب و تورك و فارسدا! پێیانوایە کێشەی کوردستان کێشەی ئازادکردنی زمان و هەڵپەڕکێی کوردی و هەبوونی ناسنامەیە لە یەکێك لەو چوار دەوڵەتەدا!! ئەم بەرەیە پێیانوایە ئەگەر ئەنکارا و بەغدا و دیمەشق و تاران دیموکراسی بن، ئیتر کوردستان کێشەکانی چارەسەر دەبن، ئەم بەرەیە هەمیشە خۆی وەك ئۆپۆزسیۆن لەم وڵاتانە وێناکردووە، ئەرکی گەلی کوردستانیان لە گۆڕینی حکومەتێکی خراپی ناوەند بە حکومەتێکی باشتر و چەسپاندنی دیموکراتی بچووك کردۆتەوە.

بەڵام بەرەیەکەی دیکە کە بەرەی رزگاریخوازییە، قەناعەتی وایە کێشەی کوردستانییان، هاووڵاتیبوون و بەدیموکراتیبوونی ئەم چوار پایتەختە نییە، هەروەها ئەم بەرەیە ئەوە رەتدەکاتەوە کە کاری کوردستانییان تەنیا ئەوە بێت حکومەتێکی داگیرکاری بگۆڕێت بۆ حکومەتێکی داگیرکاری دیکە و سەروەت و سامانی کوردستان بدزێت و تالانی بکات، ئەم بەرەیە کە ئێستا پارتی و بارزانی رێبەرایەتی دەکەن، دەڵێن کێشەی ئێمە هەموو ئەوانەی سەرەوە نییە، بەڵکو کێشەی ئێمە ناسینی خاکی کوردستان و ددان نانە بە خاوەنداریەتی

**بەرەی رزگاریخوازی کە ئێستا پارتی و بارزانی رێبەرایەتی دەکەن، قەناعەتی وایە کێشەی کوردستانییان، هاووڵاتیبوون و بە دیموکراتیبوونی چوار پایتەخت نییە، ئەم بەرەیە ئەوەش رەتدەکاتەوە کە کاری کوردستانییان تەنیا ئەوە بێت حکومەتێکی داگیرکاری بگۆڕێت بۆ حکومەتێکی داگیرکاری دیکە و سەروەت و سامانی کوردستان بدزێت و تالانی بکات**

**رای گشتی کوردستان سەربەخۆیی دەوێت، نەک ژێردەستەیی، ئەوانەی لە رقی بارزانی دژی سەربەخۆیین، ئەوا ئەگەر ئەوان و تەنانەت منداڵێکی ئەم کوردستانە سەربەخۆییمان بۆ مسۆگەر بکات، ئێمە جیا لەوەی پشتیوانی دەکەین، زۆر سوپاسیشی دەکەین**

**نابێت چاوەڕێ بین هەر چوار پارچەی کوردستان پێکەوە بڕیاری سەربەخۆیی بدەن، بەڵکو لە کام پارچە دەرفەت هاتە پێشەوە دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنین، هەر کەس و لایەنێکیش رێگری لەوە بکات کە گوندێک، یان شارێکی کوردستان بێتە پاڵ کوردستانی ئازاد بەر نەعلەتی مێژوو و گەلی کوردستان دەکەوێت**

گەلەکەی لەسەر خاکەکەی، کێشەی کوردستان ئەوە نییە سەرۆك کۆمار کورد بێت، یان کورد نەبێت، هەر بۆ نموونە سەرۆکی ئێستای کۆماری ئازەربایجان و سەرۆکی پێشووتری تورکیا و ئێستای عێراق کوردن، بەڵام مەحروومییەتی گەلی کوردستان و کێشەکانمان هەمان کێشە و گرفتی سەدساڵی رابردوون. لە سەد ساڵی رابردوودا سەرەڕای قەدەغەکردنی زمان و چاند و کەلتووری کوردستانییان، بەڵام ئەوە زمانی کوردی هەتا ئێستاش لانیکەم لە زمانی فارسی و تورکی خاوێنترە، هەڵپەڕکێ و گۆرانیی کوردی، وێڕای ئەوەی قەدەغەش کراوە، بەڵام جوانتر دەگوترێت و پیادە دەکرێت.

کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە سیستەمی داگیرکاری ئەم چوار وڵاتەی کوردستانیان بە سەردا دابەشکراوە، ئەوەیە رێگەنادەن کوردستانییان هیچ ماف و ئازادییەکی جددیی خۆیان پیادەبکەن و بەکاری بهێنن، تەنانەت ئەگەر هەموو ستافی حکومەتەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی، هەمووشیان کوردبن، ئەمەش لەبەر ئەوەی سیستەمەکە داگیرکارییە، دەبێت لەو داگیرکارییە رزگارمان بێت و قەتیش بە ئەندازەی ئێستا ئەم ئامانجە بەو شێوەیە نزیك نەبۆتەوە.

کەواتە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت: ئەم دووبەرەیە لە ململانێدان، ئەو بەرەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە رووی هەرا و هۆسەی راگەیاندنەوە کەمینەیە، بەڵام لە رووی جەماوەری و کۆبوونەوەی هەموو پێکهاتە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و جەماوەرییەوە، پشتیوانی زۆربەی زۆری گەلی کوردستانی هەیە و هەموو گەلی کوردستان ئامانجیان سەربەخۆییە و پشتیوانی سەربەخۆیی و هێڵی فیکری بارزانی دەکەن.

**● کوردستان وەك پێگەیەکی ستراتیژی**
**بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

گومانی تێدا نییە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە و خێرادایە، نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەشێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە گۆڕانکاری ریشەیی بەخۆیەوە دەبینێت. ئاشکرایە لە رووی ئابووری و سیاسی و جوگرافییەوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك دڵی جیهان پێناسە دەکرێت، هەر لایەن و دەوڵەتانێك بتوانن کۆنترۆڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، ئەوا دەتوانن هەژموونێکی گەورە بەسەر بەشێکی گەورە لەم جیهاندا بەدەست بهێنن.

لەم جوگرافیا گرنگەدا، کوردستان بە حوکمی شوێن و پێگە جوگرافییەکەی خۆی بۆتە دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆیە ئەم هەموو پیلان و توانا سەربازی و ئابوورییە خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی کوردستان هەر بە ژێردەستەیی بمێنێتەوە، ئەم چوار وڵاتەشی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، گرنگی خۆیان لە بەردەوامی داگیرکاری کوردستاندا دەبیننەوە، بۆیە ئەگەر کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی و دەوڵەتێکی هاوچەرخ لەدایك بێت، ئەوا بایەخ و گرنگی ئەو چوار دەوڵەتەش دەپووکێتەوە.

لە ئێستادا دەرفەتێکی زۆر لەبار و زێڕین بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە بۆ ئەوەی بە خەون و هیوای سەربەخۆیی بگات و کۆتایی بە گرنگییە ناڕاست و دروستکراوەکەی ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکارە بهێنێت، ئەم بەشەی باشوور کە بە زۆر بە عێراقەوە لکێنراوە، ئێستا دەوڵەتێك بە ناوی عێراق بوونی نەماوە و بە کردەیی لە بەریەك هەڵوەشاوەتەوە، سووریاش چیدیکە دەوڵەتێکی یەکگرتووی خاوەن سەروەری نییە، حکومەتی بەعسی سووریا کە بە حیساب حاکمە، وەك هەر حزب و میلیشیایەکی دیکە کە لە سووریا بوونیان هەیە، تەنیا لەسەر بەشێکی خاکی سووریا حوکمڕانی دەکات. تورکیا کە پێشتر گیرۆدەی هەڵەی فاشیزم بوو، ئێستا هەم بە فاشیزم و هەمیش بە تیرۆری ناوخۆ شەتەك دراوە و هەوڵدەدات لەم شەڕەدا بە مایەی خۆیەوە لێی دەربچێت، ئێران لە لێواری تەقینەوەیەکی گەورەدایە و بە دەستێوەردان لە عێراق و یەمەن و سووریا و لوبنان و ئەفغانستان، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لە مەترسی دارمان نزیك دەبێتەوە، ئەم بارودۆخە ئەگەر بە وردی بخوێندرێتەوە، ئەوا دەگەینە ئەو راستییەی کە چیتر ئەم دەوڵەتانە ناتوانن وەك جاران ببنە مەترسی لەسەر گەل و خاکی کوردستان، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانن لە ژێر ناو و کراسی کوردایەتی و لە رێگەی هێزە ناوخۆییەکانی کوردستانەوە گێچەڵ بە کوردستان بفرۆشن. خۆشبەختانە شەقامی سیاسیی کوردستانیش زۆر بە وریایی و وردبینییەوە سەیری هەڵوێستەکان بکەن و سەرەڕای برسێتی و شەڕی داعش، بەڵام بە تێگەیشتن لە راستی بارودۆخەکە هاوکاری و یارمەتی حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کردووە.

**● کێشە و قەیرانەکان**
**سەربەخۆیی کوردستانمان لەبیر ناباتەوە**

بەرەی رزگارینەخوازی کە بیانوو و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دروست دەکەن، ئیدعای ئەوە دەکەن لەبەر ئەوەی سوپامان یەکنەخراوە و سیستەمی ئابووریمان کەموکورتی تێدایە و کەرتی کشتوکاڵمان وەك پێویست نەبووژاوەتەوە و نەوتیش بەشی ژیان ناکات، هەروەها لەبەر ئەوەی سیستمی پەروەردە و تەندروستیمان کەموکورتی هەیە و.. تاد، ئەوا ئیتر دەبێت پرۆسەی

**بە پێچەوانەی ئەوانەی ئیدعای ئەوە دەکەن کە نامانەوێت وڵاتێکی سەربەخۆی وەک سۆماڵمان هەبێت، ئێمە سەربەخۆیی کوردستان بە هیچ شتێک ناگۆڕینەوە و کوردستانیش سۆماڵ نییە و هەموو توانا و ئیمکانیەتێکی مرۆیی و سروشتی تێدایە، هەتا بە سەربەرزی و خۆشگوزانی لەم دەوڵەتە سەربەخۆیەدا بژین**

**چیتر ئەم دەوڵەتانە ناتوانن وەک جاران ببنە مەترسی لەسەر گەل و خاکی کوردستان، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانن لە ژێر ناو و کراسی کوردایەتی و لە رێگەی هێزە ناوخۆییەکانی کوردستانەوە گێچەڵ بە کوردستان بکەن**

**تورکیا کە پێشتر گیرۆدەی هەڵەی فاشیزم بوو، ئێستا هەم بە فاشیزم و هەمیش بە تیرۆری ناوخۆ شەتەک دراوە و هەوڵدەدات لەم شەڕەدا بە مایەی خۆیەوە لێی دەربچێت، ئێران لە لێواری تەقینەوەیەکی گەورەدایە و بە دەستێوەردان لە عێراق و یەمەن و سووریا و لوبنان و ئەفغانستان، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لە مەترسی دارمان نزیک دەبێتەوە**

سەربەخۆیی یەکبخەین و نابێت سەربەخۆیی رابگەیەنین، لە راستیدا ئەمانە هەموویان بیانوو هێنانەوەن بە مەبەستی ئاستەنگ دروستکردن بۆ سەربەخۆیی و بۆ ئەوەیە کوردستان نەگاتە ئامانجی خۆی. لە کاتێکدا هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان کەم تا زۆر بەشێك لەو کێشەو گرفتانەیان هەیە، بۆیە ئەگەر بە قسەی بەرەی رزگارینەخوازی کوردستان بێت، دەبێت ١٠٠ساڵی دیکەش چاوەڕێ بکەین هەتا ئەو کێشە و کەموکورتییانە چارەسەر دەکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کێشە و گرفتانە پێویستییان بە پیلانی ستراتیژی درێژخایەن هەیە و بە شەو و رۆژێك چارەسەر ناکرێن، لە کاتێکدا ئەم بەرەیە ئەوە دەشارنەوە کە کوردستان بەم رەوشە ناڵەبارەی خۆشییەوە هێشتا لە زۆر رووەوە لە زۆر وڵاتی سەربەخۆی ئەم جیهانە بارودۆخی باشترە.

بە پێچەوانەی ئەوانەی ئیدعای ئەوە دەکەن کە نامانەوێت وڵاتێکی سەربەخۆی وەك سۆماڵمان هەبێت، ئێمە سەربەخۆیی کوردستان بە هیچ شتێك ناگۆڕینەوە و کوردستانیش سۆماڵ نییە و هەموو توانا و ئیمکانیەتێکی مرۆیی و سروشتی تێدایە، هەتا بە سەربەرزی و خۆشگوزەرانی لەم دەوڵەتە سەربەخۆیەدا بژین. لەم دەوڵەتە سەربەخۆیەدا تەنیا شتێك کە پێویست بێت ئەولەوییەتی پێبدرێت، ئەوەیە سیستەمێکی رێکوپێك دابنرێت و کادری دڵسۆز و هەڵبسووڕێنێت، کە خۆشبەختانە هەردووکیان لە کوردستاندا قورس نابن. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر باس لە دابەشکردنی عێراق دەکەن، دیارە ئەوە ئێمە نین کە عێراق دابەش دەکەین، بەڵکو ئەوە عێراق و عێراقییەکانن کە دابەشی دەکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم واقیعی هەڵوەشانەوەی عێراقە کە ئێستا بوونی هەیە، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ددانی پێدا نرا، ئایا دەبێت ئێمە بە دوای داگیرکارێکی دیکەدا بگەڕێین بۆ ئەوەی بێت و کوردستان داگیربکاتەوە، یان دەبێت جوامێرانە چاکی لێ بکەین بەلادا و ئەو دەرفەتەی هاتۆتە پێشەوە بیقۆزینەوە و جاڕی سەربەخۆیی بدەین؟

لایەنێکی دیکە کە دیکەنە ئاستەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستانە، لە کاتێکدا کاراکردن و کارابوونی پەرلەمان گرێدراوە بە سەربەخۆیی کوردستانەوە، نەك راگەیاندنی سەربەخۆیی ببەسترێتەوە بە کاراکردنەوەی پەرلەمانێك کە بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێك لایەن شکۆیان شکاند و کردیانە مەیدانێك بۆ گەمەی هەرزەکاران، پەرلەمان لەناو وڵاتێکی سەربەخۆ مانای هەیە، نەك لە وڵاتێکدا کە حکومەتی ناوەندی (بەغدا) حیساب بۆ هیچ بڕیارێکی ناکات، هەروەها کاتێك سۆڤیەت هەڵوەشایەوە ئەو ١٦ دەوڵەتەی لە دایکبوون، هیچ کامیان لە پەرلەمان و لە چوارچێوەی پرۆسەی ریفراندۆم سەربەخۆییان رانەگەیاند.

کاتێك لینین شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی راگەیاند، چاوەڕێی نەکرد هەتا هەموو دنیا دەبنە کۆمونیست، ئینجا کۆمارەکانی سۆڤیەت رابگەیەنێت، بەڵکو هەر لەگەڵ ئازادبوونی یەکەم شار، لینین دەوڵەتی شوراکانی راگەیاند، لە کوردستانیش نابێت چاوەڕێ بین هەر چوار پارچەی کوردستان پێکەوە بڕیاری سەربەخۆیی بدەن، بەڵکو لە کام پارچە دەرفەت هاتەپێشەوە دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنین، هەر کەس و لایەنێکیش رێگری لەوە بکات کە گوندێك، یان شارێکی کوردستان بێتە پاڵ کوردستانی ئازاد بەر نەعلەتی مێژوو و گەلی کوردستان دەکەوێت.

## ● کەشف بوونی دیوی ناوەوەی سەردانی گۆڕان و یەکێتی بۆ بەغدا

لە سەرەتادا بەو جۆرە ئەو سەردانەی ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٦یان خستەڕوو، بەوەی دەچن ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەیان بۆ لایەنە عێراقییەکان روون دەکەنەوە، بەڵام دەرکەوت بۆ پیشاندانی هەڵوێستی خۆیان بووە لەسەر پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ بەغدا...! بەپێی ئەو قسانەی کە لەلایەن شیرین رەزا و شوان داودی و حەنان فەتلاوی و نوری مالیکی و ئەوانی ترەوە دزەی کردووە، ئەم هەڵوێستەی ئەوان لەسەر پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم بە جۆرێك شەقامی ناڕازی کردووە کە خەڵکی سلێمانی پێیناوایە، چوونی ٥٠ ساڵ لەمەوپێشیان بۆ بەغدا لە چاو چوونی ئەمجارەیان بۆ بەغدا، ئەوا چوونی ئەمجارەیان و هەڵوێستەکەیان، هەڵوێستی ٥٠ ساڵ لەمەو پێشی ئەوانی سپی کردۆتەوە.

بۆیە ناکرێت و نابێت ئەم دەرفەتەی بۆ سەربەخۆیی هاتۆتەپێشەوە لە دەست بدرێت، ئەوانەشی تا دوێنێ پێیانوابوو پرسی سەربەخۆیی بۆ موزایەدەی سیاسییە، داواکراون بۆ موزایەدەی سیاسی بێنە مەیدانی سەربەخۆیی، بە پێچەوانەی ئەو کەس و چاودێرانەی لە چوونی ئەم شاندەی گۆڕان و یەکێتی بۆ بەغدا سەریان سوڕماوە، من ئەو کاتە سەرم سوڕدەما ئەگەر ئەم شاندەیان لە بەغداوە سەری دەرنەهێنایە، چونکە ئەمە ئەنجامی ئاسایی سیاسەتکردنیانە، بەڵام خۆشبەختانە رای گشتی کوردستان سەربەخۆیی دەوێت، نەك ژێردەستەیی، ئەوانەی لە رقی بارزانی دژی سەربەخۆیین، ئەوا ئەگەر ئەوان و تەنانەت منداڵێکی ئەم کوردستانە سەربەخۆییمان بۆ مسۆگەر بکات، ئێمە جیا لەوەی پشتیوانی دەکەین، زۆر سوپاسیشی دەکەین.

**ئەو بەرەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە رووی هەرا و هۆسەی راگەیاندنەوە کەمینەیە، بەڵام لە رووی جەماوەری و کۆبوونەوەی هەموو پێکهاتە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و جەماوەرییەوە، پشتیوانی زۆربەی زۆری گەلی کوردستانی هەیە و هەموو گەلی کوردستان ئامانجیان سەربەخۆییە و پشتیوانی سەربەخۆیی و هێڵی فیکری بارزانی دەکەن**

**گومانی تێدا نییە کە هەرێمی کوردستان وەک هەر حکومەتێکی ئەم جیهانە کەموکورتی و گەندەڵی تێدایە، نادادپەوەری لە هەندێک بواردا دەبینرێت و لە رووی ئیداریشەوە کەموکوڕیی بەرچاومان هەیە، بەڵام داگیرکارانی کوردستان لە رێگەی خۆیان و دەستوپێوەندە بەناو کوردەوە (تابوری پێنجەم) بە زەقکردنەوەی ئەم کەموکوڕییانە، دەیانەوێت دزی و گەندەڵیی گەورە وەک دزینی خاکی نیشتمانی کوردستان لەبیر کوردستانیيان ببەنەوە**

**ئەم خەباتەی نەتەوەکەمان لە پێناوی ئازادی دەیکات، لە بەرامبەریدا دوژمنانی گەلی کوردستان دەستەووەستان دانەنیشتوون، بەڵکو لە ناو هەر چوار دەوڵەتی داگیریکاری کوردستان ئەگەر ناو و رواڵەتیشیان جیاواز بێت، ئەوا چەندین ژوورگەلی جیاجیان بۆ پێشگرتن لەم خەباتە دامەزراندووە**



چارلس گۆردون، پرۆفیسۆره له بەشی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نێودەوڵەتیی فلۆریدا، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری کاروباره دەرەکییەکان لە زانکۆی ڤێرجینیا، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك یاسای نێودەوڵەتی و پەرەسەندنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری دووبارە دارشتنەوەی سنوورەکانی ئەم ناوچەیە و ئەو گۆڕانکارییانەی چاوەڕوان دەکرێت بێنەئاراوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

## چارلس گۆردون

پسپۆڕی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# پێشمەرگە کاریگەریی زۆر گرنگی دەبێت لە دروستکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا، ئەمەش لە ئاوات و خەونەکان نزیکتان دەکاتەوە

*** ئاشكرایە تیرۆریستانی داعش بە هەموو مانایەك دژی هەموو بەهاكانی شارستانی و مرۆڤایەتین، ئەوان جیهانیان بچووك كردۆتەوە بۆ دووبەرە و رایانگەیاندووە كە ئەوەی لەگەڵ داعش نەبێت، كافرە و دەبێت بكوژرێت، ئەمەش فەرزی دەكات لەسەر جیهان كە هەڵبستێت بە دروستكردنی هاوپەیمانییەك بۆ ئەوەی بەرگری لە بەها و كەرامەتی مرۆڤایەتی بكات و پارێزگاری لە شارستانییەتی جیهان بكات. ئایا تاچەند لەم قۆناخەدا هاوپەیمانی بۆ رێگرتن لە پێكدادانی شارستانییەتەكان بە گرنگ دەزانن؟**

- ئەو مەترسییانەی لە رۆژگاری ئێستادا لەئارادان، شێوە و فۆڕمی نوێ وەردەگرن و ئاشكرایە ئەمەش دەبێتە تەحەددییەك بۆ ئەو بەهایانەی باوەڕمان پێیانە و بۆ ئەو شارستانییەتەی هەمانە. ئەنجامدانی كاری نامرۆڤانە لەلایەن مرۆڤەكانەوە دژ بە یەكتر دیاردەیەكی نوێ نییە، بەڵام واقیعە سیاسییەكان و كاریگەریی سۆشیال میدیا رەهەندێكی دیكەیان بۆ ئەو هێرشانە زیادكردووە كە دەكرێنە سەر كەرامەتی مرۆڤەكان. لە كاتێكدا هەمیشە ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانكاری كارێكی پێویستە، بەڵام پێویستە كۆمەڵگەی جیهانی هاوكار بێت بۆ سنووردانان بۆ كوشتنی مرۆڤە بێتاوانەكان. ئەمەش پێویستی بە سەركردەی رۆشنگەر و بە هاوكاری هەیە. پێویستە هێزە مەزنەكان و هێزە بچووكەكان لەم پرۆسەیەدا بەشدار بن، بۆ هێنانەدی ئاشتی لەسەر ئاستی مەحەلی و ئیقلیمی و جیهانی، لەگەڵ رێزگرتن لە كەلتوورە هەمەڕەنگەكان و لە ئایینەكان لە میانەی دەستەبەركردنی كەرامەتی مرۆییدا.

*** زۆر كەس وا لێكدەدەنەوە كە لەبەر ئەوەی داعش لە عێراق و شام دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندووە، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە داعش دەیەوێت وەك دەوڵەت بمێنێتەوە و لە كۆتاییشدا دەوڵەتەكەی بكاتە ئیمپراتۆریەتی خەلافەتی ئیسلامی و شەڕێكی ئایینی درێژخایەن لە هەموو جیهانی ئیسلامی بەرپا بكات، لەمەش زیاتر جیهانی ئیسلامی بكاتە بنكەی مەشق و راهێنان بۆ هێرشكردنە سەر رۆژئاوا، ئەمەش واتە گەڕانەوەی جیهان بۆ سەردەمی پێش پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان، ئایا بۆ رێگرتن لەم ئامانجەی داعش، پێویست نییە جارێكی دیكە گۆڕانكاری لە جیۆپۆلیتكی جیهانی ئیسلامیدا بكرێت؟**

- هەر كاتێك جیاوازی لە بیروباوەڕدا بوونی هەبوو، ئەوا هەمیشە مەترسی ئەوە لە ئارادا دەبێت كە مرۆڤەكان هەڵبستن بە بەكارهێنانی ئەم بیروباوەڕانە بۆ خوڵقاندنی ناكۆكی و بێمتمانەیی و رق و قین. ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا ئەم ژینگەیە بوونی هەیە، هەر بۆیە جیهانی ئیسلامی بوار بەوە دەدات كە دابەشبوونەكان سەربكێشن بۆ شەڕ و ناكۆكی. ئەوجا بۆ ئەوەی رێگە لەم شەڕ و ناكۆكییە بگیرێت، ئەوا پێویستە جیهانی ئیسلامی جەخت لەسەر بەها هاوبەشەكان بكاتەوە و چاوی لە ئەنجامدانی گۆڕانكاری ئیجابی بێت. ئەوەی سەرجەم كۆمەڵگەكان پێویستیانە سەركردایەتییەكە كە پاڵپشتی تێكڕای كۆمەڵگەكە بكات، نەك سەركردایەتییەك كە بەلای گروپگەلێكی تایبەتدا دایبتاشێت. هەمیشە گۆڕانكاری سیاسی ڕوودەدات، بەڵام نابێت ئەم گۆڕانكارییانە بەها هاوبەشەكان تێكبشكێنێت.

*** ئەگەر ئێستای داعش و شەڕی خوێناوی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە، بە شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی سەدەی حەڤدەهەمی ئەورووپا بچوێنین، ئەوا ئاشكرایە كە شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی ئەورووپا، بە دووبارە دارشتنەوەی سنوورەكان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی كۆتایی هات، بەڵام لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە كە ئایا تا چەند گرنگە سەرلەنوێ دەوڵەتەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بكرێنەوە بە جۆرێك كە رەنگدانەوەی خواستی نەتەوەكانی ناوچەكە بێت، ئایا ئەوە دەبێتە دەروازەیەك بۆ كۆتاییهێنان بە داعش و بە شەڕی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە؟**

- ئەو كات و ساتانە هەن كە تێیدا ئەنجامدانی كاری نامرۆڤانە لە لایەن مرۆڤەكانەوە دژ بە یەكتری و هەڵگیرسانی شەڕەكان كە بە هۆی ئەو كردەوانە دێنەئاراوە، دەبنە هۆی هێنانەئارای گۆڕانكاری. هەندێ لەم گۆڕانكارییانە باشتربوونی بارودۆخی جیهانیان لێدەكەوێتەوە، بەڵام پێویستە خۆمان لە گۆڕانكارییەكانی دیكە لابدەین. بە دڵنیاییەوە خەونە نەتەوەییەكانی گەلان بەشێكی گرنگ دەبێت لە ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهاكانی كۆمەڵگە مەدەنی و پیادەكردنیان هاوشان بە بوونی سەركردایەتییەكی رۆشنگەری بەهێز دەتوانن جیهانێكی باشتر بخوڵقێنن. هەمیشە ئەركی دروستكردنی رۆژهەڵاتێكی ناوەڕاست كە ئاشتی باڵ بكێشێت بەسەریدا، لەگەڵ پاراستنی ئایین

**خەونە نەتەوەییەكانی گەلان بەشێكی گرنگ دەبێت لە ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهاكانی كۆمەڵگە مەدەنی و پیادەكردنیان هاوشان بە بوونی سەركردایەتییەكی رۆشنگەریی بەهێز دەتوانن جیهانێكی باشتر بخوڵقێنن**

**پێویستە جیهانی ئیسلامی جەخت لەسەر بەها هاوبەشەكان بكاتەوە و چاوی لە ئەنجامدانی گۆڕانكاری ئیجابی بێت. ئەوەی سەرجەم كۆمەڵگەكان پێویستیانە سەركردایەتییەكە كە پاڵپشتی تێكڕای كۆمەڵگەكە بكات، نەك سەركردایەتییەك كە بەلای گروپگەلێكی تایبەتدا دایبتاشێت**

**واقیعە سیاسییەکان و کاریگەری سۆشیال میدیا ڕەهەندێکی دیکەیان بۆ ئەو هێرشانە زیادکردووە کە دەکرێنە سەر کەرامەتی مرۆڤەکان**

و کەلتووورە هەمەڕەنگەکەی و خەونە نەتەوەییەکان، ئەرکێکی سەخت بووە. بەڵام دەرفەتەکان دێنەپێش و دەکرێت بەکاربهێنرێن.

*** دەتوانین بڵێین لەو شەڕە بەرفراوانەی ئێستا داعش لە ناوچەکەدا بەڕێوەی دەبات، تەنیا هێزێك کە توانیبێتی بە ئیمکانیەتێکی سنووردار داعش رابگرێت و پاشەکشەی پێبکات، هێزی کوردە کە ناوی پێشمەرگەیە، بەڵام کوردیش خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، کەواتە ئایا چەند گرنگە پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکرێت، وەك مودێلێك بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخ کە توانای ئەوەی هەیە خاکی خۆی لە تیرۆریستانی داعش بپارێزێت؟**

- پێشمەرگە و هەموو ئەو لایەنانەی دیکە کە پابەندن بە شەڕکردن لە پێناوی نیشتمان و بیروباوەڕ و شێوەژیانی خۆیان، زۆر گرنگی بۆ درووستکردنی رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ هەیە. ئەو گۆڕانکارییانەی بە هۆی شەڕەوە دێنەئاراوە، بۆی هەیە سەربکێشن بۆ واقیعی سیاسیی نوێ و دەرفەتگەلی نوێ بۆ خەڵکی بڕەخسێنن بۆ ئەوەی خەونەکانیان بهێننەدی. لە کاتێکدا هاتنەئارای گۆڕانکاری کارێکی قورسە، بەڵام دەکرێت بە هۆی بوونی سەرکردەی راست و دروستەوە گۆڕانکاری ئیجابی بێتەدی و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ جیهانێکی باشتر.

*** ئەگەر تێکشکاندنی داعش وەك ئیدارەی ئەمەریکا جەختی لەسەر دەکاتەوە ئامانجی هاوپەیمانی دەوڵەتانی دژی داعش بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت بە دوای میکانیزمیکدا بگەڕێین کە ئەو ئامانجە بێنێتەدی، بەڵام راستییەکانی سەر ئەرزی واقیع ئاشکرای کردووە، کە ئەو سیستمی دەوڵەتەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، سیستمێکی فاشیلە. ئایا ئەمە فەرزی ناکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاو بە سیستمی دەوڵەتدا بخشێندرێتەوە و ئەمەش وەك پێشمەرجێك بۆ ئەوەی زەمینەی تێکشکاندنی داعش بڕەخسێنرێت؟**

- هەمیشە هێنانەئارای مەرجی پێشوەخت کارێکی قورس بووە بە هۆی ئاڵۆزی ئەو بەرژەوەندییانەی کە لە ئارادان. هەندێ جار گۆڕانکارییەکانی ئایین روونن بە هۆی ئەو بارودۆخەی لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە. ئەو سیستمی دەوڵەتەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە و ئەو پێوەندییەی هەیەتی بە هێزە ئەورووپییەکان و ئەمەریکا میراتێکی ئاڵۆزی هەیە. هەمیشە بەختیش رۆڵی خۆی هەبووە. ئەگەرچی هەمیشە هێز دوابڕیاردەر نابێت. بەڵام بوونی سەرکردەی پێداگیر و داهێنەر وەك لایەنێکی گرنگ لەم پرسەدا دەمێننەوە.

*** بەهۆی ئەوەی ئەمەریکا و رۆژئاوا و رووسیا، ستراتیژیەتێکی هاوبەشیان نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەست دەکەین دەوڵەتانی ئیقلیمی وەك ئێران و سعودیە و تورکیا، جێگەی هێزە گەورەکان و ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشیان گرتۆتەوە، مێژووش پێمان دەڵێت هەر کاتێك هێزە گەورەکان رۆڵیان نەبووبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو ناوچەیە بۆتە بەشێکی سەرەکیی هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، ئایا نەبوونی ستراتیژیەتی هاوبەش لە نێوان هێزە گەورەکان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کۆتاییهاتن نابات؟**

- بە زۆری بۆشایی دەسەڵات سەردەکێشێت بۆ پشێوی و ناکۆکی. هەرچۆنێك بێت، مێژوو ئەوەی خستۆتەڕوو کە شەڕ و ناکۆکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ لێکنیزیکبوونەوە و هاوکاری نێوان هێزە مەزنەکان. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێندە گرنگە بۆ ئاشتی جیهانی کە هیچ بەدیلێکی عەقڵانی نییە بۆ هاوکاری نێوان هێزە مەزنەکان کە پێویستە هێزە ئیقلیمیەکانیش لەخۆ بگرێت.

*** مەترسییەکی دیکە لە ناوچەکە ئەوەیە کە دەوڵەتە ئیقلیمییەکان خاوەنی چەکی نیوکلیارین، بەتایبەتی پاکستان و ئیسرائیل و ئێرانیش خەریکە دروستی دەکات، ئایا مەترسی ئەوە ناکرێت ئەگەر ئاستی ناکۆکییەکانی ئێران و سعودیە بگاتە شەڕ، مەترسی بەکارهێنانی چەکی نیوکلیاری، یان چەکی دیکەی کۆکوژ بێتەئاراوە؟**

- با جیهان ئومێدی ئەوە بخوازێت و نزا بکات کە هەرگیز جارێکی دیکە چەکی ناوکی بەکار نەهێنرێتەوە. لە رابردوودا چەکە کۆمەڵکوژەکانی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکار هێنراون و دەکرێت جارێکی دیکەش بەکار بهێنرێنەوە. بەو پێیە، گرنگە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەگەڵ کاراکتەرە ئیقلیمیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات بۆ سنووردارکردنی شەڕ و ناکۆکییەکان و رێگرتن لە بەکارهێنانی هەر جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ.

**گرنگە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەگەڵ کاراکتەرە ئیقلمیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات بۆ سنووردارکردنی شەڕ و ناکۆکییەکان و رێگرتن لە بەکارهێنانی هەر جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ**

# بۆچی لە وەرزش و هونەردا نوێنەری عێراق بین؟



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەنووسێت

asidiq1962@yahoo.com

ئەزموونی ژیان و مێژووی گەلان ئەوەیان سەلماند کە گەشتی هەزار میل بە هەنگاوێك دەست پێدەکات، ئیدی جێگەی خۆیەتی کە هەنگاوی یەکەم و یەك هەنگاویش بە کەم تەماشا نەکرێن، چونکە ئەوە کۆی هەنگاوەکانە دواتر هەر کەسێك بە ئامانجی دوور و نزیکی خۆی دەگەیەنێت. دوو بواری زۆر گرنگ هەن کە ساڵانێکە ئێمەی کوردستانییان وزە و تواناکانی خۆمانمان تیایاندا خستۆتە خزمەتی دەوڵەتی عێراقی عەرەبییەوە و نوێنەرایەتی ئەوانی تیادا دەکەین، کە ئەوانیش بواری وەرزش و هونەرن. سەرەتا ئەوە راستە کە وەرزش مافێکە لە مافەکانی مرۆڤ، بەڵام ئەمڕۆ وەرزش تەنیا خودی یاری و گەمەکە نییە، بەڵکو رەهەندێکی سیاسیی گرنگی وەرگرتووە و ناوی وڵاتان دەردەخات. بۆ نموونە ئەگەر تۆپی پێ نەبێت، زۆر کەس -بەرازیل و ئەرژەنتین-ی نەدەناسی. ئەگەر یاری راکردنە خێراکان نەبوایە زۆر کەس جامایکای نەدەناسی. بۆیە وڵاتان ئەمڕۆ لە پێشبڕکێدان بۆ گەیشتن بە یارییەکانی مۆندیال و ئۆلۆمپیاد، چونکە وەرزش پێدانی ناسنامەیە بە هەر گەل و وڵاتێك و ناساندنیەتی بە ئەو دوای گەلان. فەلەستین لە وەرزشەوە سەربەخۆیی بەدەستهێنا کاتێك لە دوای ساڵی ١٩٤٨ و لە ژێر ئاڵای خۆی و بە ناوی خۆیەوە بەشداری وەرزشەکان دەبوو لە خولی وڵاتە عەرەبییەکاندا لە ئەسکەندەرییە و تا ساڵی ١٩٩٤ لە ئۆلۆمپیادی لۆس ئەنجلۆس-دا دادان نرا بە فەلەستیندا وەك وڵاتێکی سەربەخۆ لە بواری تۆپی پێ و زۆر یاری دیکەدا، تا بە ئەمڕۆ گەیشت کە وەك ئەندامی چاودێر لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کورسی خۆی هەیە. تایوانیش بە هەمان شێوە، چونکە سەربەخۆیی وەرزشیی زامن کردووە، دەبینیت وڵاتێکی وەك چین دداں دەنێت بە تایواندا وەك وڵاتێکی سەربەخۆ لە وەرزشدا.

بۆیە پێویستە ئێمەی کورد لە خولەکانی عێراق بکشێینەوە و یاریزانیشمان بۆ هەڵبژاردەی عێراق نەنێرین، چونکە هەموو سەرکەوتنەکان بۆ عێراق ئەژمار دەکرێن و ئاڵای عێراق شەکاوە دەبێت.

پێویستە خۆمان خولی ساڵانەی وەرزشی بۆ گشت یارییەکان بکەینەوە و، وەرزشی کوردستانی نوێنەری خۆی بێت لەسەر ئاستی دەرەوەشدا، چونکە وەرزش:

١. پردی پێوەندیی نێوان گەلانە.
٢. ناسنامەی نەتەوەو وڵات و هەرێمەکانە.
٣. کلیلی کردنەوەی دەرگا و کەناڵی پێوەندیی نێودەوڵەتییە.
٤. زمانی هاوبەشی نێوان گەلانی جیاوازە.
٥. کەلتووری ئاشتی و شێوازی دۆستانەی ژیانە.

بۆیە کە ئەمڕۆ باس لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەین، وا چاکە بواری وەرزش لەبیر نەکەین، لەم پێناوەشدا ئەم هەنگاوانە بەپێویست دەزانم:

یەکەم: کشاندنەوەی یانە وەرزشییەکان لە خولە وەرزشییەکانی عێراق، چونکە:

١. یانەکان بودجەیەکی زەبەلاحیان پێویستە بۆ سەرکەوتن.
٢. ئەگەر هەر یانەیەکی کوردستانی پلەکانی یەکەم تا سێیەمیش وەدەست بهێنێت، ئەوسا لە سەر ئاستی وڵاتە عەرەبییەکان و ئاسیادا دەبێتە نوێنەری عێراق و سەرکەوتنەکانیشی بۆ عێراق ئەژمار دەکرێن.
٣. بۆ ئەم سەرکەوتنەش دەبێت چەندین یاریزانی عەرەب بە پارەیەکی زۆرەوە بهێنرێن.
٤. یاریزانە کوردەکانی خۆمان پشتگوێ دەخرێن و تواناکانیان دەپووکێنەوە.

دووەم: رێکخستنی خولێکی رێکی کوردستانی بۆ ئاست و پلە جیاوازەکان لە کوردستاندا.

سێیەم: بەشداریی پێکردنی یانە براوەکان لە یارییەکانی دەرەوەی وڵاتدا.

لە بواری هونەریشدا پێویستە تیپە هونەرییەکانمان لە ژێر ئاڵای کوردستان و بە ناوی کوردستانەوە بەشداریی چالاکییە هونەرییەکان بکەن، نەك بەناوی عێراقەوە، چونکە هونەریش ئەو بوارەیە کە سەربەخۆبوون تیایدا هەنگاوێکە بەرەو سەربەخۆیی سیاسی، لەبەر ئەوەی هونەری مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و شانۆ و وێنەگرتن و خۆشنوویی و پەیکەرتاشی و .. تاد، رۆڵی سەرەکییان لە ناساندن و پێدانی ناسنامە بە گەلان هەیە، چونکە هونەر

١. زمان و مۆرکێکی ئینسانی هەیە و لە خزمەتی مەسەلە مرۆییەکاندایە.
٢. بۆ هەمووانە و بە هەمووانت دەناسێنێت.
٣. باشترین باڵیۆزە بۆ هەر گەل و نەتەوەیەك.
٤. دیوار و بەربەستی نێوان مرۆڤەکان لا دەبات.
٥. چەکێکی کەلتووریی کاریگەرە لەبەرامبەر پەیامی ناحەزاندا.

بۆیە لە بواری هونەریشدا بە هەمان شێوە پێویستیمان بە هەنگاوی هاوشێوەی هەنگاوەکانی بواری وەرزش هەیە.

# ڕیفراندۆم و هەنگاوی سەربەخۆیی



عەبدولڕەحمان کەریم دەرویش*

بۆ گوڵان نووسیویەتی





لەم دۆخە هەستیارەدا کە کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت، زۆر پێویستە تەواوی تواناکانمان بەکاربهێنین بۆ دەرچوون لەم تەنگەتاوە، بەرەو کرانەوەیەکی یەکجارەکی لەسەر ڕێگای بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین هەنگاو بنێین. بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم ئاواتی هەموو نیشتمانپەروەرێکی زیندووکردەوە و خەونی میللەتێکی خرۆشکرد، هەموو کوردێکی بەشەرف وەها هەست دەکات ئاواتی سەربەخۆیی نزیك بوویەوە، ئەمجارەیان کورد ئەتوانێت بگاتە مەقسەدی خۆی بەبێ ئەوەی کۆسپێکی گەورە بێتە ڕێگای. ئەم بابەتە هەوڵدەدات پێگەی ریفراندۆم لەناو هاوکێشەی خەباتی رزگاری گەلان و دیموکراسی دیاری بکات. بە مەرجێك خەباتی رزگاری عەقڵانیترین خەباتی سیاسیی گەلانە کە فکری سیاسی بەپلەی یەکەمی خەبات هەژماری دەکات و لە پلەی دووەم خەبات لەپێناو پاراستنی ئەو رزگارییە دێت، ئەنجا ئاستەکانی خەبات دیاری دەکرێت بەپێی تایبەتمەندی دۆخ و ویستی گەلان، هەوڵی دانانی ریفراندۆم وەك ڕێکارێکی مەدەنییانە بۆ سەربەخۆیی نابێتە هۆی شوێنگرتنەوەی هیچ کام لە ڕێکارەکانی میللەتان بۆ گەیشتن بە مافی رەوای چارەنووسی خۆیان لە سەرەوەشیان خەباتی شۆڕشگێڕانەیە.

**بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەنجامدانی ریفراندۆم ئاواتی هەموو نیشتمانپەروەرێکی زیندووکردەوە و خەونی میللەتێکی خرۆشکرد**

**دەبێ هەموو کەسێک ئەو ڕاستییە بزانێت کە سەربەخۆیی مافی کوردە و هەر دەبێ بە ڕیفراندۆم، یان بە بێ ڕیفراندۆم، بە دەستی بهێنێت، هەتاوەکو سەربەخۆش نەبین ئەوا کێشە سەرەکییەکانمان چارەسەر نابێت**

**کورد ئەیەوێ سەربەخۆ بێت و مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بەدەست خۆی بێت، ئەمەش شەرعییەتی دەسەڵاتی عێراقی لەسەر کوردستان کۆتایی پێدەهێنێت**

**ریفراندۆمی میللەتی کوردستان نابێتە کۆسپ لە بەردەم هەنگاوە جیهانییەکان بۆ دیموکراسی، بەڵکو دەبێتە ئەڵقەیەکی نوێ بۆ گرێدانەوەیەکی ئاسۆیی دیموکراسی جیهانی**

### ● یەکەم: سەربەخۆیی وەك تاجەگوڵی مافی چارەی خۆنوسین لە هزری دیموکراسی:

مافی چارەی خۆنووسین مافێکی بنەڕەتی و سەرەکییە بۆ میللەتان، هەموو میللەتانی جیهان خەبات و تێکۆشانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆنووسین بە دەستی خۆیانەوە بێت و هیچ لایەنێکی دەرەکی نەتوانێت ئەو مافەیان لێ زەوت بکات. بۆ هەموو دیموکراسخوازێك ئاشکرایە شێوازی لیبرڕالی بۆ دیموکراسی بەپەنای بیرۆکەی یاسای سرووشتی بونیاد نراوە، فەلسەفەی سیاسی لیبرڕالی دەسەڵات و سەرەوەری و یاسادانان و موڵکداریێتی دەگەڕێنێتەوە بۆ میللەت لە ڕێگای تاکەکانیەوە، بەمەش میللەت خۆی سەروەریی خۆی بەکاردەهێنێت بە دامەزراندنی دەوڵەت و خۆیشی سەربەخۆیی سیاسی بۆ خۆی دیاری دەکات بە دیاریکردنی سیستمی سیاسیی گونجاو بە کەلتوور و بەرژەوەندییەکانی خۆی، هەرچەندە بنەمای دیموکراسی گشتییە و بنەمای لیبرڕالی تاکگەراییە، بەڵام لیبرڕاڵیزم توانی ئیشکالیەتەکانی دیموکراسی چارەسەر بکات ورێگر بێت لەبەردەم هەرەشەکردنی دیموکراسی بۆ سەر ئازادی، چونکە بنەمای گشتی دیموکراسییەت ئیشکالیەتی ئازادی لێدەکەوێتەوە، بۆیە تەنیا شێوازی لیبرڕالی دەتوانێت ئازادی بپارێزێت. بوونیاتی فەلسەفی لیبرڕالی ئیشکالیەتی پێوەندی نێوان ستەمکاری و پاشکۆیەتی و دیموکراسی لە هزری سیاسیی هاوچەرخدا بەم شێوەیە پۆلێن بکات، دواتر هەڵدەستێت بە دانانی نەخشەی چارەسەرکردن:

یەکەم: ئیشکالیەتی دیموکراسی و رزگاری: گرفت تووشی میللەتان دەبێتەوە، ئەویش گرفتی داگیرکارییە، هەر میللەتێك تووشی ستەمکاری دەرەکی ببێتەوە، ئەوە هەموو تواناکان چڕدەکرێتەوە بۆ رزگاری نیشتمانی و نەهێشتنی ستەمکاری دەرەکی. واتە رزگاری لە پاشکۆیەتی لیبرڕاڵیزم لە هەنگاوی یەکەم ڕەوایەتی خەباتی رزگاری پلەی یەکەمە بۆ دامەزراندنی وڵات تاوەکو سەروەری (دەسەڵاتی رەها)ی ئەو میللەتە لە دەستی خۆیدا بێت، چونکە پێیانوایە میللەتێکی پاشکۆ ناتوانێت لە دۆخی ئازادی بژیت و هەرگیز درك بە رەهەندی ئازادی ناکات.

دووەم: گرفتی نەهێشتنی ستەمکاری ناوخۆیی بە یەکخستنەوەی میللەت لە ژێر چەتری یەك سیستمی سیاسی. ئەم گرفتە لای لیبرڕاڵەکان بە دانانی دستووری نیشتمانی و دروستکردنی سیستمی سیاسی و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی بە دیموکراسی دائەڕێژێت.

دەردەکەوێت کە فکری سیاسی لیبرڕالی رزگاری وەك پلەی یەکەم دادەنێت بۆیە وەك مافێکی سەرەکی هەژماری دەکات و سەروەری کە دەسەڵاتی رەهای میللەتێکە وەك پیرۆزترین ئاست دەناسێنێت، بۆیە لیبرڕاڵ دیموکراسەکان دەوڵەتی نەتەوەیی وەك سیمبولی پێشکەوتنی میللەتان هەژماردەکەن و ماف دەدەن بە میللەتان بۆ ئەم مافە خەبات بکەن و کاریشیان کرد لە پێناو رەوابوونی هەر ڕێکارێك میللەتان هەنگاوی بۆ دەنێن لەپێناو رزگاری، ریفراندۆمیش یەکێك لەو ڕێکارانەیە کە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینە کە هەمیشە بڵێسەی خەبات و تێکۆشان و شۆڕش بووە و هەموو بزووتنەوەکانی رزگاری لە سەر بنەمای ئەم مافە خەبات و تێکۆشان دەکەن. چەندین پەیمان جیهانی رایگەیاندووە وەك کۆمنترۆنی نێونەتەوەیی دووەم لە ساڵی ١٨٩٦ و بنەماکانی ویلسون لە ساڵی ١٩١٨ و لە ڕێککەوتننامەی فیرسای ١٩١٩ هاتووە، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٠ داوای کرد بە ئاشتییانە مافی هەموو میللەتێکی خوازیاری سەربەخۆیی بدرێت، لە ساڵی ١٩٧٠ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ددانی بە مافی چارەی خۆنووسیندا داوە، لە ساڵی ٢٠١٠ـەش دادگای دادی نێودەوڵەتی بڕیاری شەرعییەتی راگەیاندنی دەوڵەتی بۆ میللەتان راگەیاند و پێشیانوایە کە ئەو راگەیاندنە دژی یاسای نێودەوڵەتی نییە.

### ● دووەم: ماهییەت و چەمکی ریفراندۆم

لە وڵاتانی خۆرئاوا و لەبەر ئەوەی گرفتی پاشکۆیەتییان تێپەڕاند و قۆناغی رزگارییان تەواو بە سەرکەوتوویی بەڕێخستبوو، تەنیا لە ناواخنی خۆڕێکخستن و بە گەڕخستنی دۆخی ناوخۆیی خۆیان بوون بۆ گەیشتن بە دۆخی ئازادی، بەمەش پێیانوابوو دەبێ دیموکراسی قووڵ بکرێتەوە بە گەڕانەوەیەکی زۆرتر و کارا تر بۆ میللەت لە ڕێگای ریفراندۆم، چونکە ریفراندۆم ڕێسایەکی دیموکراسیی نیمچە راستەوخۆیە بانگەشەی بۆ دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە گشتییەکان، هاووڵاتی لە ڕێگای ریفراندۆم بەشداری راستەوخۆ دەکات لە پرسە گشتییەکان و

راستەوخۆ بەشداری دەکات لە نەخشەکێشانی داهاتوو، راپرسی، یان ریفراندۆم (Referendum) بەرامبەرە عەرەبییەکەی (استفتاء)ـە و مەبەست ڕاوەرگرتنە لە رێگەی پرسکردن بۆ فەرماندان و یەکلاکردنەوەی دۆخی دیاریکراو، یان دەستپێکردنی سەردەمێك، یان دۆخێکی نوێ. لە ناو قورئانی پیرۆزدا وشەی «استفتاء» هاتووە لە چەند ئایەتێکدا بە مانای راوەرگرتن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسێك. لە دەلالەتی مانای راپرسی دەردەکەوێت کە راپرسی بەو کەسە دەکرێت کە خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوەیە و لەبەر ئەوەی میللەت خاوەن شەرعییەتی فەرمانڕەواییە، بۆیە دەبێ هەمیشە راپرسی بە میللەت بکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکان و وەرگرتنی بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ هەر پرسێك بێت. بەڵام بە زۆری راپرسی رەهەندێکی سیاسی وەرگرت بە ئاستێکی بەرفراوانتر لەوەی لە خۆرئاوا دەرکەوت.

گرنگی ریفراندۆم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەسف دەکرێت، وەك چارەسەرێکی سەردەمییانە بۆ کەموکوڕییەکانی دیموکراسیی پەرلەمانی، بەم ئالییەتە بەرجەستەکردنێکی روون و ئاشکرایە بۆ بنەماکانی دیموکراسی، چونکە گەڕانەوەیە بۆ گەل لە بڕیارە چارەنووسسازەکان، گەل لە پەراوێزی دیموکراسی نوێنەرایەتی رزگاری دەکات و لە ژیانی سیاسی چالاکی دەکات، بەمەش گرفتی بەشداری سیاسی کەم دەکاتەوە، دەرکەوتنی کەموکوڕی لە دیموکراسی وەك سیستم و سەرهەڵدانی (ستەمکاریی پەرلەمان) وەهای کرد، راپرسی ببێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی، بە گەڕانەوەی راستەوخۆ بۆ رای میللەت بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنووسسازەکان. ریفراندۆم سەلماندی قۆرخکردنی چارەنووسی وڵات دیموکراسی هاوتا نییە لەگەڵ نوێنەرایەتی پەرلەمانی بە تەنیا، بەڵکو سیستمی پەرلەمانی جۆرێکە دەکرێت دیموکراسی بێت و دەکرێش دیموکراسی نەبێت، و ناکرێت دیموکراسی وابەستەی ئەم سیستمە بکرێتەوە بە تەنیا. دیموکراسیش بە وابەستەبوونی بە میتۆدی ئەبستمۆلۆژی و فەلسەفەیی لیبراڵی توانی سەرکەوتوو ببێت. ریفراندۆم چەندین جۆر و چەشنی هەیە، هەمووی بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ شەرعییەتی میللەتدایە و نزیکبوونەوەیە لە سەرچاوەی شەرعییەتی ژیانی سیاسی لە ناو ئەو میللەتەدا.

## ● سێیەم: مێژووی سەرهەڵدان

لە مێژووی نویدا ریفراندۆم بە شێوەیەکی سیستماتیکی وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی دیموکراسی لە سویسرا سەری هەڵدا بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە گرنگەکان لە سەدەی ١٥وە، لەهەمان کاتدا بەکارهێنرا وەك ئامرازی راوێژکردن بە میللەت لەسەر پرسێکی دیاریکراو، لە دوای سویسرا ریفراندۆم لە وڵاتانی دیکە کاری پێکرا، لە ئەمریکا رێکاری یاسایی بۆ چەندین جۆر و ئاستی ریفراندۆم دانرا، کە هەندێکیان پرسی سیاسی نییە. تاوەکو سەدەی بیستەم ریفراندۆم بوو بە ئالیەتێکی سەرەکی لە ئالیەتەکانی دیموکراسیی راستەوخۆ، بەڵام لە وڵاتانی دیموکراسی نوێنەرایەتی هەوڵ درا ئەم جۆرە لە دیموکراسییە تەنانەت بۆ پرسە چارەنووسسازەکان بەکاربهێنرێت، یان تەنیا بۆ راوێژکردن لەسەر هەندێ پرس. لە راستیدا سیاسەتمەدارەکان دەگەڕێنەوە بۆ ریفراندۆم کاتێك ناتوانن خۆیان لە سەر هەندێ پرس رێکبکەون. ئالیەتی ئەنجامدانی ریفراندۆم جۆراوجۆرن، بەپێی یاسا هەر وڵاتێك جۆرێك لە رێکخستنی ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەیە، بەڵام هەرگیز ناکرێت ئەم مافە لە هاووڵاتیان بسێندرێتەوە. هەمیشە چڕدەبێتەوە لەسەر:

١. سەربەخۆیی
٢. دانانی دەستوور.
٣. هەموارکردنەوەی دەستوور.
٤. پرسە چارەنووسسازەکان.

مەبەستی ریفراندۆم دروستکردنی بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەهێشتنی ناکۆکی ناوخۆییە و بۆ گرەنتیکردنی پشتیوانی گشتی بۆ هەنگاوە سیاسی و ئابوورییەکان ئەنجام دەدرێت. راپرسی هەیە دەبێ بەشداری تیادا بکرێت و راپرسیش هەیە بەشداری تیادا ئارەزوومەندانەیە Optional referendum. یەکەم (راپرسی دەستووری) لە فەرنسا راپرسی کرا لەسەر دستووری ١٧٩٣ و دستووری ١٧٩٥ راپرسی لە مێژووی نوێ بە یاسای تەشریعی ئەنجام دراوە، ئەو ریفراندۆمە بووە کە لە سەر دەستوری ١٨٧٤ی سوسیرا ئەنجام دراوە و، بەپێی مادەی ٨٩ هەموو یاساکان بۆ ریفراندۆم ئامادە دەکەرێت. ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت، یان بەداوەتی دەسەڵاتی جیبەجێکار، یان لە رێگای دەستپێشخەری میللی، یان پەرلەمانی دەبێت و هەر حاڵەتێك تایبەتمەندی و رێکاری خۆی هەیە. ئاستی دیموکراسی پێوانەدەکرێت لە یەکێك

**ریفراندۆم رای خەڵکی کوردستانە و بە هەموو دنیای رادەگەیەنێت، ئەمەش نە کوفرە و نە پێویستی بە کاتێ گونجاوە تاوەکو بوترێت ئەمە کاتی نییە. خەڵکی کوردستان سزای حکومەتی عێراقی دەدات بە دەنگدان دژی مانەوەی لەگەڵ حکومەتێک کە دەست دەبات بۆ بڕینی قوتی بەبێ ئەوەی کورد هیچ گوناحێکیان کردبێت**

**کورد بە ریفراندۆم خۆی جیادەکاتەوە لە ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەمەش جیهان بە چاوێکی جیاواز و سەربەخۆ سەیری دەکات**

**دوای ئەزموونێک لە یەک سەدە چەندین حکومەت و چەندەها بیروباوەڕی جیاجیا فەرمانڕەوایی عێراقیان کرد، کامیان باش بوون بۆ کورد؟ عێراق دوای سەدەیەک نەک هێشتا کورد وەک هاووڵاتییەک هەژمار ناکات، بەڵکو هەمیشە کوردی وەک رەگەزێکی بێگانە هەژمار کردووە**

لە رەهەندە سەرەکییەکانی بە چەندی نزیکبوون لە گەڕانەوە بۆ رای خەڵك لە پرسەکان بۆ ئەوەی ئەوان لە وێنەکێشانی تراکی داهاتووی خۆیان بەشدار بن.

**● چوارەم: ریفراندۆم وەك رێگایەك بۆ سەربەخۆیی**

ئەم جۆرە، یان ئەم چەمکە لە ریفراندۆم سەری هەڵدا و گەڵاڵە بوو لە ناو تێگەی گشتی فەلسەفەی سیاسی و دواتر بوونیاتی یاسایی بۆ دانرا لە ئاستی نێودەوڵەتی لە کۆتاییەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم، کاتێك مشتومڕێکی هزری زۆر توند لە نێوان قوتابخانە هزرییەکان بەرپا بوو، هاوشان لەگەڵ گڕسەندنی ئاگری شۆڕشی رزگاری لەناو ئەو میللەتانەی کە ژێردەستی کۆلۆنیالیزمن، قوتابخانەی لیبراڵی کلاسیکی زۆر بە توندی داوای ئەوەی دەکرد کە رای ئەو میللەتانە وەربگیرێت لە سەر یەکلاکردنەوەی دۆخی خۆیان بە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە سەر چارەنووسی خۆیان بە سەرپەرشتییەکی نێودەوڵەتی. ئەم جەختکردنە وەهای کرد دەوڵەتانی کۆلۆنیال وەك بریتانیا و فەرەنسا بە رەواڵەتی دەدان بەم رێکارەدا بنێن. دواتر کرا بە بەندێکی سەرەکی لە ناو لیژنە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتە زلهێزکان، دواتر کرا بە خاڵێکی سەرەکی بۆ چارەکردنی پرسی نەتەوەکان لە ناو عوسبەی میللەتان. لە سەرەتای شەستەکان نەتەوەیەکگرتووەکان وەك بنەمایەکی سەرەکی بۆ چارەکردنی پرسی نەتەوایەتی ریفراندۆمی راگەیاند، کاتێك لە ساڵی ١٩٦٠ ساڵی سەربەخۆیی راگەیاند. لە راستیدا راگەیاندنی ساڵی سەبەرخۆیی دەژی کۆلۆنیالیزم تەنیا لە رەگەزی هزری لیبراڵی نەبوو، بەڵکو توخمێکی مارکسی و سۆشیالیزمی و نەتەوەیی تیادا هەبوو کە بە هەموویانەوە چوارچێوەیەکی هزری و یاسایی بۆ پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەبوو، ئەو مافەش لە رووی تیۆری و یاسایی بە هەموو میللەتانی دنیا دراوە، ئەو مافەش پارێزراوە بۆ میللەت و تەنیا بۆ یەك جار نییە. نموونەی راپرسی سەربەخۆیی جەزائیر لە ساڵی ١٩٦٢، فەرەنسییەکان دیانگوت جەزائیرییەکان سەربەخۆییان ناوێت، بۆیە راپرسییەکە بۆ فەرەنسیەکان کەمەرشکێن بوو، چونکە میللەتی جەزائیر دەنگیان بە سەربەخۆیی دا. دواتر چەندین ریفراندۆم ئەنجام درا بۆ سەربەخۆیی وەك ریفراندۆمەکەی باشووری سودان و کۆسۆڤۆ و ئۆستیا و تەیموری رۆژهەڵات و چەندینی دیکە. جگە لەوەش لە ولاتانی پێشکەوتوو لە خۆرئاوا ئەم مافە ناوبەناو بەکاردەهێنرێت بۆ سەربەخۆیی، نموونەی دواییینیان بریتانیا خۆی بوو.

**● پێنجەم: مێژووی کورد لەگەڵ ریفراندۆم**

لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە کاتێك هەموو جیهان لە قۆناغی دارشتنەوە بوو، چەندین رێککەوتننامەی جیهانی واژوو کران، هەندێکیان چارەنووسی کوردی دیاری کرد، ئەوەی سەیرە چەند رێککەوتنێك بەتایبەت، سان ریمۆ، سیڤەر و تەوسیاتی لیژنەی پرسی موسڵ ئاماژەیان دا بە پێویستی ئەنجامدانی ریفراندۆمێك بۆ زانینی رای کورد لەسەر دیارکردنی چارەنووسیان، بەڵام بەداخەوە چەندین هۆکار وەهای کرد، ئەو ریفراندۆمانە ئەنجام نەدرێن، کوردیش وابەستەی داگیرکەری عێراقی بوویەوە. سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول چەندین جار داوای کردووە لە هێزە نێودەوڵەتییەکان رێگای ئەنجامدانی ریفراندۆمێك بە کورد بدەن، بۆ ئەوەی رای میللەتی کورد وەربگیرێت، دیارە گەڕان بە ناو مێژووی هاوچەرخی کورد، دەیان هەوڵی سەرنەگرتووی کورد بۆ سەربەخۆیی دەردەخات، دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك لە مەینەتیی وەها، کورد دووبارە لە بەردەم ئەگەری ئەنجامدانی ریفراندۆمێکە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی. کوردی باشوور ریفراندۆمی نافەرمییان ئەنجام داوە وەك ریفراندۆمی ٢٠٠٥ دواتر کورد ریفراندۆمی کرد لەسەر دەستووری عێراقی. ئەم ریفراندۆمە چاوەڕوانکراوە دەبێتە هۆی ئەوەی کورد بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە و مێژوویەکی دیکە بۆ کوردستان بنووسرێتەوە.

**● شەشەم: ئیشکالیەتی پێوەندی عێراق بە پرسی کورد**

حکومەتی عێراقی چەندین زوڵمی بەرامبەر کورد ئەنجام داوە، کەچی لە هیچیان پەشیمان نەبۆتەوە، بەڵکو هەمان سیاسەت دووبارە دەکاتەوە و هەموو بەرەنجامەکانی سیاسەتی کۆنی حکومەتی عێراقی دەسەپێنێت و دەستی پێوەدەگرێت. نییەتی عێراق بەرامبەر کورد هەرگیز باش نییە و باشیش نەبووە. حکومەتی عێراقی میراتگەری هەمان بونیادی موخابەراتی عێراقی کۆنە سەبارەت بە کورد ئەو هێزانەی کە یارمەتی دەدران هەمان هێزن و هەر ئەوانیش ئێستا لە جیاتی حکومەتی عێراقی بۆ دژایەتیکردنی ریفراندۆم کار دەکەن. حکومەتی عێراقی بە هەموو

**نییەتی عێراق بەرامبەر کورد هەرگیز باش نییە و باشیش نەبووە. حکومەتی عێراقی میراتگری هەمان بونیادی موخابەراتی عێراقی کۆنە سەبارەت بە کورد ئەو هێزانەی کە یارمەتی دەدران هەمان هێزن و هەر ئەوانیش ئێستا لە جیاتی حکومەتی عێراقی بۆ دژایەتیکردنی ریفراندۆم کار دەکەن**

**مەبەستی ریفراندۆم دروستکردنی بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەهێشتنی ناکۆکی ناوخۆییە و بۆ گرەنتیکردنی پشتیوانی گشتی بۆ هەنگاوە سیاسی و ئابوورییەکان ئەنجام دەدرێت**

**گەل لە پەراوێزی دیموکراسی نوێنەرایەتی رزگاری دەکات و لە ژیانی سیاسی چالاکی دەکات، بەمەش گرفتی بەشداری سیاسی کەم دەکاتەوە، دەرکەوتنی کەموکوڕی لە دیموکراسی وەک سیستم و سەرهەڵدانی (ستەمکاریی پەرلەمان) وەهای کرد، راپرسی ببێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی، بە گەڕانەوەی راستەوخۆ بۆ رای میللەت بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنووسسازەکان**

شێوازێك كاری كردووە لەسەر تێكدانی ڕەوشی ئابووریی كوردستان و هەرگیز ڕێگانادات ڕەوشی ئابووریی كوردستان باش ببێتەوە، بەڵكو لەداهاتوودا كاردەكات بۆ ئەوەی كورد نەتوانێت خاوەن پێگەیەكی ئابووری بێت، تاوەكو ویستی سەربەخۆییان زیاد نەكات. كێ دەتوانێت گرەنتی ڕەفتاری باشی حكومەتی عێراقی بەرامبەر بە كورد بكات؟ دوای ئەزموونێك لە یەك سەدە چەندین حكومەت و چەندها بیروباوەڕی جیاجیا فەرمانڕەوایی عێراقیان كرد، كامیان باش بوون بۆ كورد؟ عێراق دوای سەدەیەك نەك هێشتا كورد وەك هاووڵاتییەك هەژمار ناكات، بەڵكو هەمیشە كوردی وەك ڕەگەزێكی بێگانە هەژمار كردووە. عێراق پڕە لە گرفت و مەشاكیلی زۆر. كورد لە هیچیان بەرژەوەندی نییە، ئەوانیش سوورن كورد ببێتە بەشێك لەو ململانێیانە. عێراق هیچ كاتێك یارمەتی كوردیان نەداوە، بەڵكو هەمیشە كاریان كردووە بۆ لەیەكترازانی ماڵی كورد و تەرحیل و تەعریب و ئەنفال و كوشتن و تێكدانی ماڵی كوردیش تاوەكو ئێستا بەردەوامە. بۆیە سەربەخۆیی تەنیا چارەسەرە بۆ دووركەوتنەوە لە گرفتی عێراق.

● **حەوتەم: كاریگەری ریفراندۆم لە سەر داهاتووی كوردستان**

ریفراندۆم كاریگەری ئەرێنی زۆر دروست دەكات لەسەر پرسی كوردستان، چونكە لایەنی كەم ئەمانە بۆ كورد جێبەجێ دەكات:

- ڕێگادانە بە میللەت بۆ مومارسەكردنی مافی خۆی لە یەكلاكردنەوەی پرسە چارەنووسسازەكان.
- بۆ ئەوەی هەموو جیهان بە بێگومان ڕای میللەتی كورد بناسێت لە سەر پرسی سەربەخۆیی.
- تێڕوانینی میللەتی كورد یەكلابكرێتەوە. بڕیاری میللەتی كورد بە بێ چەواشەكاری بدرێت.
- كورد بە ریفراندۆم لە كێشەی عێراق خۆی ڕزگار دەكات. بۆ دەبێ كورد بە دەردی گرفتی عێراق بسووتێت؟ عێراق هیچ بەڵێنێكی بەرامبەر كورد جێبەجێ نەكردووە.
- كورد بە ریفراندۆم خۆی جیادەكاتەوە لە ئاڵۆزییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەمەش جیهان بە چاوێكی جیاواز و سەربەخۆ سەیری دەكات.
- ریفراندۆم خەسڵەتێكی دیموكراسی نێودەوڵەتییە لە چەندین شوێن لە جیهاندا بەكاردەهێنرێت.
- ریفراندۆمی میللەتی كوردستان نابێتە كۆسپ لە بەردەم هەنگاوە جیهانییەكان بۆ دیموكراسی، بەڵكو دەبێتە ئەڵقەیەكی نوێ بۆ گرێدانەوەیەكی ئاسۆیی دیموكراسی جیهانی.
- كوردستان لە بەردەم قەیرانی دیمۆگرافییە، بۆیە زۆر گرنگە هەتا زووە ڕاپرسییەك ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بتوانێك لایەنی كەمی مافە نەتەوایەتییەكانی دابین بكات.
- ریفراندۆم ئامادەسازییە بۆ قۆناغی گەیشتن بە سەربەخۆیی، واتا هەنگاوی شەرعی بەرەو سەربەخۆیی دەست پێدەكات.

● **بەرەنجام:**

ریفراندۆم ڕای خەڵكی كوردستانە و بە هەموو دنیای ڕادەگەیەنێت، ئەمەش نە كوفرە و نە پێویستی بە كاتێ گونجاوە تاوەكو بوترێت ئەمە كاتی نییە. خەڵكی كوردستان سزای حكومەتی عێراقی دەدات بە دەنگدان دژی مانەوەی لەگەڵ حكومەتێك كە دەست دەبات بۆ برینی قوتی بەبێ ئەوەی كورد هیچ گوناحێكیان كردبێت. ڕاپرسی بە تەواوەتی بەرجەستەی ویستی میللەتێكە و ئەگەر بەهێز دەرخرا، ئەوە دەبێتە هەنگاوێكی زۆر گرنگ بۆ تێكشكاندنی ئابڵۆقەی جیوستراتیژی بۆ سەر كورد، چونكە ئەو كات كورد ڕای خۆی دەخاتەڕوو، بەبێ ئەوەی دوژمنی گەلی كورد بتوانێت سزای ئەو ڕایە بدات. كورد ئەو كاتە ڕای خۆی دەدات و هەموو جیهان دەزانن كە كورد ئەیەوێ سەربەخۆ بێت و مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بەدەست خۆی بێت، ئەمەش شەرعییەتی دەسەڵاتی عێراقی لەسەر كوردستان كۆتایی پێدەهێنێت. ریفراندۆم ڕای میللەتە لەسەر پرسە نیشتمانییەكان، بەتایبەت سەربەخۆیی كە داهاتووی ئەم میللەتە دیاری دەكات. ئەمە پەیوەندیدار نییە بە پرسی ڕۆژانە و ناكرێت وابەستە بكرێت بە گرفتی ژیانی ڕۆژانە، ئەگەر هەر لایەنێكیش ئەم دوو پرسە بە یەكەوە ببەستێتەوە، ئەوە گەورەترین خیانەت دەكات بە پرسی نیشتمانیی كوردستان. دەبێ هەموو كەسێك ئەو ڕاستییە بزانێت كە سەربەخۆیی مافی كوردە و هەر دەبێ بە ریفراندۆم، یان بە بێ ریفراندۆم، بە دەستی بهێنێت، هەتاوەكو سەربەخۆش نەبین ئەوا كێشە سەرەكییەكانمان چارەسەر نابێت.

---

*** مامۆستا لە زانكۆی سلێمانی بەشی زانستە ڕامیارییەكان**

**لەبەر ئەوەی میللەت خاوەن شەرعییەتی فەرمانڕەواییە، بۆیە دەبێ هەمیشە ڕاپرسی بە میللەت بكرێت بۆ یەكلاكردنەوەی پرسەكان و وەرگرتنی بڕیاری یەكلاكەرەوە بۆ هەر پرسێك بێت**

**لە ساڵی ١٩٧٠ بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی دانی بە مافی چارەی خۆنووسیندا داوە، لە ساڵی ٢٠١٠ەش دادگای دادی نێودەوڵەتی بڕیاری شەرعییەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی بۆ میللەتان ڕاگەیاند و پێشیانوایە كە ئەو ڕاگەیاندنە دژی یاسای نێودەوڵەتی نییە**

**هەرچەندە بنەمای دیموكراسی گشتییە و بنەمای لیبراڵی تاكگەراییە، بەڵام لیبراڵیزم توانی ئیشكالیەتەكانی دیموكراسی چارەسەر بكات ورێگر بێت لەبەردەم هەڕەشەكردنی دیموكراسی بۆ سەر ئازادی**

**مافی چارەی خۆنووسین مافێكی بنەڕەتی و سەرەكییە بۆ میللەتان، هەموو میللەتانی جیهان خەبات و تێكۆشانی خۆیان تەرخان كردووە بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆنووسین بە دەستی خۆیانەوە بێت و هیچ لایەنێكی دەرەكی نەتوانێت ئەو مافەیان لێ زەوت بكات**



بەدەل بەندی
فەرماندەی هێزی ۱ی لەشکری رۆژ بۆ گوڵان:

# لەشکری رۆژ لە سەر بنەمای فیکری نەتەوەیی دامەزراوە و بەمنزیکانە دەگەڕێینەوە رۆژئاوای کوردستان

# نەبەردی کچە پێشمەرگەکانمان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ بووەتە جێگەی سەرسامی ئێمە و هێزەکانی هاوپەیمانانیش

# دەبێت پەیەدە بزانێت مومکین نییە لەشکری رۆژ دەستبەرداری مافی گەلی رۆژئاوا بێت

**لەشکری رۆژ ئەو لەشکرەی پێشمەرگەی کوردستانە کە لە سەر بنەمای فیکری نەتەوەیی و بە بەشداری کچان و کوڕانی رۆژئاوای کوردستان بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە کوردانی رۆژئاوا دامەزراوە. گەرچی بەهۆی تاکڕەویی پەیەدە و بوونی هەواڵگری وڵاتانی ئیقلیمییەوە ئەو لەشکرە تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە رۆژئاوای کوردستان، بەڵام لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕن لە باشووری کوردستان و لەم پێناوەشدا شەهید و قوربانییان داوە. جەختیش لەوە دەکەنەوە کە هەر کاتێک سەرۆک بارزانی بڕیار بدات، لەشکرەکە ئامادەیە بگەڕێتەوە و لەو رۆژئاوای کوردستاندا بەرگری لەمافی گەلی کوردستان بکات. لەسەردانێکماندا بۆ سەربازگەی لەشکری ١ی رۆژ لە گوندی سەهلیجی نزیك بەنداوی موسڵ چاومان بە موسا موسا ناسراو بە بەدەل بەندی فەرماندەی هێزی ١ی لەشکری رۆژ و ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی کەوت و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردن کە لێرەدا پوختەی قسەکانیان بڵاودەکەینەوە.**

*** ئامانجی سەرەکیی سەرۆك بارزانی لەم قۆناخە هەستیارەی کورد پێیدا تێدەپەڕێت، ئەوەیە کورد بەهێز و یەکڕیز بێت، دیارە بۆ یەکڕیزی کوردانی رۆژئاواش هەوڵی زۆریان داوە، بۆ بەهێزی کوردیش لەو بەشەی کوردستان فەرمانیان داوە لەشکری رۆژ بۆ رۆژئاوا دابمەزرێت، ئایا تا چەند ئەم دووربینییەی سەرۆك بارزانی بۆتە ئومێد بۆ هەموو کوردستان؟**

- سەرۆك بارزانی نەك تەنیا لە باشووری کوردستان بەڵکو لە هەر چوارپارچەی کوردستان هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی لە پێناو یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە یەکپارچە و بگاتە کەناری ئارامی و سەربەخۆیی، هەروەکو چۆن خەباتی بارزانی باوك تەنیا لە باشووری کوردستان نەبووە، بەڵکو لەپێناو خەڵکی هەژار و ستەمدیدە و هەموو گەلی کوردستان بووە، ئەوەتا لەناو گێژاوی دروستکردنی ئەو ناکۆکی و کێشە دروستکراوانەدا کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان بوونیان هەیە، جەنابی سەرۆك بارزانی بەو پەڕی لەخۆبووردەیی و بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی گەلی کوردستان لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی بەردەوامە و توانیویەتی رێگا بگرێت لە لێکترازانی نێوان هێزەکان و دروستبوونی پەرتەوازەیی، ئەمەش هەمووی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەت و هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆیی و بەدیهێنانی ئازادی بۆ گەلی کوردستانە، هەروەکو چۆن پێشتریش بارزانی نەمر هەموو هەوڵ و شۆڕشەکانی لە پێناو یەکگرتوویی

**سەرۆک بارزانی هەرگیز جیاوازی نەکردووە لە نێوان پێشمەرگەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و رێزی لە شەهید و قوربانییەکانی هەموو لایەک گرتووە و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری و پاراستنیشیان دەربڕیوە**

**مەلا مستەفا بارزانی جیاوازی نەدەکرد لە نێوان پێشمەرگەی هیچ پارچەیەکی کوردستان و لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە ١٩٦٤ بەشدار بووە و هەمیشە یەکەم کەس بووە داوای یەکڕیزی و تەبایی کوردی کردووە، ئەمەشە وایکردووە لە هەموو جیهان کەسایەتییەکان بێنە کوردستان و سەردانی مەزاری نەمران بکەن**

**ئەگەر تا ئێستا نەچووینەتەوە بۆ رۆژئاوا لەبەر ئەوەیە سەرۆک بارزانی بە بەردەوامی پێمان دەڵێت نابێت خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت، بەڵام دەبێت پەیەدە بزانێت مومکین نییە لەشکری رۆژ دەستبەرداری کوردستانی رۆژئاوا بێت**

**چیاکان شاهیدی ئەوەن لە قۆناغەکانی پارتیزانیدا پێشمەرگە هیچ حیسابێکی بۆ ئەو سنوورانە نەکردووە کە سایکس پیکۆ لە نێوان هەر چوار پارچەی کوردستان دایڕشتووە**

و یەکخستنەوەی خاکی هەرچوار پارچەی کوردستان بووە و کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستانیش وەکو کەسایەتییەکی کاریزماو دڵسۆز سەیری دەکەن. سەرۆک بارزانی هەموو هەوڵە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی لە وڵاتانی دەرەوە لە پێناو میللەتی کورددایە بۆ ئەوەی ئەو هێز و وڵاتە پێشکەوتووانە بە چەك و تەقەمەنیی پێشکەوتوو هاوکاری زەمینی و هەوایی و یارمەتی هێزی پێشمەرگە بدەن، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بتوانێت بە کەمترین زیان رووبەڕووی ئەو هەموو دوژمنە ببێتەوە و پارێزگاری لە باشووری کوردستان و هەرچوار پارچەی کوردستان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەتا بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکات هەموو پارت و لایەنەکان لە پێناو پاراستنی گەلی کوردستان یەك بگرن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببێتە سوپایەکی بەهێز بۆ پاراستنی هەرچوار پارچەی کوردستان. سەرۆک بارزانی هەرگیز جیاوازی نەکردووە لە نێوان پێشمەرگەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و رێزی لە شەهید و قوربانییەکانی هەموو لایەك گرتووە و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری و پاراستنیشیان دەربڕیوە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەشکری رۆژ دامەزرا.

*** لەگەڵ ئەوەی لەشکری رۆژ لەشکرێکە هەر چوار پارچەی کوردستان بە وڵاتی خۆی دەزانێت و لە هەر شوێنێك کوردستان پێویستی بە بەرگری بێت، ئەم لەشکرە لە سنوورەکانی کوردستان ئامادە بووە و بەرگری لە خاکی کوردستان کردووە، ئایا لەو کاتەوەی ئەم لەشکرە دامەزراوە تاچەند ئامادەباشیتان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی دژی داعش لە هێڵی بەرگری باشووری کوردستان هەبووە؟**

- هەر کاتێك جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیار بدات بۆ بەرگریکردن و پاراستنی گەلی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت لەشکرەکە ئامادەیە و دەستبەجێ کوڕان و کچانی لەشکری رۆژ بە مۆرکی نەتەوایەتی و نیشتمانییەوە بەرگری لە میللەتی مەزلومی کورد دەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین لەشکری رۆژ تەنیا ٣٠٠٠ پێشمەرگەی نییە بەڵکو لەشکرێکی ملیۆنییە و لەپێناو گەلی کورد و مرۆڤایەتی دژی تیرۆریستانی داعش وەستاون، لەشکری رۆژ بەسەرپەرشتی لیوا عەزیز وەیسی سەرپەرشتیاری گشتی هێزی زێرەڤانی و لیوا بەهجەت تەیمەز سەرپەرشتیاری هێزی ١ و ٢ی لەشکرەکە دامەزرا، ئامانجی دامەزراندنی ئەم هێزە تەنیا بۆ پاراستنی گەلی کورد لە رۆژئاوا نییە، بەڵکو بۆ پاراستن و بەرگریکردنە لە هەرچوار پارچەی کوردستان، ئەوەتا کوڕان و کچانی لەشکری رۆژ شانبەشانی برا پێشمەرگەکانیان لە باشووری کوردستان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕن، وەکو هێزی ١ی ئەم لەشکرە ناتوانم وەسفی ئازایەتی و گیانفیدایی پێشمەرگەکانی بکەم، لە زۆر سەنگەر و میحوەریش شەهیدمان داوە، لە سەنگەری وا کچانی لەشکری رۆژ رووبەڕووی داعش بوونەتەوە، مومکین نییە لەناو سوپایەکی دیکەدا بەرخودانی وا هەبێت. کچەکانی لەشکری رۆژ شانبەشانی برا پێشمەرگەکانیان لە شەڕی دەستەویەخە و بە نارنجۆك داعشەکانیان کوشتووە و لاشەکانیان لەناو ساترەکان بەجێماون. ئەم بەرخودان و بەرگرییە لەهەر چوار پارچەی کوردستان دەنگی داوەتەوە کە چۆن پێشمەرگەکانی کوردستان بە فیکری بارزانی نەمر لە دژی دڕندەترین دوژمن لە باشووری کوردستان دەجەنگن و لە پارچەکانی تری کوردستانیش ئەو ئامادەییان تێدایە و شەڕی پاراستنی کۆبانێ جوانترین بەڵگەیە بۆ راستیی قسەکانم.

*** وەك باستان کرد لە ناو ریزەکانی ئەم لەشکرە کچانی کوردستان هاوشانی براکانیان چەکی شەرەف و مەردایەتی پێشمەرگایەتیان کردۆتە شانیان و ئامادەن لە پێناوی بەرگریکردن لە کوردستان خوێنی خۆیان ببەخشن. ئایا لەسەر چ بنەمایەکی نەتەوەیی ئەم لەشکرە پەروەردە کراوە و ئایا تاچەند کچانی کوردستان لە ناو لەشکری پێشمەرگەدا جێگەی خۆیان کردۆتەوە؟**

- کچانی پێشمەرگەی لەشکری رۆژ شانبەشانی براکانیان لە دژی داعش و هەر دوژمنێکی تر بێت دەجەنگن، ئەمەش درێژەپێدەری ئەو خەبات و بەرخودانەیە کە گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە قۆناغە جیاجیاکاندا ئەنجامی داوە. رۆڵی ئافرەت و کچانی کورد لە خەبات و شۆڕشەکانی کوردستان دیار و لەبەرچاوە وەکو مارگرێت و لەیلا قاسم و دایکە حەلیمە و چەندین دایك و خوشکی دیکە لە هەرچوار پارچەی کوردستان، لەسەرجەم شۆڕشەکانی کوردستان ئافرەتی کورد خوشك و دایك و هاوسەری شەهید بووە و قوربانییەکی گەورەی بەخشیوەتە کوردستان، ئافرەتی کورد گەیشتۆتە قەناعەتێك کە پێویستە

بە شێوەیەکی راستەوخۆ بوونی هەبێت لە شەڕی پاراستنی کوردستان و بەرگریکردن لە کوردستان، ئەوەتا ئێمە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ و لە تەواوی میحوەرەکان ئامادەییمان هەبووە، بۆ نموونە کچانی لەشکری رۆژ کە لەم دواییەدا مەفرەزەیەکیان لە میحوەری خازر لەگەڵ ئێمەدا بوو، یەکەم هێرشی داعش بۆ سەر لەشکری ١ی رۆژ بوو کە زۆر ئازایانە بە هاوشانی براپێشمەرگەکانیان رووبەڕووی هێزەکانی داعش و هەمەر و خۆکوژەکانیان بوونەوە و کچەکانمان لە نێوان دوو برای پێشمەرگەدا شەڕیان دەکرد و هاواریان دەکرد و دەیانگوت: کوشتن و مردن بۆ داعشەکان و ئازادی بۆ کوردستان، هەر بۆیە سەری ئێمە زۆر بەرزە کە کورد خاوەنی کچانی پێشمەرگەی وا ئازان و لە ریزی بەرگری سەنگەرەکاندا راوەستاون و لوولەی تفەنگیان رووبەڕووی سینگی دوژمن کردۆتەوە، هەست و بیری کچانمان لەناو سەنگەرەکانی بەرگری وایە کە لە نێوان دوو پیاودایە، یەکێکیان باوکێتی و ئەوی تریان برایەتی، لەلای ئێمەش کچانی پێشمەرگە خوشك و دایکی ئێمەن، هەربۆیە نەبەردی ئەوان نەك تەنیا بووەتە هۆی سەرسامیی سوپا پێشکەوتووەکانی هاوپەیمانان، بەڵکو بووەتە جێگای سەرسامیی ئێمەش، چونکە ئەوان تەنانەت تۆڵەی خوشکەکانیان لە ناو کوردی ئێزیدیش لە داعشەکان دەکەنەوە، ئەوان پەروەردە کراون بە فکری بارزانی کە خەبات دەکات لە پێناو سەربەخۆیی گەلی کوردستان و بەدەستهێنانی ئازادی دەکەن، با تێڕوانین و بۆچوونی سیاسی حزبەکان جیاواز بێت، بەڵام لە چواردەوری بارزانی کۆدەبینەوە و یەك ئامانجمان هەیە ئەویش رزگارکردنی خاکی کوردستانە،

*** لە ئێستادا رۆژئاوای کوردستان لە شەڕێکی گەورەدایە، دیارە پێشمەرگەی ئەم لەشکرەش لە لاوانی رۆژئاوا پێکهاتووە، ئێمە ئەوە دەزانین کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە بۆ رۆژئاوا، بەڵام لە ئێستادا بوونی ئێوە لە رۆژئاوا بۆتە پێویستییەك بۆ ئەم قۆناخە، ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە پەیەدە تاکڕەوە یان خۆتان نەتانویستووە بگەڕێنەوە بۆ رۆژئاوا بۆ ئەوەی بەرگری لە کوردستانی رۆژئاوا بکەن؟**

- کاتێك جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمانی دا بە درووستکردنی لەشکری رۆژ بۆ بەرگریکردن بوو لە خاکی رۆژ ئاوای کوردستان، بەداخەوە کە ناکۆکی و جیاوازییەکی زۆر لەوێ هەیە پەیەدە و پەکەکە



**لەناو گێژاوی دروستکردنی ئەو ناکۆکی و کێشە دروستکراوانەدا کە ئەمرۆ لە باشووری کوردستان بوونیان هەیە، جەنابی سەرۆک بارزانی بەو پەڕی لەخۆبووردەیی و بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی گەلی کوردستان لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی بەردەوامە**




## شەڕڤان دێرک:

# لە بری ئەوەی شەڕڤان و پێشمەرگەی ڕۆژئاوا یەکبگرن، بەداخەوە پەیەدە کوڕ و کچی کورد بۆ ئازادکردنی ڕەقە و ئیعزاز و ناوچە عەرەبنشینەکان بەکوشت دەدات

**پەیەدە و پەکەکە تاکڕەویی و ئایدیۆلۆژیەتی دوور لە بیری نەتەوەیی لە ڕۆژئاوای کوردستان پیادە دەکەن، لە هەولێریش لەگەڵ ئەو هێزانە چەندین گفتوگۆ ئەنجام درا بۆ ئەوەی لەشکرەکە بچێتەوە ڕۆژئاوا و بەرگری لەخەڵکی مەزڵومی کوردی ڕۆژئاوا بکات، بەڵام تا ئەمرۆش لەچوونمان بۆ ڕۆژئاوا ڕێگری دەکەن**

تاکڕەویی و ئایدیۆلۆژیەتی دوور لە بیری نەتەوەیی لە ڕۆژئاوای کوردستان پیادە دەکەن، لە هەولێریش لەگەڵ ئەو هێزانە چەندین گفتوگۆمان ئەنجام دا بۆ ئەوەی لەشکرەکە بچێتەوە ڕۆژئاوا و بەرگری لەخەڵکی مەزڵومی کوردی ڕۆژئاوا بکات، بەڵام تا ئەمرۆش لەچوونمان بۆ ڕۆژئاوا ڕێگری دەکەن، ئاواتەخوازم زیاتر ڕێگری نەکەن و بیرێك لە خەبات و ماندووبوونی گەلی کورد بکەنەوە و چاو لە مێژووی خەباتی گەلی کورد بکەن، کە یەکێك لە هەرە نموونە جوان و بەرزەکان خەباتی مەلا مستەفا بارزانی بوو کە جیاوازی نەدەکرد لە نێوان پێشمەرگەی هیچ پارچەیەکی کوردستان لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە ١٩٦٤ بەشدار بووە و هەمیشە یەکەم کەس بووە داوای یەکڕیزی و تەبایی کوردی کردووە، ئەمەشە وایکردووە لە هەموو جیهان کەسایەتییەکان بێنە کوردستان و سەردانی مەزاری نەمران بکەن، چونکە ئەو بۆ ئازادی میللەتی کورد و هەموو مرۆڤایەتی خەباتی کرد، ئەمرۆ ئەوەی بارزانی نەمر بۆ ئێمەی پەروەردە کردووە، جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە بە هەمان شێوە کار بۆ یەکڕیزی و سەربەخۆیی کوردستان دەکات و هەوڵی زۆریشی داوە بۆ ئەوەی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا بگەنە یەك، گەڕانەوەی لەشکری ڕۆژیش بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا دوور نییە و لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا لە پێناو سەروەری نیشتمان و پاراستنی گەلی کورد، کوڕان و کچانی پێشمەرگە لە لەشکری ڕۆژ دەگەڕێنەوە کوردستانی ڕۆژئاوا، هەروەکو چۆن ئامادەین و لە ژێر فەرمانی سەرۆکەکەمانین بۆ چ پارچەیەکی کوردستان پێویست بکات، درێخی لە پاراستنی گەلەکەمان ناکەین. هەر وەکو چۆن چیاکان شاهیدی ئەوەن لە قۆناغەکانی پارتیزانیدا پێشمەرگە هیچ حیسابێکی بۆ ئەو سنوورانە نەکردووە کە سایکس پیکۆ لە

دوابەدوای ئەو دیمانەیە و هەر لەو سەردانەدا بۆ گوندی سەهلج چەند پرسیارێکمان ئاراستەی یەکێك لە ئەفسەرەکانی لەشکری رۆژ کرد. سەبارەت بەو تاکڕەویی و فیکرە شمولیەی دوور لە فیکری نەتەوەیی کورد کە لە رۆژئاوا بەسەر گەلی کورددا دەسەپێندرێت و چارەنووسی ئەو گەلە دەخاتە مەترسییەوە، شەرڤان دێرك ئەندامی هێزی ١ی لەشکری رۆژ بۆ گوڵان گوتی: «کاتێك راپەرینەکەی بەهاری عەرەبی لە ٢٠١١ لە ژمارەیەك وڵاتان سەریهەڵدا و لەناویاندا لە سووریاش گەلی کورد خاوەنی هیچ مافێکی هاووڵاتیبوون و ناسنامە نەبوو، تەنانەت نەیدەتوانی بە زمانی خۆیشی قسە بکات. رژێمی ئەسەد پێمانی دەوت بیانییەکانی حەسەکە و بیانییەکانی کۆبانێ، واتا بە بیانییەکان ناویان دەهێناین، تەنانەت هاووڵاتی عەرەبیش نەبووین، بۆیە هەر ئەو کاتە راپەڕین و داوای گەڕانەوەی ناسنامە نەتەوەییەکەمان کرد. بە واتایەکی دی کێشەی کوردان لە رۆژئاوا تەنیا ئازادی و دیموکراتی نەبوو، بەڵکو کێشەیەکی نەتەوەیی بوو، کێشەی نەتەوەیەك بوو کە بە ناسنامەی خۆی شاد نەبوو، هەر بۆیە ئەو کات دەبوو داوای مافی چارەی خۆنووسین و فیدراڵی بکرایە، نەك تەنیا بەڕێوەبردنی شارەوانی و فەرمانگەکان، یان هەواڵگری وڵاتانی ئیقلیمی نیاز و مەرامی خۆیان لە کوردستانی رۆژئاوا جێبەجێ بکەن. تۆ سەیر بکە لەکاتێکدا گەلی کورد لە رۆژئاوا خاوەنی ٧ هەزار شەهیدە تەنیا لە کۆبانێ ٥٠٠ هاووڵاتی سڤیل شەهید بوون، کەچی پەیەدە دەڵێن ئێمە سەربەخۆبوونمان ناوێت، لە بری ئەوەی شەرڤان و پێشمەرگەی رۆژئاوا یەکبگرن، ئەوان کوڕ و کچی کورد بۆ ئازادکردنی رەقە و ئیعزاز و ناوچە عەرەبنشینەکان بە کوشت دەدەن. ئەمە کارێکی هاودژە و لەگەڵ فکری کوردایەتی ناگونجێت، ٨٠٪ی گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە، ئەمە سەپاندنی ئەمری واقیعە بەسەر ئەو گەلە مەزلوومەوە.» گوتیشی: «ئەمڕۆ لەشکری رۆژ بەرگری لە باشووری کوردستان دەکات، بەرگری لە شارستانیەتێك دەکات کە رێز لە مرۆڤایەتی و پێکەوەژیانی نێوان هەموو نەتەوە و ئایینەکان دەگرێت، ئەو شارستانیەتەی کە داعش بە فیتی هەوڵگری وڵاتانی ئیقلیمی ویستی کچەکانی بڕفێنێت و کوڕەکانی بکوژێت، ئەوەی ئەمڕۆ توانی داعش بشکێنێت ئەو پێشمەرگانە بوون کە هەڵگری فیکری نەتەوەیین، ئەو فکرەی ٧٠ ساڵە هیچ دوژمنێك نەیتوانیوە لەناوی ببات، سەرۆك بارزانی لە ژێر هیچ فشارێکدا ئامادە نەبوو دەستبەرداری بێت، ئەم فیکرەیە تەنیا فیکرەیەکە کە میللەتی کورد دەگەیەنێتە سەربەخۆیی بەو فیکرە بووەتە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز و لە دوژمن ناترسێت و دڵنیایە لە سەرکەوتن، پەیەدە دەبێت بزانێت رێز لە ئیرادەی گەلی خۆی بگرێت و تاکڕەویی پیادە نەکات و فیشەك لە دژی برا پێشمەرگەکانی خۆی بەکار نەهێنێت و رێککەوتنی ژێربەژێر لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکاندا زیان بە خۆی و گەلی کورد دەگەیەنێت، پێویستە بۆ قۆناغی داهاتوو ناکۆکییە فکری و بەرژەوەندیە جیاوازەکان بخرێتە لاوە و لەسەر بنەمای بیری نەتەوەیی پێشوازی لە لەشکری رۆژ بکات.»

نێوان هەر چوار پارچەی کوردستان دایڕشتووە، سوپاس بۆ خوای مەزن و دلۆڤان هەروەکو چۆن پێشمەرگەکانی کوردستان لە کۆبانێ بەرگرییان لە گەلی رۆژئاوا کرد، بە چاوی خۆم بینیم کچان و کوڕانی پێشمەرگەی رۆژئاواش بەرگرییان لە کوردستانی باشوور کرد.

*** بۆ بەهێزکردنی ئەزموونی کورد لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهانیدا دیارە پێویستە رۆژئاوای کوردستانیش هاوشانی باشووری کوردستان ئەزموونی سیاسیی فرەلایەنە و دیموکراتی پیادە بکات و هەموو حزبە سیاسییەکان پێکەوە نموونەیەکی جوان پێشکەشی جیهان بکەن، بەڵام لە ئێستادا پەیەدە جۆرێك لە تاکڕەوی پیادە دەکات، ئایا بە رای ئێوە چۆن دەتوانرێت کارێك بکرێت، پەیەدە بگەیەندرێتە ئەو قەناعەتەی کە دەستبەرداری تاکڕەوی بێت؟**

- گەرچی کاری من زیاتر سەربازییە، نەك سیاسی، بەڵام وەکو هەموو کوردێك ئومێدەوارم حزبە سیاسییەکانی ئێمە بەتایبەتی پەیەدە لە رۆژئاوا داخوازی سەرۆك بارزانی قبووڵ بکەن و یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد بپارێزن، چونکە بارزانی خەمخۆری گەلی کوردستانە لە هەرچوار پارچەی کوردستان، ئەگەر تا ئێستا نەچووینەتەوە بۆ رۆژئاوا لە بەر ئەوەیە سەرۆك بارزانی بە بەردەوامی پێمان دەڵێت نابێت خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت، بەڵام دەبێت پەیەدە بزانێت مومکین نییە لەشکری رۆژ دەستبەرداری کوردستانی رۆژئاوا بێت، کچان و کوڕانی پێشمەرگەی لەشکری رۆژ دەستبەرداری مافی گەلی کوردستانی رۆژئاوا نابن، ئەو پارچەیەی کە نایەوێت جارێکی تر لە ژێر دەستی رژێمی بەشار ئەسەد بمێنێتەوە و هەواڵگری وڵاتانی ئیقلیمی نیاز و مەرامی خۆیانی تێدا جێبەجێ بکەن.

**هەر کاتێک جەنابی سەرۆک بارزانی بڕیار بدات بۆ بەرگریکردن و پاراستنی گەلی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت لەشکرەکە ئامادەیە و دەستبەجێ کوڕان و کچانی لەشکری رۆژ بە مۆرکی نەتەوایەتی و نیشتمانییەوە بەرگری لە میللەتی مەزڵومی کورد دەکەن**

# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ئێستا و ئایندەی عێراق

ژیانی سیاسیی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سوریا ئەوەیان سەلماند کە دووبارە پێویستە لە سەر بنەمایەکی راستەقینە سنوورەکان دابڕێژرێنەوە. نوێنەرایەتی سیاسیی پێکهاتەکان بەتایبەتی لە رووی نەتەوییەوە بەردەوام نەتەوەی باڵادەست هەموو شتێکی بۆ خۆی قۆرخ کردووە، بۆیە بەردەوام رووبەڕووی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بۆتەوە. ئەوەی پێشتر بە پیرۆز دەزانرا، باس لە یەکێتی خاك و نەتەوە کراوە، دەرچوو هەموو خەیاڵ پڵاو بوون، ئێستا کە لە عێراق بیری نەتەوەگەری باڵادەستی عەرەبی دەمێکە بۆتە ئەرشیف و لە مۆزەخانە دانراوە، بیری باڵادەست لەو عێراقە فشۆڵە بریتییە لە فکری شیعەگەری، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئەو فکرە لە خزمەت شۆڕشی ئێراندایە، یاخود دەیەوێ بۆ خۆی کار بکات؟

لە ڕاستیدا بە بوونی سنوورێکی دوور و درێژ لە نێوان عێراق و ئێراندا ئەستەمە عێراق بتوانێ لە هەیمەنەی ئێران دەربازی ببێت. رووداوەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس ئەوەیان سەلماند عێراق بەپیتترین خاکی بازنەی سیاسەتی ئێرانە لە ناوچەکە، لە بەر ئەوە نوێنەرایەتی شیعەمەزهەب کەوتوونەتە تەوەری سیاسەتی عێراق لە لەلایەك و هەنگاو بەرەو ناسنامەی خۆی لەلایەکی دیکە. پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە ئایا ئێران دەتوانێ ئەوەی لە عێراق نەیچاندووە، بیدوورێتەوە؟

عێراق لە ستراتیژیەتی ئێراندا بریتییە لە دەروازەی هەرە گرنگ و سەرەکی بۆ پەیامەکانی شۆڕشی ئێران، چونکە پردێکە لە رووی زەوییەوە بە سعودیای دەیبەستێتەوە، هەروەها هاوکاری سیاسی شیعەی دەسەڵاتداری سووریا و لوبنانی پێکردووە و دەتوانێ لە ڕێگای عێراقەوە چاودێری چالاکییەکانی شیعەکانی تەواوی دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی (فارس) بکا، هەروەها لە رێگای عێراقەوە بە سەر هەموو جیهانی عەرەبی کراوەتەوە و زیاتر تەنگ بە تورکیای هاوهەڵوێستی سعودیە هەڵدەچنێت.

چالاکییە سەربازی و سیاسییەکانی ئێران لە پێنج ساڵی رابردوودا هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوەیان سەلماند، سەلماندیشی کە ئێران لە دوو رووەوە کاری بۆ گەیاندنی پەیام و هەناردەکردنی شۆڕشەکەی کردووە و دەیکات. لە لەلایەکەوە هەموو شیعەمەزهەبەکانی لە نێو وڵاتە ئیسلامییەکان کردووتە قەڵغانی سیاسیی خۆی، لەلایەکی دیکەوە هاوکاری رەوتی ئیسلامی سوننەمەزهەبی ئۆپۆزسیۆنی کردووە، بەمەش سەرئێشەیەکی زۆری بۆ وڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەتی سعودیا دروست کردووە.

هەر چی لەبارەی پێوەندییەکانی عێراقەوە هەیە بە گۆڕینی نوێنەرایەتی بیری نەتەوەپەرستی بۆ شیعەمەزهەب، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیردرێ کە ڕۆژی بەیەکەوە لکاندنی بە زۆرەملێ لە عێراق بەسەرچووە، لە بەر ئەوەی بیری باڵادەستیی شیعەمەزهەب لە ماوەیەکی کەمدا شکستی خوارد، هەروەها نەك هەر نەیتوانی لەگەڵ هەر دوو پێکهاتەی کورد و سوننە هەڵبکا، بەڵکو لە نێوماڵی شیعەی عێراق لێکترازان دروست بوو، پێوەندییە دەرەکییەکانی عێراقیش لەسەر بنەمایەکی لەرزۆك دروست بووە، چونکە لە زۆر حاڵەتدا سیاسەتەکانی لە ژێر هەیمەنەی ئێرانی دراوسێی دەرناچێ و نەبۆتە خاوەن کەسایەتی خۆی لە جیاتی ئەوەی لە ناوچەکە باڵانسی سعودیا و ئێران رابگرێت، کەچی حەز و ویستی ئێرانی جێبەجێ کردووە.



ئاواز حەمید ئەفەندی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە راستیدا بە یەکەوە گرێدانی شیعەی عێراق و ئێران کارێکە خزمەت بە شیعەی عێراق ناکا، ئەوان ئێستاکە ئەگەر پێوەندی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی نەبوایە لە ناوچەکە، ئەوا سنووری نێوان عێراق و ئێرانیان بە یەکجاری هەڵدەگرت، بۆیە بە هەمان روانگەی پێشوو، روانگەی باڵادەستیی نەتەوەی عەرەب خۆیان لەسەر عێراق فەرزکردووە. لەسەر ئاستی ناوخۆشدا شیعە نەیتوانیوە پێکهاتەکە لە نێو عێراقدا کۆبکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە سوننەی عێراق پاڵپشتییان ناکەن؟ پێوەندییەکانی شیعە و کوردیش تا رِادەیەکی زۆر لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئێران دارێژراوە، لەبەر ئەوە دەوڵەتی عێراق تا ئێستا ناتوانێ گفتوگۆیەکی راستەقینە لەگەڵ کورد بکات.

هەرچی نوێنەرایەتی سوننەمەزهەبە پاش تێکشکانی ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی نەتەوەیی عەرەب، ئەویش پێداگری لە مەزهەبکاری کردووە، سوننەمەزهەبەکان بە هیچ شێوەیەك بە باڵادەستیی شیعەکان رِازی نین و دژی هەیمەنەی ئێرانن لە عێراق و ئێستاکە لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی سیاسی دوای ئەوەی بارودۆخیان کەوتە لێژی، دەتوانین بڵێین: بەشێکیان لە پاڵ شیعەکانی عێراق لە بەغدا خەریکی سیاسەتن و بەشەکەی دیکەیان لە هەرێمی کوردستان و دەرەوە لە جموجۆڵدان، هەرچی لایەنی توندرِەوی سوننەشە ئێستاکە بە جددی پاڵپشتی لە داعش دەکەن، ئەو دابەشبوونەی سوننەش لە ئەنجامدا زیانی بە نوێنەرایەتی سوننە گەیاندووە، بۆیە لە هەرسێ لایەندا شکستیان خواردووە.

هەرچی لەبارەی کوردەوەیە دوای رووخانی رِژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) و یەکخستنەوەی ماڵی کورد، نوێنەرایەتی کورد کارەکتەرێکی گرنگ بووە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و توانیویەتی پێوەندییەکانی لەگەڵ شیعەی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی هاوسەنگ بپارێزێ و شیعە نەتوانێ وەك جارانی نەتەوەپەرستی عەرەب براگەورەیی بکات، هەروەها توانیویەتی باوەش بۆ سوننەی میانرِەو بکاتەوە. لەسەر ئاستی ناوچەییشدا پێوەندییەکانی بە شێوەیەکی گونجاو پاراستووە و لەگەڵ ئێرانیش وەك دوو دراوسێی خاوەن بەرژەوەندی مامەڵەی کردووە، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیشدا پێوەندییەکانی پاراستووە و هەماهەنگی لەگەڵیان کردووە و لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان سنوورێکی زۆری لە باکووردا لەگەڵ تورکیا هەیە، بۆیە هەوڵی داوە بە هیچ شێوەیەك تورکیا نەورووژێنێ و وەك دوو دراوسێی خاوەن بەرەژەوەندی مامەڵەیان لەگەڵ یەك کردووە.

کورد توانیویەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا بپارێزێ و لە راستیدا ئەندازیاریی ئەو سیاسەتە حەکیمانەی هەرێمی کوردستانیش بە هۆی سەرۆك بارزانی-یەوە بووە.

ئەگەر چاو لە پەرەسەندنە سیاسییەکانی عێراق بکەین، دەزانین ئەو سیاسەتە حەکیمانەیە بەردەوام ئێمەی لە هەڵەکان پاراستووە. گۆرِانکاری بەرِێوەیە، بۆیە سیاسەتی میانرِەو، هەنگاوی حەکیمانە لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە، چونکە هەموو چاودێران و سیاسەتمەداران ئەوە دەزانن عێراق وەك خۆی لێنایەتەوە، دیاریشە هەڵوێستی کورد لە سایەی سەرۆکدا پێشوەچوونی زۆری بەخۆیەوە دیوە، لەبەر ئەوە ئاسۆکانی کورد بەرەو قۆناغێکی گەشتر و رووناکتر هەنگاو دەنێ.



**تاکیس پاپاس، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری کۆمەڵناسی سیاسی لە زانکۆی یال بەدەستهێناوە. پێشتر لە چەندین زانکۆ پڕۆفیسۆر بووە لە بەشی زانستی سیاسی، لەوانە زانکۆی ئەسینا، هەروەها خاوەنی کتێبی «پۆپۆلیزم و قەیرانی سیاسی لە یۆنان»ـە و لە ئێستاشدا پڕۆفیسۆرە لە بەشی دیراساتی سلافی و بەلقان و ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی مەقدۆنیا. بۆ لێکدانەوەی چەند پرسێکی پەیوەست بە کەلتووری پۆپۆلیزم و کاریگەرییە سلبییەکانی، وەك لە ناوچوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام دا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

## تاکیس پاپاس تایبەتمەند لە پرسی وڵاتانی بەلکان بۆ گوڵان:

# پۆپۆلیستەکان بەڵێنی مەحاڵ بە خەڵک دەدەن و خۆیان لە بەرپرسیاریەتیش دەدزنەوە

*** ئەو دیاردەیەی لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای پاش کۆمۆنیستی، بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی پۆپۆلیزم دژی کەلتووری دیموکراسییە، بەڵام ئەوان لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەن ئامراز و کەرەستە و میکانیزمەکانی دیموکراسی بەکاربهێنن بۆ دژایەتیکردن، یان لاوازکردنی دیموکراسی، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە بە بۆچوونی ئێوە بوونی کەلتووری پۆپۆلیزم بە بەشێك لە ژینگەی دیموکراسی، تا چ ڕاددەیەك سەردەکێشێت بۆ پەککەوتنی دیموکراسی و کاریگەری سلبی لێدەکەوێتەوە؟**

- من لە کارەکانمدا پۆپۆلیزمم وەك «دژی لیبراڵیزمی دیموکراسی» پێناسە کردووە، واتا ئەم دیاردەیە وەك دژی لیبراڵیزمی سیاسی خراوەتەڕوو، بەڵام لە ڕووی هەڵبژاردنەوە دیموکراسییە. بۆ نموونە، ناتوانین بڵێین هیچ یەکێك لە پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئێستای ڤینزوێلا و هەنگاریا، یان یۆنان بە تەواوی پابەندن بە پرەنسیپەکانی لیبراڵیزم، بەڵام هیچ یەکێکیان هەڕەشە بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسی دروست ناکەن. سەرنج بدەن نموونەکانم لە بەشە جیاوازەکانی جیهانەوە هێنایەوە، لە ناویشیاندا ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و باشووری ئەوروپا. دووان لەمانە (ڤینزوێلا و یۆنان) لەلایەن پارتی پۆپۆلیستی چەپڕەوەوە حوکم دەکرێن، لە کاتێکدا هەنگاریا لەلایەن پارتی ڕاستڕەوی فیدێزەوە (Fi-desz) بەڕێوەدەبرێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە نەبوونی لیبراڵیزم و بازاڕی ئازاد کاریگەری خراپیان لێدەکەوێتەوە لەسەر دیموکراسی، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند بارودۆخێکی لەم شێوەیە دیموکراسی لە ناوەڕۆك و ماناکەی بەتاڵ دەکاتەوە؟**

- نزیکەی چارەکە سەدەیەك لەمەوپێش فۆکۆیاما پێشبینی «کۆتایی مێژوو»ی کرد، لەبەر ئەوەی وەك ئەوەی باوەڕی پێیەتی، دیموکراسی لیبراڵی سەرتاپای جیهانی داگیرکردووە. ئەمە دەرئەنجامێکی پێنەگەیشتوو بوو، بەڵگەش بۆ ئەوە لە ساڵانی نەوەدەکاندا، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی رووسیای پاش کۆمۆنیستی سیستەمێکی دەسەڵاتخوازی نارۆشنی هەڵبژارد کە هیچ لە لیبراڵیزمی رۆژئاوایی نەدەچوو، هەروەها بونیادی کۆنی سیاسی و پارتایەتی بە باشی کاری نەدەکرد و نەوەیەکی نوێی پۆپۆلیستەکان هاتنەئاراوە، هەروەها بە هۆی نارێکخراوی، یان سەربەستییەوە بێت، بازاڕەکان بە هەڕەشەی بەردەوامی قەیرانی ئابووری و داراییەوە گیریان خوارد. لە راستیدا لیبراڵیزم پاشەکشەی کرد و جێی سەرسوڕمانیش نییە کە پاش ئەمە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی دیکە لە ئەمڕۆدا پێشبینی کۆتایی لیبراڵیزم دەکەن.

*** ئەوەی بە گەوهەری سیستمی سیاسی لە قەڵەم دەدرێت، بریتییە لە بەشداری خەڵك لە دروستکردنی بڕیارەکاندا، بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت هەوڵی سەرکردە پۆپۆلیستەکانە کە دەیانەوێت چەمکی بەشداریکردن بگۆڕن بۆ ناڕەزایەتی، واتە لە بری کەشی ئارام و سەقامگیری دیموکراسی، ژینگەیەك بخوڵقێنن کە ناسەقامگیری باڵی بەسەردا بکێشێت و دامەزراوە دیموکراسییەکانیش دووچاری چەقبەستن بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەم دیاردەیە بە مەترسی و هەڕەشە دادەنرێت و ئاستەنگ بۆ بەشداری خەڵك لە دروستکردنی بڕیاردا دروست دەکات؟**

- بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر بەشداری هەیە لە دیموکراسیدا: یەکەم بەشداری ناڕاستەوخۆ لە رێی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکەوە، دووەم بەشداری راستەوخۆ لە پرۆسەی بڕیاردانداندا، سێیەمیش ناڕەزایی شەقام کە هەندێکجار ئاژاوە و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە. بێگومان دیموکراسی لیبراڵی نوێنەرایەتی، یەکەمیانی لا پەسەندە، لەکاتێکدا سەرکردە پۆپۆلیستەکان پاڵپشتی بەشداری راستەوخۆی خەڵك دەکەن. بەڵام زۆر جار رووددات کە بەشداری راستەوخۆ دەگۆڕێت بە خۆپیشاندانی جەماوەری سەرشەقام وەك ئەوەی لە رووداوەکانی مانگی دوانزدەی ٢٠٠٨ لە یۆنان روویدا کە بووە هۆی سووتاندنی ئەسینا.

*** یەکێك لە کاریگەرییە خراپ و مەترسیدارەکانی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە ناوچوونی متمانەیە لە نێو کۆمەڵگەدا، ئەو کاتە کەشێك دروست دەبێت کە خەڵکی بە بەدگومانییەوە لە پرۆسەی سیاسی دەڕوانن، کەواتە ئایا کاریگەرییەکانی دروستبوونی هەل و مەرجێکی پڕ لە بێ متمانەیی لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی چۆن دەکەوێتەوە؟**

- متمانە زۆر گرنگە لە وڵاتانی دیموکراسیدا، لە راستیدا نەبوونی متمانە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بواری کارگێڕی و دەبێتەهۆی درووستبوونی گەندەڵی و ئەوەی پێی دەڵێن «تراژیدیای خەڵکی». متمانە پشت دەبەستێت بە دامەزراوە چەسپاو و ناکەسی و هەمیشەییەکانەوە، ئەمەش بە پابەندبوون بە لیبراڵیزمی سیاسی و حوکمی یاسا و پاراستنی مافی کەمینەکانەوە بە باشترین شێوە دەستەبەردەکرێت.

*** ئەوەی شارەزایان هاوڕان لەسەری ئەوەیە کە پۆپۆلیستەکان تەنیا هانی خەڵك دەدەن کە خۆپیشاندان بکەن لە ئاست کەموکوڕی و گەندەڵیدا، بە بێ ئەوەی هیچ رێگاچارەیەکی گونجاو و دروست بخەنەڕوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن و پێتانوایە لەسەر کەمکردنەوەی ئەو کێشانە و نەهێشتنی گەندەڵی و کەموکوڕییەکان کاریگەری دەبێت؟**

- سەرکردە پۆپۆلیستەکان خۆیان وا دەردەخەن کە پلانێکی سیاسییان بۆ کۆمەڵگە پێیە، ئەمەش حوکمی خەڵکە لە دژی نوخبەکان، بەڵام هیچ پلانێکی ئابوورییان نیە کە ئامرازی دارایی و ئابووریان بۆ دەستەبەر بکات، کە بەبێ کێشە حوکم بکەن. بەتایبەتی ئەم کێشەیە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کاتێك پارتە پۆپۆلیستەکان دەسەڵات دەگرنەدەست، چونکە پاش ئەوە، نابەرپرسیار دەبن لەوەی کەپێشتر وتوویانە، ئەمەو سەرەڕای بەڵێنە مەحاڵەکانیان. لەم حاڵەتانەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خەڵك هێشتا هەر لەسەر شەقامن و داواکارییان لە دەسەڵاتدارە نوێیەکانیان هەیە، ئەو پۆپۆلیستانەی لە دەسەڵاتدان سێ بژاردەیان لە بەردەمدایە: یەکەم ئەگەر خەزێنەی دەوڵەت لە حاڵێکی باشدا بوو، ئەوا سیاسەتی واستەکاری بەکاردێنن بۆ بێدەنگکردنی ئۆپۆزسیۆن، دووەم ئەگەر ئابووری دەوڵەت لە حاڵێکی خراپدا بوو، ئەوا دەستدەکەن بە جێبەجێکردنی سیاسەتی سەرکوتکاری، سێیەمیش واز لە پۆپۆلیزم دەهێنن، کە بۆخۆی تەنیا بژاردەیەکی تیۆرییە.

*** ئەوەی سەرنج دەدرێت، دروستبوونی گەندەڵییە لە سیستمی ئەو وڵاتانەدا کە پۆپۆلیزم تیایاندا سەرهەڵدەدات، ئەمەش نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، کەواتە ئایا تا چەند دروستبوونی سەرکردە پۆپۆلیستەکان دەبێتە هۆکارێکی کاڵبوونەوەی سەروەری یاسا و نەمانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی؟**

- گەندەڵی پێوەندی بە لاوازی دامەزراوەکان و نەبوونی شەفافییەتەوە هەیە. پۆپۆلیزم تا ئەو رادەیە بەشدارە لەم دیاردەیەدا کە کردارەکانی لە خزمەتی دابەشبوونی روونی دەسەڵات و شەفافییەتی ئاسۆیی و حوکمی یاسا بۆ هەموو هاونیشتمانییان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەر بە «خەڵك» یان «نوخبە» بن، نەبێت. لە کۆتاییدا و لەبەر ئەوەی پۆپۆلیزم لە سەر بنەمای بیرۆکەی زۆرینە و وەلاخستن بنیادنراوە، ئەوا دەبێتە ستەمکارێکی زۆرینە بەسەر گروپە جیاوازە کەمینەکاندا (ئیتر نوخبە بن، یان نوخبە نەبن).

**لەبەر ئەوەی پۆپۆلیزم لە سەر بنەمای بیرۆکەی زۆرینە و وەلاخستن بنیادنراوە، ئەوا دەبێتە ستەمکارێکی زۆرینە بەسەر گروپە جیاوازە کەمینەکاندا، ئیتر نوخبە بن، یان نوخبە نەبن**

**سەرکردە پۆپۆلیستەکان خۆیان وا دەردەخەن کە پلانێکی سیاسییان بۆ کۆمەڵگە پێیە، ئەمەش حوکمی خەڵکە لە دژی نوخبەکان، بەڵام هیچ پلانێکی ئابوورییان نیە کە ئامرازی دارایی و ئابووریان بۆ دەستەبەر بکات، کە بەبێ کێشە حوکم بکەن**

**متمانە پشت دەبەستێت بە دامەزراوە چەسپاو و ناکەسی و هەمیشەییەکانەوە، ئەمەش بە پابەندبوون بە لیبراڵیزمی سیاسی و حوکمی یاسا و پاراستنی مافی کەمینەکانەوە بە باشترین شێوە دەستەبەردەکرێت**

### مارک جۆنز پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# پۆپۆلیستەکان ناڕەزایی خەڵک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکار دەهێنن و دواتر هەڵدەستن بە سەرکوتکردنی ئەو ناڕەزایەتییانە

**مارک جۆنز پرۆفیسۆری دیراساتی ئەمەریکای لاتینە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی رایز، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە کاریگەری یاساکانی هەڵبژاردن و دامەزراوە سیاسییەکانی دیکە لەسەر حوکمڕانی و نوێنەرایەتی و دەنگدەدان دەدات. بۆ قسەکردن لەسەر مەترسی پۆپۆلیزم لەسەر دامەزراوەکان و گۆڕینی هێزی بەشداری بۆ هێزی ناڕەزایەتی و کاریگەری لەسەر لاوازکردنی سیستمی دیموکراتی، لەوەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.**



دیاردەی پۆپۆلیزم لە ئەمریکای لاتین جۆرێکە لە کاردانەوە بۆ هەندێك لە شکستەکانی کۆدەنگیی واشینتۆن. واتە لەم رووەوە کاردانەوەیەك هەیە کە خۆی لە سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستەکاندا بەرجەستە دەکات، کە بە شێوەیەکی رێژەیی پاڵپشتییان بۆ لیبراڵ دیموکراسی سنووردار کرد. سەرکردە پۆپۆلیستەکان کاریان کرد بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بێت بگەنە دەسەڵات و ئەوەیان دروست کرد کە زۆرجار وەك رژێمی دەسەڵاتخوازیی رکابەر ئاماژەی پێدەدرێت کە تیایدا هێشتا هەڵبژاردن و دامەزراوەی دەستووری هەیە، بەڵام یاسا لاواز بووە و ساڵانە ئاستی دیموکراسی کەم دەبێتەوە. هەر بۆیە هیچ یەکێك لەو سیستەمانە سەرکەوتوو نین کە سەرکردە پۆپۆلیستەکان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. لە سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی ئیڤۆ مۆرالێس لە بۆلیڤیا و هەروەها هیگۆ چافێز لە ڤینزوێلا باشترکردنی پێوەرەکانی ژیانی چینی کرێکار و هەژار بوو بە شێوەیەك کە روویندابوو لە ژێر رژێمەکانی پێشوودا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات جەختیان زیاتر لەسەر دەسەڵات کردەوە و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی تەشریعی و قەزائییان لاوازکرد و کۆت و بەندەکانی سەر هەڵبژاردنەکانیان لابرد و خۆیان کردە دیکتاتۆری دیفاکتۆی هەڵبژێردراو.

پۆپۆلیستەکان پەنادەبەن بۆ ئەو پروپاگەندانەی کە خەڵك رازی دەکات بە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام دواتر خۆیان رێکدەخەن و ئامادە دەکەن بۆ باشترکردنی هەڵوێستەکانیان و بەدەستهێنانی پاڵپشتی، هەر کە پاڵپشتیشیان بەدەستهێنا، یاساکان بەکار دەهێنن بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. راشکاوانەتر هەر کە پۆپۆلیستەکان دەسەڵاتیان بەدەستهێنا، هەوڵدەدەن ناڕەزایەتییەکان بکەنە پرد بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. کاتێك لە دەرەوەی دەسەڵاتدان ناڕەزایییەکان ئامادەدەکەن، بەڵام کاتێك چوونە دەسەڵاتەوە، هەوڵدەدەن نارازاییە جەماوەرییەکان رێکبخەن و تەنیا لە دژی دوژمنان بەکاری دەهێنن و ئەو ناڕەزاییانەی لە دژی خۆیان بێت، سەرکوتی دەکەن. کەواتە ئامانجی سەرەکیی پۆپۆلیستەکان کۆکردنەوەی دەسەڵاتە لە دەستیاندا کە لاوازکردنی حوکمی یاسا دەکاتە کارێکی پێویست لە بەرئەوەی لە کۆتاییدا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیان لەسەر دەسەڵاتەکەیان ناوێت، وەك ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەسەڵاتی قەزایی سەربەخۆ دەیکات، بۆیە ئامانجی ئەو سەرکردانە ئەوەیە کە هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرۆکدا کۆبکەنەوە کە بە مانای لاوازکردنی سیستەمی قەزایی دێت و دەسەڵاتی قەزایی هەرچی سەرۆك بیەوێت دەیکات، باشترین نموونە کە هەمانە لێرە لە ئەمریکای لاتین ڤینزوێلا و بۆلیڤیا و نیکاراگوا و ئیکوادۆرە، بۆلیڤیا لەژێر دەستی ئیڤۆ مۆرالێس و ڤینزوێلا لەژێردەستی هیگۆ چافێز و نیکاراگوا لەژێردەستی دانیال ئۆرتێگا و ئیکوادۆر لە ژێر دەستی رافائیل کۆرێ کە دەسەڵات لە دەستی تەنیا کەسێکدا کۆبۆتەوە و ئەرکی فراوانی سیستەمی دیموکراسییان لاوازکردووە، هەرچەندە لە ڤێنزوێلا و نیکاراگوا توندترە لە ئیکوادۆر و بۆلیڤیا.»

# بۆشایی دەسەڵات لە عێراقدا بواری بۆ گەورەبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران ڕەخساند



**بەهمەن بن تالیبلو و کەریم سەجادپور**

ئێران لە هەر وڵاتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاراتر بووە لە پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵاتی ئیقلیمی. ئەو چوار وڵاتە عەرەبییەی کە تاران زۆرترین دەستڕۆیشتوویی هەیە تێیاندا- سووریا، عێراق، لوبنان و یەمەن- دووچاری شەڕی ناوخۆیی بوون و لەلایەن حکومەتگەلێکی مەرکەزی و لاواز و گرفتار بە دەستی شەڕەوە، بەڕێوەدەبردرێن. لە هەر یەکێك لەم سیاقانەدا و لە شوێنەکانی دیکەی ناوچەکەدا ئێران هەڵدەستێت بە بەرەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی لەم ڕێگایانەوە:

١. پێکهێنان و بەکارهێنانی کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان و گروپە میلیشیاکان.

٢. کەڵکوەرگرتنی خراپ لە ترس و نیگەرانییەکانی کەمینە ئایینییەکان، بەتایبەتی عەرەبە شیعەکان.

٣. خۆشکردنی ئاگری ڕق و قین لە دژی ئەمەریکا و ئیسرائیل.

٤. کاریگەربوون بە سەر هەڵبژاردنە جەماوەرییەکانەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بۆ هاوپەیمانەکانی دەستەبەر بکات.

زەقترین بەرجەستەبوونی ئەم داینامیکیەتە لە لوبناندا بەدی دەکرێت، کە بۆ ماوەیەکی زۆرە حزبوڵای شیعەی پاشکۆی ئێران ڕۆڵێکی لە قەوارەی خۆی گەورەتر دەبینێت لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵگەی لوبنان و لە هەمان کاتدا وەك چالاکترین هێزی سەربازی وڵاتەکە ماوەتەوە. لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، ئێران حزبوڵای بەکارهێناوە بۆ هەڕەشەکردن و بەرپەرچدانەوەی ئەمەریکا و ئیسرائیل، بەڵام بەم دواییە، حزبوڵا شەڕی لە پێناوی ڕژێمی ئەسەد – کە عەلەوییەکان حکومڕانن تێیدا- لە سووریادا کرد. لاوازی روو لە زیادی ئەسەد و حزبوڵا بۆتە هۆی ئەوەی پتر پشت بە هاوکاریی دارایی و پاراستنیان لەلایەن تارانەوە ببەستن، لە دەرئەنجامدا ئێران لە شامدا دەستڕۆیشتوویی و بارگرانییەکی بێ پێشینەی بەدەست هێناوە.

بە زۆری هەوڵی ئەمەریکا بۆ لاوازکردنی دەستڕۆیشتوویی ئیقلیمیی ئێران دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە. ئەگەرچی ئامانجی شەڕی ٢٠٠٣ بە سەرکردایەتی ئەمەریکا دژ بە سەدام حوسێن گواستنەوەی دیموکراسییە نوێیەکەی عێراق بوو بۆ تاران، بەڵام ئەو بۆشایی دەسەڵاتەی کە بە دوایدا هات، لە بری لاوازبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران بەهێزبونی تێڕوانینە ئایینییەکەی ئێرانی لێکەوتەوە لە بەغدا. ئەو سیاسییە شیعانەی عێراق کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکران، توانییان باڵادەست بن بە سەر سیاسییە لیبراڵییەکاندا لە هەڵبژاردنە جەماوەرییەکاندا، هەروەها ئەو میلیشیا شیعانەی لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکران، بەرەنگاری سوپای ئەمەریکا لە عێراق دەبوونەوە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەوەی تاران ببێتە بەتواناترین هێزی دەرەکی لە عێراقدا. تووڕەبوون و بە ڕادیکاڵیزەبوونی سوننەکانی عێراق و سەرهەڵدانی داعش (کە بە دەوڵەتی ئیسلامیش ناسراوە)، تەنیا بوونە هۆی ئەوەی نوخبەی حوکمڕانی شیعەی عێراق پتر پشت بە ئێران ببەستن.

سەرچاوە: Iran in the Middle East: leveraging chaos

# سامانی کانزایی لە هەرێمی کوردستاندا



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

## ● پوختەیەکی مێژوویی سامانە سرووشتییەکان لە جیهاندا

هەر لە دێرزەمانەوە پیشەی سەرەکیی ئادەمیزاد راو و گەڕان بووە بە دوای ئاودا، ئەو ئامرازانەی کە لە راویشدا بەکاریهێناون هەر لە سرووشتەوە وەریگرتوون، بە گوێرەی پێویستییەکانی رۆژانەی خۆی بووە، کۆنترینیشیان بەرد بووە، هەر بۆیە چاخی یەکەم بە چاخی بەردین ناوبراوە. ئەو چاخە نزیکەی ٧٠٠٠ ساڵ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا هەندێ کاڵا لە قوڕ بەرهەم هاتووە، بۆیە دەبینین چەندین کەلوپەل و قاپ و قاچاخی لە قووڕدروستکراو لە ژێر زەویدا دۆزراونەتەوە کە مێژووەکانیان بۆ هەزاران ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. دواتر قۆناخی دۆزینەوەی کانزای بەدوادا هات، ئەمەش یارمەتیی ئادەمیزادی دا کە پەرە بە کەلوپەل و دروستکردنی چەك بدات کە پێشتر لە چاخی بەردین بە شێوەی سادە و لە بەرد دروستکراو بەکاری دەهێنان. دیارە کانزای ئاسن یەکەمین کانزا بووە کە مرۆڤ پێی ئاشنا بووە، چونکە بە شێوەیەکی پاك و لە شێوەی نەیزەك لە ئاسمانەوە دەکەوتە خوارەوە، دواتر زۆر لە گەلانی کۆن و ئیمپراتۆرییەکان هەندێ کانزای خاویان بەکارهێنا، وەکو خاوی زێڕ و مس و بەردی جوانیی و رەنگکردن.

## ● سامانە سرووشتییەکان

سامانە سرووشتییەکان بریتییە لەو سەرچاوە و دیاردە سرووشتییانەی کە مرۆڤ دەستی تێیاندا نییە، بەڵام لە ژیانیدا پشتی پێیان دەبەستێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان و کاریگەریی بەسەریانەوە هەیە، ئەو سامانە سرووشتییانە بنەمای ماددی پرۆسە جیاجیاکانی بەرهەمهێنان پێکدەهێنن کە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی زۆر گرنگن، تەنانەت لەپێناو چاککردنی ئاستی دارایی و گوزەرانی مرۆڤ.

هەر لە کۆنەوە ئادەمیزاد بەتایبەتیش لە کوردستان کاری لە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە سرووشتییانەدا کردووە، وردەوردە بۆ دابینکردنی خۆراك و دروستکردنی خانووبەرەو پەرەپێدانی ژیانی سوودی لێ وەرگرتوون. ئەم بەکارهێنانە بە تێپەڕبوونی کات گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئەمڕۆ دەیبینین هەر لە تێکدان و بەهەدەردانی ئەو سەرچاوە سرووشتییانە تا دەگاتە پیسکردن و لەناوبردن.

## ● رۆڵی جیۆلۆجیا لە بواری بەکانزاکردندا

زەویناسی، یاخود جیۆلۆجیا توانیویەتی دۆخ و شوێنی بوونی ئەو کانزایانە دیاری بکات، بۆ ئەم مەبەستە چەندین بیردۆزی سەبارەت بە سەرهەڵدان و پەیدابوونیان و رێگاکانی دۆزینەوەو بەکارهێنانیان داناوە، ئەمەش بووە هۆی کارئاسانی بۆ دۆزینەوەی شوێنەکانی ئەو کانزایانە، هەر ئەمەش یارمەتیی مرۆڤی دا تا بتوانێت ئەوکاتە بەتایبەتیش لە سەردەمی ئیمپراتۆرییە کۆنەکاندا بە کانزای زیاتر ئاشنا بێت، وەك: (زێڕ،مس،نیکل و کرۆم،قورقوشم،فۆسفات، کانزاکانی تایبەت بە بیناسازی و بەردەکانی جوانی).

## ● پۆلێنکردنی سامانە سرووشتییەکان

بەشێوەیەکی گشتی سامانە سرووشتییەکان بۆ سێ گرووپی سەرەکی دابەش دەکرێن:

١. کەرەستەکانی وزە (ماددە پترۆڵییەکان، وەك پترۆلی شل و غازی سرووشتی) و کانزا رەقەکانی وزە (خەڵووز، کاربۆن، ماددە کاربۆنییەکان، ماددە زەیتییەکان، بیابانە چەو، یۆرانیۆم، سۆریۆم).

٢. کەرەستە کانزاییەکان: ئاسنینەکان وەك ( ئاسن، مەنگەنیز، تیتانیۆم، کرۆمیۆم، نیکل، کۆبالت...تاد)، نائاسنینەکان وەك: (مس، قورقوشم، زەنك، تۆتیا،

زرنیخ،..تاد)، کانزا گرانبەهاکان:( پلاتین، زێڕ، زیو).

٣. کەرەستە ناکانزاییەکان: وەکو( فۆسفات، گۆگرد، خوێ، پۆتاسیۆم، باریۆم، کوارتز، خۆڵ، بەردەکانی وەك( کرنیت، سەربنتین) و بەردە گرانبەهاکان( زومەرد، پیرۆزە. تاد)

## ● بەکارهێنانی کانزا خاوەکان لە کوردستان

مرۆڤی کۆن لە دێرزەمانەوە لە زۆر شوێنی کوردستاندا ژیاوە، بەتایبەتیش لە ئەشکەوتە سرووشتییەکانی وەك ئەشکەوتی شانەدەر و بێستون و هەزارمێرد، مرۆڤی ئەو کاتە ئاگری بۆ خۆگەرمکردنەوەو رووناکی و چێشت لێنان و خۆپاراستن لە ئاژەڵی دڕندە بەکارهێناوە، دواتر قۆناخی جێگیربوونی سەرەتایی بەدواداهات کە ئەو کاتە مرۆڤ هەر پشتی بە راو و کشتوکاڵی سەرەتایی و بەخێوکردنی ئاژەڵ دەبەست لە گوندی( چەرمۆ). رۆشنبیریی ئەو کاتەی مرۆڤ بریتی بوو لە شارەزایی وەرگرتن لە گۆڕانکارییەکانی سرووشت و سوودوەرگرتن لە دروستکردنی کەلوپەلی سەرەتایی ئاسان و پەرەپێدانی ئەو ئامرازانەی کە پێویستی پێیان بووە.

## ● گرنگترین کانەبەردە کۆنەکان لە کوردستان

شوێنەوارو کانەکانی سامانە سرووشتییەکان لە کوردستان بریتیین لە کانەبەردی دروستکردنی ئاشە ئاوییەکان (کانەبەردی گارە)، نەوتی خاو و قیر و خەڵووزی بەردین و خوێ، دەرهێنانی ئاسنەخاو لە چیاکانی کوردستان کە بە شێوەیەکی گشتی لە دروستکردنی ئامێرەکانی کشتوکاڵی و چەك بەکارهێنراون. پاشماوەی ئەو ئاسنەخاوانەو دۆزینەوەی ئامێرو کەرەستەکان کە لەو خاوانە دروستکراون لە چەندین شوێنەواری کوردستان بوونیان هەیە (تەل جۆمەل و قەزای شێخان) کە مێژووی هەندێکیان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، وێڕای هەندێ کانی بەردەهەسان لە (چیای زاوا)ی پارێزگای دهۆك بۆ دروستکردنی ئامراز و کەلوپەلی تیژ لە بەردەهەسان، هەروەها بۆ دروستکردنی پەیکەرو مۆرو شکاری جوانیی بەکارهێنراوە، زۆر لەو کەلوپەلە کۆنانەی کە لە بەردەهەسان دروستکراون، لە ئێستادا لە موزەخانە شوێنەوارییەکانی کوردستان دانراون، دەیان نموونەش هەن دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی سامانە سرووشتییەکان لە کوردستاندا کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە.

## ● قۆناخی داهاتووی بەکارهێنانی کانزاکان لە کوردستاندا

بەم دواییە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان داوەتنامەیەکی ئاراستەی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری بەکانزاکردن کردووە بۆ وەبەرهێنانی کانزاکان لە کوردستان، حەوت بلۆکی دۆزینەوەشیان بۆ دەستنیشان کراوە، تاکو گەڕان و کنەی بۆ بکەن و کانزا خاوەکان دەربهێنن وەکو (ئاسن، نیکل، مس، کرۆم، قورقوشم، زەنك، زیو و تاد)، ئەو حەوت بلۆکەش دەکەونە سەر سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران بە درێژایی زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمەتر.

دوو لەو بلۆکانە دەکەونە پارێزگای دهۆك کە بریتین لە بلۆکی زاخۆ و ئامێدی، دوو بلۆکی دیکەش لە هەولێرن و سێ بلۆکیش دەکەونە پارێزگای سلێمانی، زانیاریی گشتیش دەربارەی تایبەتمەندیی جیۆلۆجیی پەیوەست بە کانزاکانی هەر یەك لەو بلۆکانەش بڵاوکراونەتەوە.

دەستپێشخەرییەکەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هەنگاوێکی گرنگە لە بواری وەبەرهێنانی سەرچاوە کانزاییەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی ئابووریی هەرێم و رەنگدانەوەی ئەرێنییانە بۆ سەر گشت کایەکانی ژیان لە کوردستاندا.

## ● دیارترین پێوانەکانی پەرەپێدانی سەرچاوە کانزاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

١. پێویستە سەرچاوە سرووشتییەکان زۆر بە وریاییەوە ئیدارە بکرێن و رۆڵی حکومەتی هەرێمیش لەو بوارەدا دیاری بکرێت، وەك ئەو دروشمە ئەڵمانییەی کە دەڵێت: (لەسەر دەوڵەت پێویستە بەپێی توانا دەستێوەردان کەم بکاتەوە و بە پێی پێویستیش دەستێوەردان زیاد بکات)

٢. بتوانرێت هاوسەنگییەك لەنێوان هێزی سەرمایەو هێزی کار لە کوردستان بهێنرێتە ئاراوە.

٣. چۆنێتیی خۆپاراستن لە مەترسیی ئابووری لە بواری بەکانزاکردن، هەروەها بتوانرێت ئاشتیی کۆمەڵایەتی بهێنرێتەدی.

٤. بەڕێوەبردنی سەرچاوە کانزاییەکان بە شێوەیەك بێت کە سوودو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان مسۆگەر بکرێن.

## ● دیارترین پێوانەکانی نەخشەکێشانی سیاسەتی بەکانزاکردن

١. پرۆژەکانی بەکانزاکردن چەندین سەرکێشیی گەورەی دارایی لەگەڵدا دەبێت، هەر لە توێژینەوەی جیۆلۆجی تا دەگاتە دەرهێنانی کەرەستە خاوەکان کە بۆ قۆناخی دروستکردن و بەبازاڕکردن ئامادەدەکرێت.

٢. شارەزابوونی تەواوو چاك دەربارەی کەرەستە خاوەکان و سامانە کانزاییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، تاکو چاکترینیان هەڵبژێردرێت کە بەکەڵکی بەکارهێنانی ئابووری بێت بەپێی ئەولەویاتێکی دیاریکراو.

٣. بەکانزاکردن یەکێکە لەو پیشەسازییانەی کە ناتوانرێت لە هیچ سەرچاوەیەکی جیهانییەوە شارەزایی تەواوی دەربارە بگوازرێتەوە، چونکە هیچ هەلومەرجێکی

**بەم دواییە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان داوەتنامەیەکی ئاراستەی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری بەکانزاکردن کردووە بۆ وەبەرهێنانی کانزاکان لە کوردستان، حەوت بلۆکی دۆزینەوەشیان بۆ دەستنیشان کراوە تاکو گەڕان و کنەی بۆ بکەن و کانزا خاوەکان دەربهێنن**

**شوێنەوار و کانەکانی سامانە سرووشتییەکان لە کوردستان بریتیین لە کانەبەردی دروستکردنی ئاشە ئاوییەکان (کانەبەردی گارە)، نەوتە خاو و قیر و خەڵووزی بەردین و خوێ، دەرهێنانی ئاسنەخاو لە چیاکانی کوردستان کە بە شێوەیەکی گشتی لە دروستکردنی ئامێرەکانی کشتوکاڵی و چەک بەکارهێنراون**

**بەکانزاکردن یەکێکە لەو پیشەسازییانەی کە ناتوانرێت لە هیچ سەرچاوەیەکی جیهانییەوە شارەزایی تەواوی دەربارە بگوازرێتەوە، چونکە هیچ هەلومەرجێکی وەک یەک بوونی نییە، یان خەسڵەتە سرووشتی و کیمیایی و ژینگەییەکان لە هیچ ماددەیەکی خاودا وەکو یەک نین، هەر کانێک دۆخێکی تایبەت بە خۆی هەیە**

**تا ئێستا یاسای بەکانزاکردن و کانەکان یان یاسای کانزاکان بوونی نییە، تاکو بکرێتە بنەما لە دیاریکردنی چوارچێوەی کارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان لە بواری پشکنین و کنە و دۆزینەوە و دەرهێنان و پیشەسازیی کانزایی لە کوردستان**

**بە پەسند دەزانرێت کە گرنگیی بە سامانەکانی دیکەی سرووشتی بدرێت لە هەرێمی کوردستان (بەرد، خوێ) چونکە ئەمە لەگەڵ هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکدەگرێتەوە تایبەت بە هەمەجۆرکردنی سەرچاوە و رێژگەکانی ئابووریی هەرێم لە رێی بایەخدان بە پیشەسازی، لەوانەش سامانە سرووشتییەکان و کشتوکاڵ و گەشتوگوزارو توانای مرۆیی و بەرێوەبردنێکی دروست و ساغڵەم**

وەك یەك بوونی نییە، یان خەسڵەتە سرووشتی و کیمیایی و ژینگەییـەکان لـە هیـچ ماددەیەکـی خـاودا وەکو یەك نیـن، هـەر کانێـك دۆخێکـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، ئەمـەش پێویسـتیی بە پەرەپێدانی شـارەزایی خۆماڵی و سوودوەرگرتن هەیە لە پەرەپێدانی زانستی و پراکتیکی لە تەکنەلۆجیاو کەلوپەلەکانی بەکانزاکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ئەو ماددە خاوانە.

٤. بەکارهێنانـی رێکوپێکـی سـەرچاوە کانزاییـەکان و بەهەدەرنەدانیـان، لەگـەڵ هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی کاریگەریـی چالاکیـی بەکانزاکـردن بۆ سـەر پیسـبوونی ژینگە.

٥. روونکردنەوەی پەیوەندیی لەنێوان تێکڕایی گەشەی ئابـووری و بەدەگـی ئەو کانزا خاوانەی کە لە ئێسـتادا، هەروەها لە ئاییندەدا دەستەبەردەکرێن.

● **لەمپـەر و تەگەرەکانـی بەردەم پرۆژەی وەبەرهێنانی کانزاکان لە هەرێمی کوردستاندا**

هەنـدێ فاکتـەری سرووشـتی و یاسـایی و ئەمنـی و پراکتیکـی هـەن کـە پێویسـتە کار بـۆ چارەسـەرکردن و رەخسـاندنی زەمینـەی گونجـاو بکرێـت لـە هەمـوو بوارەکانی پەیوەسـت بـە دەرهێنانـی کانزاکان لەو حەوت بلۆکـەی دۆزینـەوەدا بـەر لـە واژۆکردنی گرێبەسـتەکان لەگـەڵ کۆمپانیـا بیانییـەکان (وەك دەسـتەبەرییەك لـە دووبارەنەبوونـەوەی هەنـدێ هەڵە لە بـواری نەوت و غاز و کاریگەرییـان بـۆ سـەر کایەکانـی ژیـان لـە هەرێمدا)، دیـارە گرێبەسـتەکانی نەوت لەگـەڵ کۆمپانیاکان بەر لە دامـەزراندنی دامـەزراوە دەسـتوورییەکانی بەرێوەبردنـی کەرتی نەوت واژۆکراون.

١. ئەو حەوت شوێنانەی دۆزینەوە دەکەونە سەر تەواوی سـنووری هەرێمـی کوردسـتان لەگەڵ هەر یەك لـە تورکیا ( ٣٧٧ کیلۆمەتر) و نزیکەی١٢٥ کیلۆمەتر لەگەڵ ئێراندا، ئەو ناوچەیەش لە رووی جیۆلۆجییەوە بەشـێکی سەرەکیی

پێکدەهێنێـت کـە بریتییـە لـە پێکهاتەیەکـی جیۆلۆجی و جیۆمۆرفۆجـی و بـەرزی و نزمیـی دژوار، هاوکات ئاوو هەوایەکی ساردی هەیە لە وەرزی زستاندا کە بە ئاسانی ناتوانرێت کاری تێدا بکرێت.

٢. زۆربـەی ئەو حەوت شـوێنانە خەڵکیـان تێدا ناژی بەهـۆی بارودۆخـی ئەمنـی( تۆپبارانـی گونـدەکان لەلایـەن هێزەکانـی ئێران و تورکیـاوە)، بەتایبەتیـش لـەم ماوەیەی دواییدا، کە لە ئێسـتادا نزیکەی ٦٥٠ گوند لە دانیشـتووانەکەیان چۆڵکـراون لەبەر نەبوونـی بنەماکانی نیشـتەجێبوون و گـوزەران و گواسـتنەوەو هاتوچـۆ و بەگشتیش هۆکارەکانی ژیانی گوندنشینان.

٣. تا ئێستا یاسای بەکانزاکردن و کانەکان یان یاسای کانـزاکان بوونـی نییە، تاکو بکرێتە بنەما لە دیاریکردنی چوارچێـوەی کارکردنـی کۆمپانیـا بیانییـەکان لە بواری پشـکنین و کنـە و دۆزینـەوە و دەرهێنـان و پیشـەسازیی کانزایی لە کوردسـتان. شـایانی باسـە وەزارەتی سـامانە سرووشـتییەکان بـەر لـە ٤ سـاڵ (پـرۆژەی یاسـای کانـزاکان)ی پێشـکەش پەرلەمانـی کوردسـتان کردبـوو، بەڵام رەزامەندیی لەسەر نەدرا.

٤. نەبوونی یاسای کانزاکان لە کوردستان لە رووی دەسـتوورییەوە دەبێتە تەگەرە لە بەردەم دامەزراندنی کۆمپانیای کوردسـتان بۆ کانزاکان کە راسـتەوخۆ لـە رووی دەسـتوورییەوە دەبێتـە بەرپـرس لـە پرۆسـەکانی چالاکیی بەکانزاکردن لە هەرێمی کوردستاندا، بە هەماهەنگی و کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لە بواری کەرتی بەکانزاکردندا.

٥. نەبوونـی زانیاریی وردی زانسـتی و



پراکتیکی دەربارەی جۆرو شوێن و سوودی ئابووری و قەبارەکانی یەدەگی کانزا خاوەکان، سەرەڕای کەمیی شارەزایی و نەبوونی پسپۆڕ لە بواری بەکانزاکردن لە کوردستاندا.

● **چارەسەرو پێشنیارەکان:**

١. دەرکردنی یاسای کانزاکان و دامەزراندنی (کۆمپانیای کوردستان بۆ کانزاکان) پێش هەر گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لە بواری وەبەرهێنانی کانزاکان لەو حەوت بلۆکەی کوردستاندا.

٢. پەسندکردنی کۆمپانیا ئێرانی و تورکییەکان کە لەم بوارەدا کاربکەن بە مەرجێك ئاسایش و سەقامگیریی بۆ ناوچەکانی سەر سنووری هەرێم لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا بگێڕنەوە، بەتایبەتیش لە چوارچێوەی سنووری ئەو حەوت بلۆکەدا.

٣. دامەزراندنی پەیمانگە، یان زانکۆی سامانە سرووشتییەکان لە کوردستان بە مەبەستی پێگەیاندنی سەرکردە و شارەزایان و فەراهەمکردنی زانیاریی زانستی و پراکتیکی لەسەر کانزاکان لە کوردستان و بەتایبەتیش هەر لەو حەوت شوێنەدا.

٤. بە پەسند دەزانرێت کە گرنگیی بە سامانەکانی دیکەی سرووشتی بدرێت لە هەرێمی کوردستان (بەرد، خوێ) چونکە ئەمە لەگەڵ هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکدەگرێتەوە تایبەت بە هەمەجۆرکردنی سەرچاوە و ڕێگەکانی ئابووریی هەرێم لەڕێی بایەخدان بە پیشەسازی، لەوانەش سامانە سرووشتییەکان و کشتوکاڵ و گەشتوگوزارو توانای مرۆیی و بەڕێوەبردنێکی دروست و ساغڵەم.

---

*** راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

